حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

بەشی زمانی کوردی

# سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

هێژا کمال محەمەد غولام

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە،

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پرۆفیسۆر د.فاروق عومەر سدیق

2716 کوردی — 2016 زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە وبەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ. د. فاروق عومەر سدیق

ڕۆژ: / / 2016

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / / 2016

ئێمــه ئەنــدامانی لیژنــەی گفتوگــۆ و هەڵســەنگاندن، ئــەم نامەیــەمان خوێنــدەوەو لەگــەڵ خوێندکارەکــەدا گفتوگۆمــان لــە بــارەی نــاوەڕۆك و لایەنــەکانی تــری کــرد و بڕیارمانــدا، کــە شــایانی ئەوەیــە بــە پلــەی (                    )، بڕوانامــەی ماســتەری لــە زمــانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.ی.د. مهاباد کامل عەبدوڵلا

ئەندام

ڕۆژ:

ناو: پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:

ناو: پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن

ئەندام

ڕۆژ:

ناو: پ.د. فاروق عومەر سدیق

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ:

لە لایەن کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو:

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ:

# پێشکەش

پێشکەشە بە:

- ❖ (باوکم)، ئەو پیاوەی کە ڕێنیشاندەری سەرکەوتنەکانمانە .
- ❖ (دایکم)، کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەری سەرکەوتنمانە.
- ❖ هاوسەری ئازیزم (ڕەوشت)، کە بەرگەی دووری و سەرقاڵیمی گرتووە.
- ❖ دوو جگەرگۆشەکەم (دییە) و (یاران).
- ❖ براکانم (هێما) و (هۆز) و (هۆکار).
- ❖ (پێشمەرگە)، کە لە سایەی قوربانیدانی ئەواندا، درێژەم بە خوێندندا.

# سوپاسنامە

سوپاس و پێزانینم بۆ:

❖ مامۆستاو سەرپەرشتی نامەکەم (پ. د. فاروق عومەر سدیق)، کە زۆر بە لێبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆی خۆی و بە ڕێنمایی و زانیاری فراوان، سەرەڕای وەرگێڕانی سەرچاوە ڕوسییەکان نامەکەی دەوڵەمەندکرد.

❖ زۆر بەڕێز (د. شیروان حسێن)، کە بە ڕێنمایی و پێداچوونەوەکانی نامەکەی دەوڵەمەندکرد و بە دڵێکی گەورەوە ، بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوە.

❖ کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی خانەقین و بەشی زمانی کوردی کە هاوکارم بوون لە دابینکردنی سەرچاوەدا.

❖ بەڕێز (پ.ی.د. دارا حمید)، کە بە سەرچاوەکانی، زیاتر کارەکەم دەوڵەمەندبوو.

❖ بەڕێز (م. قیس کمال) ، کە بە تێبینی و زانیارییەکانی قەرزاری کردم.

❖ سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانم، کە لە قۆناغی سەرەتایی تا ماستەر وانەیان پێ وتومەتەوە.

## 1/0  ناونیشانی نامەکە :

ناونیشـانی نامەکـە، ( سـەنگ و بـەهای بـیر لـە یـەکگرتنی نـاولێنراو بـە ناولێنـەرەوە لـە زمـانی کوردیـدا )یـە، توێژینەوەکـە هەوڵێکـە بـۆ خسـتنەڕووی پەیوەنـدی نێـوان بـیری تاکـەکان و شـتەکانی دەوروبـەر لـە چوارچـێوەی ناونـانی کەرەسـتەکان و گرنگـی بـیری مرۆڤـ بـۆ هەڵبژاردن و دروستکردنی وشەی گونجاو بۆ کەرەستە و داهێنراوی نوێ.

## 2 /0  هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

یـەکێك لـە گـرنگترین هۆکارەکـانی هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە، گرنگـی ناونانـە لـە بـواری زمانەوانیـدا ، کـە زۆرێـك لـە زانایـانی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵکردووە، هـەروەها بـە شـێوەیەکی سـەرەکی کـەمترین بـاس لـە سـەر بـیری مرۆڤـ و بایـەخی بـیری مرۆڤـ لـە ناونانـدا لـە چوارچـێوەی نامـەی ماسـتەر و دکتـۆرادا کـراوە، سـەرەڕای خسـتنە ڕووی شـێوازەکانی داڕشتنی ناوی نوێ و سود وەرگرتن لە کەرەستەی دیکەی زمان بۆ ناونان لە باسەکەدا.

## 3/0  کەرەستە و سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا :

بەگشـتی بـۆ نوسـینی نامەکـە سـوود ، لـە سەرچـاوە نوسـراوە کوردییـەکان وەرگـیراوە سـەرەڕای قسـەی ئاسـایی خـەڵك ، کـە ڕۆژانـە بـەکار دەهێنـرێن، ئەمـە جگـە لـە سەرچـاوەی عەرەبی و فارسی و ڕوسی و ئینگلیزی.

## 4/0  ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

نامەکـە بـەپێی ڕێبـازی وەسـفی شـیکاری ئامـادەکراوە، کـە لـە نـاوە کوردییـەکان و چـۆنیەتی دروست بوونیان لە زمانەکەدا دەکۆڵێتەوە.

## 5/0  گرفتی نامەکە :

هۆکـاری ڕاسـتەقینەی هەڵبـژاردنی ناوەکـان بـۆ ناوەرۆکـەکانیان و خسـتنەڕووی ڕۆڵـی بـیر لـە پرۆسـەی ناونانـدا ئـەو گرفتەیـە کـە توێژینەوەکـە هـەوڵی چارەسـەرکردن و یـەکلا کردنـەوەی دەدات .

## 6/0 گرنگی و بایەخی نامەکە :

ئـەم توێژینـەوەی هـەنگاوێکی سـەرەتاییە و یەکـەمجارە ڕۆڵـی بـیر لـە دروسـتکردنی وشـە دەچێتە چوارچێوەی نامەی ماستەرەوە لە زمانی کوردیدا.

## 7/0 ناوەرۆك وبەشەكانی نامەكە :

نامەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان لە سێ بەش پێكهاتووە:

**یەكەم بەش:**

ئەم بەشە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی بیر و زمان و ڕەنگدانەوەیان لە پرۆسەی ناونان لە زمانی كوردیدا)یە ، كە چەند بابەت و لایەنێك لەخۆ دەگرێت ، لەوانە ناساندنی زمان و بیركردنەوە و كاریگەری لەسەر ناونان و سەرنجی زمانەوانان لە سەر پەیوەندی نێوان زمان و بیر، سەرەڕای تێڕوانینی فەلسەفیانە لەسەر پەیوەندی نێوان وشە و شت و دیارترین تایبەتمەندییەكانی ناو لە زمانی كوردیدا.

**دووەم بەش:**

لە ژێر ناوی (پرۆسەی ناونان و پەیوەندی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی كوردیدا)، پرۆسەی ناونان و پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو بەپێی تیۆرییەكانی واتا ، لەم بەشەدا خراوەتە ڕوو، سەرەڕای تێڕوانینێكی نوێ لە سەر پرۆسەی ناونان، ئەمە جگە لە جۆرەكانی واتای ناو و گۆڕانی واتای ناو لە زمانی كوردی وپێویستی مرۆڤ بە ناو بە مەبەستی جیاكردنەوەی كەرەستە كۆنكرێت و دەربڕاوە ئەبستراكتەكانی ناو مێشكی مرۆڤ.

**سێیەم بەش:**

ئەم بەشە لە ژێر ناوی (ڕەنگدانەوەی كارتێكردنی بیر لە پرۆسەی ناونان بە وشە و ئەو پێكهاتنە زمانییانەی ، كە یەكسانن بە وشە)، بە شێوەیەكی پراكتیكی شێوازەكانی سازكردنی وشە و ناوی تازە لە زمانی كوردیدا ، بە یارمەتی پاشگر و پێشگر بۆ سەر كەرەستەكانی زمان و دوبارە بەكارهێنانەوەی كەرەستە كۆنەكان ، لە زماندا خراوەتە ڕوو، سەرەڕای گرنگی فرێز و ئیدیۆم و پەند لە ناوناندا.

## 1/1 ناساندنی زمان

زمان وەك كەرەستەیەكی گرنگی مرۆڤ ، خاوەنی پێگە و بەهای بەپێزی خۆیەتی كە یەكێكە لە دیارترین هۆكارەكانی جیاكردنەوەی مرۆڤ لە گیاندارانی تر، سەرەڕای گرنگیەكەی لە بواری پەیوەندی و گواستنەوەی بیر لە نێو كۆمەڵدا، هۆكارێكی سەرەكییە بۆ گواستنەوەی شارستانیەت لە نەوەیەك بۆ نەوەی دوای خۆی ، ئەمەش وای كردووە، كە جێگای بایەخی زمانەوانان بێت و چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ بكرێت، لەوانە:

((زمان پێڕەوێكی هێماییە و مرۆڤ بوونی خۆی تیا دەبینێتەوە و جیهانی دەوروبەری پێدەخۆێنێتەوە، كە تیایدا دەژی و تایبەتێتی گۆمەڵگاكەی لێ دیاریدەكات، بەمەش لە بونیادی كۆمەڵگاكەیدا بەشدار دەبێت و كۆمەڵگاكەشی لە بونیادی ئەودا بەشدار دەبێت))(١).

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ، كە زمان بە تەواوەتی جومگەكانی ژیانی مرۆڤ ڕێك دەخات و پێویستییەكانی بۆ بەدەست دەهێنێت، ((زمان بە تەواوەتی تایبەتە بە مرۆڤ، هۆیەكی ناغەریزەییە بۆ گەیاندنی بیرەكان و هەستەكان و خواستەكان، لە ڕێگای پێڕەوێكی هێماییەوە، كە بەدەسەڵاتی تاك بەرهەم دێت ))(٢).

مەبەست لە ناغەریزەیی ئەوەیە ، كە دەشێت مرۆڤ زمان بەكارنەهێنێت وتوانای ژیانیشی هەبێت، بەڵام زمان بۆ گەشەسەندنی مانەوەی شارستانێتی پێوستە، كاتێك دەڵێت بە دەسەڵاتی تاك بەرهەمەدێت، واتە كۆمەڵ و دەوروبەر بەشدارنین لە دروست بونیدا، ئەمەش ڕێك پێچەوانەی پێناسەی كۆمەڵناسەكانە، چونكە زمان بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان تاكەكاندا دروست بووە، ئەگەر تاك بە تەنها بێت پێوستیی بە زمان نابێت.

---

(1): خلیل احمد عمایره (2004: 313 )

(2): موفق الحمدانی ( 1982: 11 )

((زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندی بەستن ولە یەکتر گەیشتنی ئادەمێزادە، هیچ چالاکیەکی مرۆیی نییە، کە لە دەربرینی بیرو هەست ، هەست ونەست، پێشکەوتە گەشەکردنیدا زمان بەشداری تێدا نەبێت))[1].

لە سەر گرنگی زمان و پەیوەندی بە خودی مروڤ وتایبەتمەندی لە ژیانی تاکدا (Hall) دەڵێت: ((زمان فەرمانگەیەکە خۆی وبەڕێوەبردنی خۆی لە دەستی خۆیدایە لە ڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ یەکتردا و لەیەکدەگەن، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕەمزی دروستکراو و دەستوربەدەری زاری (بەدەم) وگوێی بە (بیستن) بە دەنگ ، تێکەڵ بەیەکتر دەبن وکار لە یەکتر دەکەن، لێرەوە قسەکەر (نێرەر) لەگەڵ گوێگر (وەرگر) دەگرێتەوە))[2].

کەوابێت زمانەوانان کۆکن لە سەر گرنگی زمان وەك کەرستەیەکی دەنگ ، بۆ مەبەستی پەیوەندی بەستن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، ((زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لە یەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی وتن، وبیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کار دەکات دەنگەکان ڕەمزن و واتا لە خۆوە وەردەگرن))[3]، کەواتە زمان وەك پێڕەوێکی دەنگی خاوەنی گرنگی خۆیەتی بۆ تاك تابتوانێت لە ناو کۆمەڵدا جێگای خۆی بکاتەوە و شارستانیەت بونیان بنێت و بۆ نەوەی دوای خۆی بیگوازێتەوە و گرنگی خۆی پێبدات وبەدواداچوونی لە سەربکات، ((بەو زانستەی لە زمان، پێکهاتەکانی زمانیش دەکۆڵێەوە دەوترێت (زانستی زمان)، ئەرکی ئەم زانستەش ڕەچاوکردنووردبوونەوەیە لە زمان لە ڕووی مامەڵەکردنیەوە ، کە چۆن دەتوانرێت زمان وەك هۆو ئامێری گفتوگۆکردن ولەیەکترگەیشتن بخرێتە کار، کە ئەم بەکارهێنانەی زمان دەتوانرێت بۆ دەڕبرینی مەبەستە شاراوەکان بەکاربهێنرێت))[4].

کەوابێت گرنگی زمان و بەردەوامی مرۆڤ بۆ برەودانی وای کردووە کە کاری زانستی لە سەر ئەنجام بدات و بەشێك لە کاتەکانی خۆی بۆ تەرخان بکات.

---

(1): ئەورەحمانی حاجی مارف ( 2002 : 3 )

(2): محەمەدی مەحوی ( 2001: 11 )

(3): محمد معروف فتاح ( 1990: 5 )

(4): محەمەدی مەحوی ( 2009:ب1: 22 )

## 2/1 بیر وبیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی لە ناوناندا:

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ئاشنابوونی بە دەوروبەری خۆی ، وەك غەریزەیەکی گرنگ لێکدانەوەی بۆ دەوروبەری خۆی کردووە و هەوڵی داوە وردە وردە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری ڕابێت، بە جۆرێك هەندێك جار وای پێویست کردووە ، کە لێکدانەوەی هەبێت بۆ دیاردەکانی دەوروبەری و هەوڵی جیاکردنەوەیان بدات ، لە یەکتری، ((بیر بەکارهێنانی مێشکە لە شتە زانراوەکان بۆ گەیشتن بەشتە نەزانراوەکان، بیرکردنەوەش بەکارهێنانی مێشکە بۆ لێکدانەوە وچارەسەرکردنی کێشەکان))[1].

لێرەدا دەردەکەوێت ، کە مرۆڤ بۆ چارەسەری گرفتەکانی و لە ناویاندا جیاکردنەوەی کەرەستەکان بیری کردۆتەوە، دیارترین هەنگاوی ئەم بوارەش ناونانی کەرەستەکانی دەوروبەریەتی هەنگاو بە هەنگاو بە مەبەستی چارەسەکردنی یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی ((لە فەرهەنگی (دریڤر)یشدا بیرکردنەوە بە زنجیرەیەکی بە دوایەکدا هاتووی بیرەکان هاتووە ، کە کێشەیەکی تایبەتی بۆتە هۆی ڕوودانی))[2].

((بیرکردنەوە دەتوانرێت وەکو چالاکییەکی مەعریفی سەیربکرێت ، کە ڕەمزەکان بەکاردەهێنێت لە جێی شتەکان و ڕووداوەکان))[3].

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە بیرکردنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکانی دەوروبەرمانەوە هەیە چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا ، کە کاریگەری هەیە یان هەبووە لە سەرمان هەروەك بیرکردنەوە ((بە چالاکییەکی زەینی مەعریفی هاتووە، کە فێربوو هەر ڕەمز و دەربڕاوەێکی هەبێت بەکاری دەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەوەی بیری لێدەکاتەوە))[4].

---

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 21 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 22 .

(3) یوسف قطامي ( 2002: 288 )

(4) سەرچاوەی پێشو: 291 .

لێـرەوە ئـەوە دەردەکـەوێت ، کـە مرۆڤــ وەك یـەکێك لـە گـرنگترین چـالاکیەکانی بـیر لـە دەوروبــەری دەکاتــەوە و بــەردەوام وەڵام بـۆ پرسـیارەکانی خـۆی دەسـت دەخـات، لـە دیــارترین پرســیارەکانیش ناونــانی کەرســتەکانە ئــەویش بەوشــە، (( بەشــداری کردنــی بەرچاو لە برۆسەی (ناونان)دا، یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی وشە))[1].

لـە بـواری دەروونناسیشـدا بیرکردنـەوە بـە واتـای گرنگرتـرین چـالاکی عـەقلی لای مرۆڤــ دێـت، ((بیرکردنـەوە ڕەنگدانـەوەی بەشـی و گشـتی واقیعـە لـە لایـەن مرۆڤـەوە، لـە پەیوەنییەکانیـدا کـە کاریگـەری دەرەکـی هەیـە لـە سـەر ئاسـتی زانیـاری بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر دروستبوونی وێنەی پڕاوپڕی لە هەستماندا ))[٢].

کاتێـك مرۆڤــ بیردەکاتــەوە بــۆ کــارکردن لەگــەڵ شــتەکانی دەوروبــەری خــۆی یــا خــود چارەســەری هەڵوێسـتێك ، کـە هاتۆتـە ڕێگـای، بـێ ئـەوەی جوڵەیـەکی دیـارو ئاشـکرا ئـەنجام بـدات، ئــەوە بیرکردنەویــە، بــەو واتایــەی کــە بیرکردنــەوە هەڵســوکەوتێکە، کــە بیرەکــان و هێماکــان بــۆ شــتە شــاراوەکان بــەکاردەهێنرێت، مرۆڤــ کاتێــك بیردەکاتــەوە کــە هەســت بــەبونی کێشــەیەك بکـات وئامـانجی لـەو بیرکردنەوەیـە دۆزینـەوەی چارەسـەری گونجـاوە بـۆ دۆخەکـە، هەوڵدانــە بــۆ گەیشــتن بەڕاســتی و دەوروبــەری ســەرەڕای تێگەیشــتن لــە سروشــت وهێــزو وزە و خێرایــی، کــە وابێــت مرۆڤــ لــە ئــەنجامی بیرکردنــەوەی ورد و قــوڵی خــۆی بەمەبەســتی چارەســەری گــرفتی تێکــەڵاوی کەرەســتەکانی دەوروبــەری یــاخود کەســەکانی چــواردەوری ناونــانی داهینــاوە، بــە واتایــەکی دیکــە ناونــان بەرهــەمی عــەقڵ و بیرکردنــەوەی وردی مرۆڤــە و ڕەگــی وشــەکان سەرچــاوەکانیان لــە سروشــت وڕاســتی وەرگــیراوە و عــەقڵ ڕۆڵــی گــەورەی تێـدا گێـڕاوە و ناونـانی کەرسـتەکان بـە هـیچ جۆرێـك لـە خـۆڕا نـەبووە و نابێـت، بـەردەوامیش لەگـەڵ داهێنانەکانـدا مرۆڤـ نـاوی نـوێ بـە بـیر و بیرکردنـەوەی نـوێ لـە کەرسـتە داهینراوە نوێکان دەنێت ، کە بەهەمان شێوە بەرهەمی میشك و لێکدانەوەی مرۆڤەکانە.

(1) فاروق عومەر سدیق ( 2013: 119 )

(2) ف.ف. بوغوسلوفسکی ( 1997 : 423 )

## 3/1 بیر و بۆچوونی زمانەوانان لە سەر پەیوەندی نێوان بیر و زمان

هـــەر لـــە کۆنـــەوە باســـی پەیوەنـــدی بـــیر و زمـــان کـــراوە و ســـەرنجی زمانـــەوانان وفەیلەســـوفانی بـــۆ لای خـــۆی ڕاکێشـــاوە، (ســـوقرات) کاتێـــك لەگـــەڵ (کـــراتیلیس) دا وتووێـــژ لـــەبارەی ناونـــانی شـــتەکان و کەســـەکانەوە دەکـــات دەڵێـــت ، کـــە نـــاو و شـــتەکان پەیوەندییـــەکی سروشـــتیان هەیـــە ونـــاتوانین بـــە ئـــارەزووی خۆمـــان نـــاوی شـــتێك یـــان کەســـێك بگـــۆڕین، هەرچـــەندە کۆمـــەڵێك ڕێـــك بکـــەون لـــە ســـەر گـــۆڕینی ئـــەو نـــاوەش، بـــەڵام نـــاتوانین وینەکـــە لەمێشـــکماندا بگـــۆڕین ، (کونـــدیاك) یـــش دەڵێـــت: نـــاتوانین شـــتیك بینینـــەوە میشـــکی خۆمـــان ئەگـــەر ئامـــاژە بـــە شـــتێك لامـــان نـــەکات، شـــتێکی مـــاددی بێـــت یـــان بەرجەســـتە، یـــان شـــتێك بـــە هەســـتمانەوە بەنـــد بێـــت وەکـــو هەســـتی برســـێتی، پێشـــی وایـــە بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە بنـــەمای زمـــان وبـــیر دەبێـــت بگەڕێینـــەوە بـــۆ ڕەســـەن و گەشـــەکردنیان بـــە پێـــی مێـــژوو، دەبێـــت بـــیرە ئالۆزەکـــانیش بگێڕینـــەوە بـــۆ ئـــەو بـــیرە ســـادانەی لێـــی دروســـت بـــوون، بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە بیرە ئالۆزەکە.

بـــە ناوبـــانگترین بەرهـــەمی کونـــدیاك ((وتارێـــك لـــە ســـەر بنچـــێنەی تێگەیشـــتن لای مرۆڤــ)(1746) بـــاس لـــە سروشـــتی زمـــان و ڕەســـەن و گەشـــەکردن و بـــەکارهێنانی دەکـــات لـــە بیرکردنـــەوە و پەیوەنـــدی لەگـــەڵ عەقڵـــدا، پێـــی وابـــووە کارەکـــان و ئەرکـــەکانی عـــەقڵ لـــە هەســـتەکانەوە وەردەگیرێـــن و لەبـــەکارهینانی زمانـــدا مرۆڤـــ دەتوانێـــت دەســـت بەســـەر کـــردە زەینیەکاندا بگرێت و تەنها لە ڕێی زمانەوە دەتوانیت بیرەکان شی بکاتەوە))(1).

کـــە وابێـــت ئـــەم زانایـــە زمـــان وگەشەســـەندنی زمـــان دەبەســـتێتەوە بـــە گەشـــەکردنی عـــەقڵی مرۆڤەکانـــەوە بـــە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ و گەشـــەی عـــەقڵی لای تـــاك بـــەگرنگ بـــۆ گەشەسەندنی زمان دەزانێت.

(هـــەمبۆڵت) یـــش پێـــی وابـــووە ، کـــە دەبێـــت تێڕوانینێکـــی هاوبـــەش بـــۆ زمانـــەکان بدۆزنـــەوە ، بـــەڵام جیاوازییـــان، جیـــاوازی بـــیر دروســـتی کـــردووە لـــەم بارەیـــەوە لـــە کتێبێکـــی خۆیـــدا لـــە ژێرناونیشـــانی (چـــەند بیروڕایـــەك دەربـــارەی زمـــان، هەمـــەڕەنگیی لـــە بنیـــاتی زمـــانی مرۆڤـــدا وکاریگەری لە سەر گەشەی زەمینی مرۆڤایەتی)

---

(1) رِوی هاریس ( 2004: 183- 185 )

دەڵێت: ((زمان دەتوانێت دەست بەسەر چالاکییە زەینیەکاندا بگرێت و هەر زمانە یارمەتی هەڵقولآنی بیر و شیکردنەوەیان دەدات، عەقڵ ناتوانێت شتەکان و تێگەیشتنەکان پێکەوە ببەستێتەوە و ئەزمونەکان بۆ یەکە بچوکەکانی تێگەیشتن شیبکاتەوە، بۆیە زمان پێویستە بۆ بیرکردنەوەی ڕاستەقینە وەك چۆن لە گەیاندنی بیردا پێویستە))[1].

هەر لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی مرۆڤایەتی (سۆسێر) دەڵێت: ((بیر بۆخۆی وەك هەورێك وایە کە شێوەیەکی دیاریکراوی نییە، شتێك نییە پێی بوترێت بیری پێشو و هیچ شتێك روون نیە تا نەخرێتە قاڵبێکی زمانییەوە))[2]

هەر لەم بارەیەوە پێی وابووە کە دەنگیش وەك بیر قاڵبێکی دیاریکراوی نییە، کە وا لە بیربکات لە گەڵیدا بگونجێت چۆن ناتوانیت دیوێکی کاغەزێك بدڕێنیت بێ ئەوەی دیوەکەی تریش بدڕیت، ئەوهاش ناتوانین دەنگ لە بیرو بیر لە دەنگ بکەینەوە، ئەگەر وامانکرد ئەوا دەچێتە زانستی دەروونییەوە، یان زانستی دەنگەوە نەك زانستی زمان، کە لە بە یەکگەیشتنی بیرو دەنگدا کاردەکات، پێی وایە کە زمانەکان ئەو ئامێرانەن ، کە بەهۆیانەوە مرۆڤەکان دەتوانن تێگەیشتنی لۆجیکیانەیان بۆ ئەو جیهانەی تیایدا دەژین دەست بکەوێت، هەروەها دیاردە هاوبەشەکانی زمانەکان ئاماژە بەوە ناکەن ، ئەو زمانانە ئەسڵیان یەك بێت وئەسڵێکی هاوبەشیان هەبێت بەڵکو ئەنجامی پەیوەندی نێوان ئەو گەلانەیە و ئەو پەیوەندییەش کاری کردۆتە سەر هەموو ئاستەکانی بونیادی زمان لە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا، لێرەدا لێکدانەوەی گشتی پەیوەندی نێوان بیرو زمان لای زماناسان بەم جۆرە ئاشکرا دەبێت وتا ئەمرۆش لە بەرچاو گیراوە.

(ئیدوارد ساپێر) لە کتێبی (Language) دا باس لە سروشتی کۆمەڵایەتی وشارستانی زمانی مرۆڤ دەکات وپێی وایە ، کە بەکارهێنانی قسە لە چەند کارێکی لەخۆوەی مێشك وکەناڵی دەنگە جەوهەری زمان لە دەست هۆشدایە ئاخاوتن چەند گۆڕانکارییەکی ئاڵۆزە و لە جوڵەی بەردەوامدایە، لە مێشك و ئەندامەکانی ئاخاوتن وبیستندا و ئەو ئیرادەیەش ئالی وجەستەیی نییە بەڵکو بەرهەمی شارستانی کۆمەڵە کە قسەکەرانی تیدا دەژێن.

---

(1) روی هاریس : 226 .

(2) سەرچاوەی پێشوو: 255 .

هـــەروەها دەڵێــت(( كــە زمــان هێزێكــی كۆمەڵایەتییــە و ڕۆڵــی گرنگــی لــەپێكهێنانی كەسـێتی تاكـدا هەیــە و بونیــادی زمــانی كەسـێك یارمــەتی شـێوەی بیركردنــەوەی دەدات، بۆیـــە ئـــەو شارســـتانیەتانەی لـــە زمانـــدا هاوبەشـــن لـــە شـــێوەی بیركردنەوەشـــیاندا هاوبەشن))(١).

لێرەوە ئـەوە دەردەكـەوێت ، كـە زمـان ڕاسـتەوخۆ ئـەركی دەربـڕینی بـیروڕای مێشـكی مرۆڤـە لــە ســەر شــتەكانی دەوروبــەری هــەروەك چــۆن (یاكوبســن) دەڵێــت: ((لــە ڕاســتیدا زمــان ئامێرێكە بەمەبەستی دەربڕینی بیر و باوەڕەكان ڕێكخراوە))(٢).

( ورف )یــش دەڵێــت وشــەیەكی وەك (Empty) لــە هەڵوێســتێكی دیــاریكراودا بــەرەو بیركردنەوەیــەكی نەشــیاومان دەبــات، واتــە زمــان دەســت بەســەر تێگەیشــتنی مرۆڤــ بــۆ واقیعــدا دەگرێــت، لــە پەیوەنــدی بــیرو زمانــدا (ورف) دەڵێــت: ((ئــەوەی پەیوەنــدی بــە جیاوازییەكانـەوە هەیـە لـە نێـوان زمانـە ئەوروپیەكانـدا وهەنـدێ لـە زمانـە ئەمریكییەكانـدا بـە تایبــەت زمــانی هــۆپی(Hopi) بیرێكــی گشــتیان لــە ســەر كــات نییــە، كــە بەســترابێت بــە ڕابــردووەوە یــان داهــاتووەوە، وشــەو دەربراویــان بــۆ كــات و یەكــەكانی نییــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر بــە ڕوونــی دەتــوانن بــاس لــە كــات بكــەن و وەســفی دیــاردە گەردوونییــەكان بكەن))(٣).

(ســاپیر پێــی وابــووە، كــەخراپ لــە پەیوەنــدی زمــان وئــەزموون تێگەیشــتوین ، ئەوانــەی پێیــان وایــە كــە زمــان ڕێكخراوەیەكــە لــە نمونــەی جۆراوجــۆری ئــەزموون، وانییــە بــەڵكو پێكهاتەیـــەكی ڕەمـــزی ســـەربەخۆیە و داهێنـــەرە، ئاســـت وســـنوری ئـــەزمونمان بـــۆ دیاریـدەكات، (ورف)یـش لـە سـەر ئـەم بۆچـۆنەی (سـاپیر) بـووە دەڵێـت: زمـان جۆرێـك لۆژیـك و چوارچـــێوەی گشـــتی ئامـــاژەپێكردن پێكـــدەهێنێ ســـیما بـــە هـــزری، قســـەپێكەرانی دەبەخشـێت لـە هـەر شـوێنێك زمـان وكلتـور پێكـەوە هەڵیانـدابێت، ئـەوا پەیوندییـەكی گـرنگ لە نێوان لایەنە گشتییەكانی ڕێزمان وتایبەتمەندییەكانی ئەو كلتورەدا هەیە)(٤).

---

(1) جۆن ای جۆزیف ( 2006: 26 )

(2) سەرچاوەی پیشوو: 38.

(3) سەرچاوەی پیشوو : 87 .

(4) یدالله موقن ( 2006 : 108 )

(ساپیر) پێی وایە کە ئەوەی لە بارەی ژینگەی سروشتیەوە ڕاستە لە بارەی ژینگەی کۆمەلآیەتیشەوە ڕاستە، بەواتای چۆن وەشەکانی زمانێك رەنگدانەوەی ژینگەی جوگراف وسروشتی دەوروبەری میللەتێکن، بەهەمان شێوەش ڕەنگدانەوە کلتوری ئەو میللەتەن، جیاوازی لە زمانەکاندا لە ڕووی وشەکانەوە بۆ جیاوازی ژینگەی قسەپێکەرانی ئەو زمانە دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە زمانەکانی ئەسکیمۆ وشەی جیاوازیان بۆ جۆرەکانی بەفر هەیە، بەلآم لە زمانە ئەوروپییەکان تەنها یەك وشە بۆ بەفر هەیە ولە زمانی ئازتیکدا تەنها یەك وشەیان بۆ سەرماو سەهۆڵ وبەفر هەیە، یان ئەو گەلانەی کە بیابانشینن دەتوانن بەوردی وەسفی تایبەتمەندییە جوگرافیەکانی بیابان بکەن، کە کەسێکی تر ناتوانێن بەم جۆرە وەسفی ئەکات.

هەر بۆیە کلتور لە ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە ((بەهەموو ئەو پلانانەوە دەگوترێت کە بەشێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە چ ژیرەکی، چ نائژیرەکی یا دژەژیرەکی وەك سەرمەشقی ڕێبەرکردنی ڕەوشتی خەڵك لە هەموو سەردەم و دەورانێکدا ئافرێنراون))(1).

واتە لێرەدا ئەوە بەڕوونی دیارە کە کۆمەڵ ڕاستەوخۆ لەژێر کارگەری کلتور دایە ، بە واتایەکی تر کلتور بە سەر شێوازی ڕەوشتانەی ناونان وقسەکردن ودەربرینەکاندا زاڵە و ڕێگە بە هەندێك ناونان ودەربڕینی ڕاستەوخۆ و هەندێکی دیکەی شاراوە دەدات.

مروڤ لەگەڵ گەورە بوونیدا لە ناو کۆمەڵ وسروشتی دەروبەریدا فێری ئەو کلتورەی خۆی دەبێت، لێرەوە فێری ڕێگەپێدان و ڕێگری لە هەندێ ناو و وشە و کەرەستە دەبێت، ئەو وشانەی کە چالاك نین یاخود لە کلتوری ناوچەیەکی دیاریکراودا ڕێگە پێدراو یاخود گرنگ نین زۆر ئەستەمە بە زیندووی بمێننەوەو پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، کەواتە دەتوانین بڵێین زمان ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵە و بۆخۆشی کاریگەری لە سەر کلتوری ئەو کۆمەڵە هەیە، کلتوریش کە ڕەنگدانەوەی هزری کۆمەڵە کاریگەریی لە سەر زمان هەیە.

---

(1) یدالله موقن : 111 .

## 4/1 دیارترین بۆچوونەکانی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان بیرو زمان

هــەر لەســەرەتای گەشەســەندنی بــیری مروڤــ و لێکدانــەوەکانی بــۆ دیــاردە زمــانیی و گرنگــی زمــان لــە ژیــانی مرۆڤــ و رەنگدانــەوەی لــە گەشــەکردنی هــزری مرۆڤــ و پەیوەنــدی بــیر بــە زمــان و بــە بێچــەوانەوە چــەندین لێکدانــەوە و ڕای جیــاواز لــەم بــوارەدا هاتنــە پێشــەوە کــە خاوەنی کاریگەری خۆیان بوون ئەوانیش:

**بۆ چوونی یەکەم:ـ**

ئــەم کۆمەڵەیــە بــە گشــتی لــە ژێــر دروشمــی (دابڕانــی ڕەهــا لــە نێــوان زمــان وبــیردا و نــەرێکردنی بــوونی کاریگــەری هــەر یــەکێکیان لــە ســەر ئــەوەی تریــان) دەســتیاندایە کارەکــانی خۆیــان ولــە دیــارترین ڕابــەرەکانی ئــەم کۆمەڵەیــە (رینیــە دیکــارت وهنــری برجســون)ی فەیلەسوفی فەرنسی بوون.

(دیکــارت) بناغــەی بــوونی زمــان لای مرۆڤــ دەگەڕێنیتــەوە بــۆ بــوونی بــیر لای مرۆڤــ بــەو واتایــەی کــە مرۆڤــ بیردەکاتــەوە بۆیــە زمــانی هەیــە و دەری دەبڕێــت، ئــاژەڵیش کــە زمــانی نییــە بــەواتای ئــەوەی بیرکردنــەوەی نییــە ، بۆیــە دیکــارت پێــی وایــە کــە زمــان هــیچ جــۆرە پەیوەندییەکی بەبیرەوە نییە وتەنها دەربڕیەتی.

(برجسـون)یش پێـی وایـە ، کـە زمـان توانـای بـە هێـزی لـە دەربـڕینی بـیردا نییـەو بگـرە لاوازە بۆنمونـە هەنـدێ جـار زمـان نـاتوانێ وەك پێویسـت بیرەکانمـان بگەیـەنێت، بـەم شـێوەیە ئـەم بۆچـوونە ((نـەهی لـە بـوونی پەیوەنـدی نێـوان زمـان و بـیرو دەکـات بـەهۆی جیاوازییـان لـە سروشـت وکـاردا بـەواتا زمـان کـار لـە بیرناکـات و لەلایـەن بیریشـەوە کـاری تێناکرێـت ، تـەنها هۆیەکە بۆدەربڕینی بیر وەکو قاپێك بۆ شلەکەی ناوی))[1].

بــەواتای ئــەوەی وشــەکانی زمــان و نــاوی کەرەســتەکان لای ئــەم کۆمەڵەیــە هــیچ جــۆرە لێکدانەوەیــەکی نــاوەکی هــەڵناگرن و تــەنها وشــەکان کاریــان دەربــڕینی بــیری مرۆڤەکانــەو لــە نـاخی خۆیانـدا ڕەنگدانـەوەی بـیری تێـدا نییـە، ئـەم بـۆ چـوونە زمـان دەکـات بـە دوو ئیلمێـنتی جیاوازەوە دەنگی وشەکان لە کاتی دەربڕیندا یان ڕەمز و وئیشارەتەکان

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 189 )

واتــاو بیرەکــەش کــە هــەلی گرتــووە ، بــە جیــا لێکدەداتــەوە بــەو واتایــەی کــە هەریەکــەیان خــاوەنی تایبەتمەنــدی جیــای خۆیــانن . زمــانیش لــە دەنگــەکان واتاکــان جیــاوازە، دەنــگ و وشــە و ڕەمزەکــان بەرجەســتەو هەســتپێکراون، بــەڵام واتــاو بیرەکــان یــان وێنــە زەینییــەکان ئەپســتراکتن . ڕســتەکان و وشــەکان ئەگــەر بــە تــەنها وەکــو هێمــا و دەنــگ تەماشــایان بکــەین لــە ڕاســتیدا بــەهای خۆیــان لــە دەســت دەدەن ، چــونکە لــە کــاتی دەربڕینــدا ســەرجەم وشــەکان بــەرەو شــتی نابەرجەســتە ڕامــان دەکێشــن ، کــە بونیــان نییــە یــان ڕەنگــە لــەو کاتــەدا بــونی ڕاســتەقینەی نــەبێت، بــەڵکو تــەنها لــە ڕێگــای ئــەو بــیرەی کــە هــەڵیانگرتووە ئێمــە بــەرەو شــتەکان ڕادەکێشــن، ((ئاخــاوتن بــە پەیوەنــدی بــیری نێــوان تاکــەکان دادەنرێــت، کەلــە ڕێیــەوە تاکــەکان بیریــان دەگۆڕنــەوە ، بــە جیاکردنــەوەی ئاخــاوتن بــۆ دەنــگ وبــیر، گرنگــی خــۆی لــە دەســت دەدات، چــونکە کــارە کۆمەڵایەتییەکــەی زمــان لــە کارە بیریەکەی دادەبڕێت))[1].

ئــەوەی لێــرەدا پێویســتە ئامــاژەی پێبــدەین ئەویــە ، کــە لێکۆڵــەر بــە جیاکردنــەوەی دەنــگ لــە واتا هەرگیز ناتوانی بگاتە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی مەبەست .

**بۆچوونی دووەم:-**

ئــەم کۆمەڵەیــەش تاڕادەیــەك هاوشــێوەی کۆمەڵــەی یەکــەم بڕوایــان وابــووە کــە ، زمــان ســەربەخۆیە لــە بــیر واتــە جۆرێــك ســەربەخۆیی هەیــە، ئەگــەر چــی پەیوەندییــەکی ئۆرگانیــان لــە گــەڵ یەکدا هەیــە وکاریگەریشــیان لــە ســەر یــەکتر هەیــە، هەریەکــە لــە (لــیڤ فیگوتســکی) و(جان پیاجە)ی ڕووسی وەك دوو دەروونناس نوێنەرایەتی ئەم کۆمەڵەیەیان کردووە.

(فیگوتســکی) زمــان و بــیر لــە بنەرەتــدا ، وەکــو دوو پێــڕەوەی ســەربەخۆ لــە یــەکتر دەبێنێــت لــە هــەمان کاتیشــدا پێــی وایــە کــە هــەردووکیان یەکــدەگرن وبــیری زمــانی دروســت دەکــەن، (ئەمــەش لای منــاڵ دەردەکــەوێت کاتێــك بەتەمــەنی دوو ســاڵی دەگــات، دەڵێــت کــە ســەرەتا ئاخــاوتن لای منــاڵ کۆمەڵایەتیــە و پاشــان دەبێــت بــە ئاخــاوتن دەربــارەی خــود دواتــر دەبێــت بــەئاخاوتنی نــاوەکی (بــەواتای بیرکردنــەوە) بۆیــە پێــی وایــە بیرکردنــەوە لــە ڕێــی وشــەکانەوە دەرنابڕێت ، بەڵکو لە ڕێی وەشەکانەوە دێتە بوونەوە)[2].

---

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 191 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 193 .

هـەروەها پێـی وابـووە ، کـە( لـە سـاڵەکانی سـەرەتای تەمـەنی منداڵیـدا تـا تەمـەنی حـەوت سـاڵ زمـان بەجێبـەجێکردنی ئـەرکی نـاوەکی ودەرەکـی هەڵدەسـتێت ، مەبەسـت لـە ئـەرکی نـاوەکی، بـیری ناوەکییـە و مەبەسـت لـە ئـەرکی دەرەکـیش گەیانـدنی بـیرە بـە کەسـانی دەوروبـەر، لـە دوای تەمـەنی حـەوت سـاڵییەوە ئینجـا منـداڵ فێردەبێـت ودەتوانێـت بـە شـێوەیەکی ڕووت زمـان بـەکاربهێنێ لـەو بۆنانـەدا کـە دەیـەوێت ئاخـاوتنی کۆمەڵایـەتی ئەنجام بدات، ئەرکە بیریەکەی زمانیش بیرکردنەوە دەبێت بە ئاخاوتنی ناوەکی)[1].

(پیاجـە)ش پێـی وابـووە ، کـە بـیر لای منـاڵ پـێش زمـان گەشـە دەکـات و لـە کـاتی تێکـەڵبوونی بەشـتەکان وخـەڵك لـە دەوروبـەردا، گەشـەی زمـان لای ئـەم پشـت بەگەشـەی بـیر دەبەسـتێت، ئـەم کۆمەڵەیـە زمـان وبـیر جیـاواز لـە یـەکتر دەبیـنن لـە سروشـت وئـەرك وگەشـەی میژووییانـدا بـەڵام دەزانـن ، کـە لـە هـەمان کاتـدا پێکـەوە بەسـتراون وناتوانرێـت لێـك جیابکرێنـەوە ودوو دیـوی هاوبـەش و تەواوکـەری یـەکترن لـە قاوغێکـدا، ئـەم کۆمەڵەیـە پیـان وابـووە ، کـە (بـیر) هـەڵگری ڕووداوەکـانی دەوروبـەرە بەهـەموو جۆرەکانیـەوە لـە شـێوەی وێنـەی زەینیـدا هـەڵیگرتوون واتـە بـیر بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەسـتراوە بـە دووبـەرەوە و ڕوداوەکـان تۆمـار دەکـات، لەگـەڵ ئـەو پەیوەندییـەی کـە بەشـێوەی ڕاسـتەقینە هەیـەتی لەگـەڵ شـتەکان یارمـەتی تێگەیشـتنی مرۆڤـەکان دەدات، لای ئـەم کۆمەڵەیـە زمـان بـەهۆکاری گواسـتنەوەیی لـە نێـوان خەڵکـدا نـاوی هـاتووە بـە تایبـەت لـە کـاتی قسـەکردندا بۆیـە زمـان بـە ناڕاسـتەوخۆیی بەدەوروبـەرەوە دەبەسـتنەوە ئـەویش بەیەك ڕێگا دەبێت ، کە بیرە.

کەوایـە لێـرەدا دەتـوانین بڵـێین ، کـە ئـەم کۆمەڵەیـە دان پەیەیوەنـدی نێـوان بـیر و زمـان و کاریگـەرییان لـە سـەر یـەکتری دەنـێن بـەڵام هـەر یەکـەیان بـە سـەربەخۆ تەماشـا دەکـەن و پێکـەوە لێیـان نـاڕوانن، هەربۆیـە لـەم کۆمەڵەشـدا سـەنگی بـیر وەك بەشـێکی سـەرەکی لـە بەهای وشە و دەربڕاوەکان نابینن و جیا لەیەکتر لێکدانەوەیان بۆ دەکەن.

**بۆچوونی سێیەم:-**

پەیڕەوکـەرانی ئـەم کۆمەڵەیـە جیـا لـە کۆمەڵـەکانی دیکـە ، بۆچـوونیان وابـوو کـە (هـیچ جیاوازییەك لە نیوان زمان وبیردا نییە، زمان وبیر یەك شتن ، زمان بیرە وبیریش زمان).

---

(1) جودیث غرین ( 1992: 125 )

(سۆسـێر) وای بینیـوە ، کـە بـیر بـەبێ وشـە هـیچ نرخێکـی نییـە، بـە واتایـەکی دیکـە دوو بـیر بـەبێ قـاڵبی زمـانی هـەرگیز لـە یـەکتری جیاناکرێنـەوە، جیاکردنـەوەی بـیر و زمـان وەك دوو دیــوی یــەك کاغــەز تەماشــا دەکــات ، کــە ئەگــەر دیــوێکی بــدرێت ، بێگومــان دیوەکـەی دیکەشـی دەدرێـت جێـی سـەرنجە کـە (سۆسـێر) بـە نوێنـەری ئـەم کۆمەڵەیـە تەماشا دەکرێت و یەکێك بووە لە پێڕەوکەرە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

لای ئـەم کۆمەڵەیـە و پێڕەوەکـەرانی بـیری مرۆڤــ ڕاسـتەوخۆ تێکـەڵی قـاڵبی زمـانی دەربـڕی بیرەکەیـە ، یـاخود قاڵبـە زمانییەکـە دەتوانێـت گوزارشـت لـە بیرەکـە بکـات ، کـە لـە ناخیـدا هەڵیگرتووە و دەری دەبڕێت.

لای (فـیج فیتجشـتاین) کـە یـەکێکی دیکەیـە لـە پێـڕەو کـەرانی ئـەم کۆمەڵەیـە ، زمـان بـیرە و بیریـش زمانـە بـەبێ زمـان بـیر نییـە و بـەبێ بیریـش زمـان نییـە زمـان هۆیـەکی هەسـت پێکـراوە لــە ڕێگایــەوە بیرەکانمــان دەردەبــڕین ، کەواتــە بــیر ڕســتەیەکە لــە زەینمانــدا لــە ڕێگــای زمانەوە دەردەبڕێت .

(میرلــو پــۆنتی) دەڵێــت : ((زمــان و بــیر یــەکێکن و دوو دیــوی شــتێکن، ئەمــەش بــەوەدا دەردەکــەوێت کــە کەســیك بیردەکاتــەوە بیرەکــانی نازانێــت تــا دەری نــەبرێت، ئــەم پرسیارەش جەخت لەسەر یەکێتی بیر وزمان دەکاتەوە))(1).

یـەکێك لـە ڕەخنـە دیارەکـان کـە لـەم کۆمەڵەیـە دەگیرێـت ، ئەوەیـە کـە زمـان بـە تاکـە ڕێگـای دەربـڕینی بـیر دەبـینێ کـە لەڕاسـتیدا ئـەم بۆچـوونە هەڵەیـە چـونکە دەکرێـت بـیر لـە ڕێگـای مۆســیقا و هونــەر و نوانــدن، چــەندین شــێوەی جووڵــەوە دەربڕێــت بــۆ نمونــە کەســانی نابیست و لاڵ دەتوانن وەك هەر کەسێکی ئاسایی بیر بکەنەوە و دەریشی بڕن.

هەریەکـە لـەو بۆچـوونانەی کـە خرانـە ڕوو بەشـێوەیەکی گشـتی ڕەنگدانـەوەی بـیری چـەندین نوسـەر و فەیلەسـوف و زمانـەوان بـوون وپێڕەوکـراون، سـەرەڕای بـوونی چـەندین ڕەخنـەش لـە سـەریان ، کـە هەنـدێکی کاریگـەری هەیـە لەسـەر نوسـەرانی ئـەمرۆی جیهـانیش و هـەر بـەم شـێوە بـرەو بـەکارەکانیان دەدەن ، لـە کتـێبی (زمـان وبـیر)دا بەهــەمان شـێوە پەیوەنـدی نێوان زمان وبیر خراوەتەڕوو و بۆ سێ تیۆری جیاکراوەتەوە(2).

---

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 202 )

(2) نوری جعفر ( 1971: 27 )

یەکـەم/ تیـۆری دابڕانـی ڕەهـا لـە نێـوان زمـان وبـیردا و نـەبوونی کاریگەرییـەکانی لـە سـەر یـەکتری ، کـەپێیان وایـە لەبـەر جیـاوازی سروشـت وئـەرکیان، زمـان و بـیر کـار لـە یـەکتری ناکەن.

دووەم/ تیـۆری توانـەوەی بـیر لـە زمانـدا، پێیـان وایـە کـە بـیر زمـانێکی بێدەنگـە وەکـو قسـەکردنی کەسـێك لەگـەڵ خویـدا، بـەواتای بـیر سـەربەخۆ نییـە و هـەروەها بـێ زمـانیش نییە.

سـێیەم/ تیـۆری سـەربەخۆیی بـیر لـە زمـان بەشـێوەیەکی ڕێـژەیی، لەگـەڵ پێکـەوە لکانـدن و کارکردنیـان لـە سـەریەکتر، پێیـان وایـە ، کـە زمـان وبـیر بـە شـێوەیەکی ئۆرگـانی پێکـەوە بەستراون و لە لایەنی سروشت و ئەرك و گەشەی میژووییەوە لەیەکتر جیاناکرێنەوە.

لێـرەدا ئـەوەی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـەخودی باسـەکەوە هـەبێت ، خسـتنەڕووی بۆچـوونی زانایانـە لـە سـەر پەیوەنـدی نێـوان بـیر و زمـان ، کـە هـەموو بیرێـك بـە زمـان دەتوانرێـت دەرببڕێـت بەشـێوەیەکی سـەرەکیش وشـە ڕۆڵـی گـرنگ دەگێرێـت ، کـە پرۆسـەی ناونـان بـۆ کەرەسـتەکانی دەوروبـەر جیبـەجێ دەکـات و ڕەنگدانـەوەی ئـەوبیر و کلتـورەی کۆمـەڵێش لـەناو ئـەو وشـەیەدا یـاخود قاڵبـە زمانیـەدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ڕەنـگ دەداتەوە ، چونکە کاریگەری کلتورو دەوروبەر لە سەر بیری مرۆڤ ئاشکرایە.

## 5/1 کاریگەرییە دیارەکانی بیرو زمان لەسەر یەکتر

(بنجـامین لـی ورف) دەڵێـت: ((زمـان ڕێگـەی بیرکردنـەوەمان پێکـدەهێنێت و سـنور دادەنێت، بۆ ئەوەی دەتوانین بیری لێبکەنیەوە))(1).

(ورف) پیـێ وابـووە ، کـە زمـان کاریگەرییـەکی گرنگـی لـە سـەر مرۆڤـ بـۆ جیهـانبینی هەیـەو تـەنها هۆیـەك نییـە لـە دەربـڕینی بـیر بـەکار بهێنرێـت، بـەڵکو زمـان سـنوری توانـای مرۆڤـ بـۆ قسـەکردن و بـیر کردنـەوەش دادەنێـت ، تیۆرییـە بەناوبانگەکـەی (سـاپیر و ورف) کـە بـە (گریمانـەی سـاپیر – ورف) ناسـراوە جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەکاتـەوە ، کـە وشـەوە دەربڕاوەکـان پەیوەندییـەکانییان بـۆ تێگەیشـتن لـە جیهـان بـە کـاردەهێنین و لەبنەڕەتـدا لـە زمانی دایکمانەوەیە.

---

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 239 )

بۆیــە ئەوانــەی بــە زمــانی جیــاواز ئاخــاوتن دەکــەن ، بەشــێوەی جیــاواز لــە جیهــان دەگــەن وتێگەیشــتنی جیاوازیشــیان بــۆ دەوروبــەر وسروشــت وجیهــان دەبێــت ، بۆیــە فێربــوونی زمــان بــۆ فێربــوونی بیرکردنەوەیــە، نــەك فێربــوونی قســەکردن، ئــەم لێکدانەوەیــە بــۆ پرۆســەی ناونــان ڕاســتە بــەو پێیــەی بیرکردنــەوەی ئــەقڵی مرۆڤــە جیــاوازە ، خــاوەن کلتــور وسروشــتە جیاوازەکــان پرۆســەی ناونــانی کەرەســتەکان بەشــێوە و ئاســتی بیرکردنــەوەی خــودی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

هــەر بۆیــە فێربــوونی ناوەکــان لــە میللەتانــەوە بــەواتای وەرگــرتنی بــیری جیــاوازە ســەرەڕای وەرگــرتنی عەقڵیــەتی میللــەتی ناولێنــەر ، چــونکە ((زمــان شــێوەیەکە لــە شــێوەکانی بــوونی هــزر وشــێوەیەکە بــۆ دەربــڕینی هــزر ، لــە هــەمان کاتیشــدا ڕۆڵێکــی کاریگــەر لــە پێکهێنــانی وشــیاری کۆمەڵایەتیــدا دەگێڕێــت، پێڕەوێــك لــە ئامــاژەو هێمــای ڕێکخــراوە، کــەهزر و بــیرو بــۆ جوونەکانی مرۆڤــ دەردەبڕێت))[(١)].

بــەواتا زمــان هۆیەکــە بــۆ دەربــڕینی بــیرو کاریگــەریی لەســەر ڕۆشــنبیری کۆمــەڵ هەیــە، لــە لێکۆلینــەوەی پەیوەنــدی زمــان و ڕۆشــنبیریدا (ســاپیر) و (ورف) بۆیــان دەرکــەوتووە، کــە دەربڕاوەکــان تــا ڕاددەیــەکی زۆر ڕەنگدانــەوەی گرنگیپێــدانی کۆمــەڵن، گەیشــتنە ئــەوەی کــە زمــان دەســتی لــە ســنورداركردنی ولێکــدان و پێکهێنــانی بــیری بــاودا هەیــە، لــە لێکۆلینــەوەش لــە پەیوەنــدی بــیرو زمانــدا بــۆ ئــەو تێڕوانیــە بــاوەی کــە دەڵێــت : (زمــان ئاوینــەی کۆمەڵــە) دەڵــێن ئەمــە کاتێــك دەبێــت ، کــە واقیــع تــا ڕادەیــەکی زۆر لای هــەموان لــە یــەك بچــێت و لــە کاتێکــدا دەبێــت ، کــە لــە یــەك کۆمــەڵ و ودەوروبــەرداین و تێڕوانینیــان جیــاواز نــەبێت بــۆ ئــەوە کۆمــەڵ و دەوروبــەرە، ئەوکاتــە زمانــەکان هــەموویان لــە نــاوەرۆك وەســفی ئــەو واقیعــەدا لەیــەك دەچــن. ئــەم هەوڵانــە وەســتانەوە بەرانبــەر بــەو بیرانــەی کــە دەڵــێن هەڵســوکەوتمان قســەکردنمان دیاریــدەکات، واتــە ئێمــە هەڵدەســتین بەکردەوەیــەك دواتــر وەســفی ئــەو کردەوەیــە دەکــەین ، ئەمــەش لەلایــەن (فــۆن همبۆڵــت)ەوە بەربــەرچ دەدرێتــەوە، دەڵێــت ((زمانــە جۆراوجۆرەکــان تــەنیا لــە دەنــگ و هێماکانــدا جیــاوازنین، بــەڵکو لــە جیهانبینیــە کانیشدا جیاوازن))[(٢)].

---

(1) ڕێبین ڕەسول ئیبراهیم ( 2005: 56 )

(2) یدالله موقن ( 2006: 105 )

بەواتا زمانەكان لەگەڵ ئەوەی لە دەنگ و هێماكاندا جیاوازن، لە تێڕوانینیاندا بۆ جیهانیش جیاوازن، (ورف)یش لەسەر ئەم باوەڕە بوو.

ساپیریش هەوڵیداوە بیسەلمێنیت ئەو كۆمەڵانەی بەزمانی جیاواز قسەدەكەن ، لە كۆمەڵ واقیعی جیاوازدا دەژین، زمانەكەیان بە ڕاددەیەكی زۆرتر لە سەر هەستەكانیان و شێوەی بیركردنەوەیان و تێڕوانینیان بۆ جیهان كاریگەر دەبێت ، پێی وابووە كە((زمان تەنها دەلالەت لە دەوروبەری كۆمەڵایەتی ناكات، بەڵكو ڕەنگدانەوەی هەندێ تایبەتمەندی دەروونی قسەكەرە لە هەڵبژاردنی وشە ودەربرینەكاندا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە نامە و واتاكەیدا هەڵیگرتووە))[1].

زمان بەمەبەستی پێویستی كۆمەڵ دروست دەبێت ، لە چوارچێوەی كۆمەڵیشدا بەكاردێت زمان كاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئەزموونی تاك وكۆمەڵ دەبێت هەربۆیە ، گرنگە كە بزانین ((زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە لە ناو دیاردەكانی تری كۆمەڵدا جێگای تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی خاسیەتی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەی كە ئامێری پەیوەندی كردن و لە یەكگەیشتنە، كەرەسەی ئاڵوگۆر كردنی بیرو باوەریش سامان و موڵكی كۆمەڵە و ژیانی ئادەمیزاد خۆش دەكات وپێداویستی هەر دیاردەیەكی ماددی و مەعنەوی دابیندەكات، ئەگەر بیر زمان دەرپینەبرێت، ئەوا ئەوبیرە ڕوون و ئاشكرا نابێت، تا یارمەتی ئادەمیزاد بدات و درك بە دیاردەكانی واقع بكات و تێبگات و گەشە بەزانست بدات وپیش بكەوێت))[2].

(ساپیر) دەڵێت زمان ڕێكخراوێكی ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی هەیە، كە گۆڕان وچاككاری تێدایە وئەركی سەرەكی پەیوەندیكردن و دەربڕینی بیر وهەست و ویستەكانە لای ئەو كۆمەڵەی پێی دەدوێن، كەواتە ئەگەر زمان كاریگەر بێت بەشێویەكی ڕاستەوخۆ بەو واقیعەی كە دەوری بەكارهێنەرانی داوە، ئەوا بەهەمان شێوە بە پلەی جیاواز كاریگەییەكە پێچەوانە دەبێتەوە.

زمان لای هەندیك لە زمانناسان تەنها ئەركی گەیاندنی واتای بیر و گواستنەوەی بۆچوونەكانە بۆ كۆمەڵ و دەوروبەر بەڵام لای هەندێ لە زمانناسانی دیكە كاریگەرییەكە بە گەورە وەسف دەكەن ، وەك چۆن (ساپیر) دەڵێت: ((بەخراپ لە پەیوەندی نێوان

---

(1) محمد داوود محمد ( 2009 : 243 )

(2) ئەوڕەحمان حاجی مارف ( 2002 : 78 )

زمـــان و تەجرەبـــە تێگەیشـــتوون ئـــەوەی کـــە ســـاویلکانە پێیـــان وایـــە زمـــان تـــەنها ڕەشنووسـێکی ڕێکخـراوە لـە نمونـە جۆراوجۆرەکـانی ئـەزموون، وانییـە بـەڵکو پێکهاتەیـەکی ڕمزی وسەربەخۆ وداهێنەریشە))[1].

(ساپیر) بـۆ سـەلماندنی ئـەم بۆچـوونە وخسـتنەڕووی جیاوازییـەکان بەگشـتی وای بـەباش زانیـوە ، کـە بـەراوردی زمانـە هێنـدۆ ئەوروپییـەکانی کـە زمانـەکانیان زۆر لـە یەکـەوە نزیکـە یـان هاوبەشـیان زۆرە، بکرێـت لەگـەڵ زمـانی دانیشـتوانی ئـەمریکا وئـەفریقیا ، کـە جیـاوازی گـەورە لـە نێـوان زمانەکانیانـدا هەیـە، بـەجۆرێك کـە لـە هـەر شـوێنێك کلتـور هـەبێ پەیوەنـدی بـەتین لــە نیـوان زمــان وکلتــوردا دروســت دەبێــت و بــۆ زیــاتر ڕونکردنــەوە زمــانی (ســور پێسـتەکان)ی ئـەمریکای هێناوەتـەوە کـە جیـاوازی گـەورە لـە نیـوان خۆیانـدا بـەدی دەکرێـت لــە ڕووی زمانــەوە لــە چاو(ســپی پێســتەکان)ی هــەمان وڵات کــە بــە ڕەچــەڵەك ئــەوروپین وجیاوازی کەم لە نیوان زمانیان هەیە.

ئـەم جیاوازیانـەی نیـوان زمانـەکان لـە سـەرجەم لایەنـەکان ڕەنـگ دەداتـەوە بەتایبـەت لـە ناونانـدا بـۆ نمونـە ((زمـان هەیـە کـە نـاوی ڕەنگـەکان بـەجۆرێکی جیـاواز بـەکاردینین ، بـۆ نمونـە زمـانی زونـی دوو وشـەی جیاوازیـان بـۆ ڕەنگـی زەرد وپرتـەقالیّ نییـە، لـە هەنـدێ زمـانی تـریش یـەك نـاو بـۆ هـەر دوو ڕەنگـی سـەوز وشـین هەیـە ، زمـانیش هەیـە کـە تـەنیا دوو وشەی بۆ ناوی ڕەنگەکان هەیە، کاڵەکان وتۆخەکان))[2].

کەواتــە زمــانی هــەر میللــەتێك بــە جیــاوازی بیرکردنــەوە و کلتــوری میللەتەکــە لــە زمــانێکی دیکە جیاوازە و هەڵقولاوی دەوروبەر و ژینگەی خۆیەتی.

(ســـاپیر)پێی وابـــووە ، کـــە (هەڵەیـــە زمـــان تـــەنیا وەك هـــۆی چارەســـەری کێشـــەی پەیوەنـــدیکردن و بیرکردنـــەوە دابنـــێین، (ورف)یـــش لەســـەر ئـــەم بـــیرە کـــاری کـــردووە و فراوانیکـــــردووە و لـــــە لێکۆڵینەوەکانیـــــدا جێبـــــەجێیکردووە ، بـــــەوەش گەیشـــــتووەتە گریمانەیــەك کەبــە گریمانــەی (ســاپیر–ورف) ناســراوە دواتــر ئــەم گریمانەیــە بــۆ دووبــەش دابەش بووە)[3]:

---

(1) یدالله موقن ( 2006: 107 )

(2) نەریمان خۆشناو ( 2009 : 101 )

(3) محمد داوود محمد ( 2009: 244 )

**یەکەم/ ڕەهایی زمان:-**

بــەواتای ئــەوەی زمــان دەســەڵاتی بەســەر بــیردا هەیــە، بۆیــە قســەکەری هــەر زمانێــك دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەرەی زمانەکەیــەوە وەکــو ســاپیر وتویــەتی (زمــان ڕیگــەی بیرکردنــەوە دیاریدەکات).

**دووەم/ ڕێژەیی زمان:-**

بــەو واتایــەی ســنوور بــۆ جیــاوازی بونیــادی نێــوان زمانــەکان نییــە، واتــە قســە پێکــەرانی زمانەکان بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی جیهان هەیە.

ئــەم گریمانەیــە لــە ســەدەی (20)دا فەیلەســووفە ئەڵمانییــەکان بــە جــۆرێکی دیکــە باســیان کــردووە ، یــان خســتویانەتە ڕوو و دەڵــێن: ئەگــەر ئەرســتۆ مەکســیکی بوایــە دەکرێــت لـۆجیکی ئەرسـتۆ بەشـێوەیەکی جیـاواز لـەوەی ئیسـتا هەبووایـە، پرسـیارێك دەوروژێـنن، کـە ئایـا مرۆڤــ شـتەکان بـەرێگای جیاواز دەبێنێـت ، یـان تـەنها بـە شـێوەیەکی جیـاواز بـاس لـە شــتەکان دەکــات؟ واتــە شــێوەی دەربڕینیــان جیــاوازە بەنمونــەی ئــەوەی کــە وشــە جیــاواز و ژمـارە وشـەی جیـاواز بـۆ ڕەنگـەکان لەزمانەکانـدا هەیـە، ئـەوەی لێـرەدا دەبینرێـت جیـاوازی بیرکردنـــەوەی تاکـــەکانی کۆمەڵـــە بەرانبـــەر بەکەرەســـتە و کەســـەکانی دەوروبـــەر وجیاکردنــەوەیان لــە یــەکتری ئــەوە تــا بــۆ نمونــە لــە زمــانی ئینگلیزیــدا تــەنها وشــەی (Uncle ) هەیـە بەرانبـەر بەوشـەکانی (خـاڵ ، مـام) وهەنـدێ جـار (مێـردی پـور) لـە زمـانی کوردیدا.

(ورف) پیــێ وایــە کــە (زمــان شــێوەی بیرکردنــەوەمان دیاریــدەکات ، بــەهۆی زمانــەوە کــە کاریگــەرە لــە ســەر درکپێکــردن ولێکدانــەوەی خــەڵکی بــەهۆی دەربــڕاوە زمانیەکانــەوە، نمونەشــی ئەوەیــە ، کــە لــەکاتی ڕووداوەکــانی ئاگرکەوتنــەوە و شــەڕ و کوشــتن ........، بـەهۆی وەسـفی ڕووداوەکانـەوە لەلایـەن ئـەو کەسـانەی کـە ئاگایـان لـە ڕوودانـی ڕووداوەکـە بووە، توانیویانە بگەنە ڕاستی و ئەنجامی ڕوودانەکەی)[1].

---

(1) بڕوانە : جودیث غرین ( 1992 : 116 )

لــە دوای خســتنەڕووی ئــەو بۆچــوونانەی پێشــەوە ، لەســەر پەیوەنــدی نێــوان زمــان وبــیر وڕەنگدانــەوەی لــە ناونــانی کەرەســتەکانی دەوروبــەر پێویســتە بــاس لــەوە بکــەین ، کــە زمــان وەك هــەر دیاردەیــەك و هــەر زینــدەوەرێکی تــر گــەورە دەبێــت وگەشــە دەکــات لــە ئاســتێکی دیــاریکراودا نامێنێتــەوە ، بەتایبــەتی لــە ئاســتی (وشەســازی)دا بەڵگــەش بۆئەمــە دەرکەوتن وهاتنەکایەی وشەی نوێیە (ناو) بۆ هەر دیاردەیەك و داهێنانێکی نوێ

بــە تێکــەڵاوبوونی کلتــوری هــەر میللــەتێك زمــان لــە ئاســتێکی دیــاریکراودا ناوەســتێت و وشــە و دەربڕین و زاراوەی نوێ بۆ دەربڕینی بیری نوێ بەرهەم دەهێنێت .

زمــان کــە دەربــڕی ئەقڵیــەت و بــیرو بــاوەڕو دابونــەریت و کلتــوری کۆمەڵــە ، دەتــوانین بەپێوانــەی ئەقڵیــەتی کۆمــەڵێکی دابنــێین، زمــان هــەڵگری کێشــەو خــەون و خــەیاڵی قســەپێکەرانی زمانــە، بــەهۆی زمــان و لێکۆڵینــەوە لەســەری، دەتــوانین بگەینــە بیرکردنــەوەی کۆمــەڵ وتێگەیشــتن وتێڕوانینــەکانی ئــەو کۆمەڵــە بــۆ جیهــان و دەوروبــەر و ژیانیــان، کەواتــە بــیر کاریگەرییــەکی ڕاســتەوخۆی لــە ســەر زمــان هەیــە، کاتێــك زمــان دەربــڕی بــیر بێــت و بەشــێك بێــت لــە ڕۆشــنبیری وکلتــورو وحــەزی تــاك و خــەون و خــەیاڵی و هەســت و نەســتەکانی بەوشــە و دەربــڕاوی ئامــادەکراو لــە زمانەکــەدا دەربڕێــت ، بەهــەمان شــێوەش زمــان کاریگــەری لــە ســەر بــیر هەیــە بــۆ نمونــە کاتیــك کەســیکی زمــان پــاراو قســە دەکــات هەڵبــژاردنی وشــەکان و دەســتەواژەی گونجــاو کاریگــەری دەبیــت لــە ســەر گــوێگر و تێگەیشــتنی لای ئــەو زیــاد دەکــات ، کەواتــە پەیوەنــدی بــیرو زمــان پەیوەندییــەکی پتــەوە و پەیوەندییــەکی کــار لەیــەککردنی ئــاڵوگۆڕە واتــە بــیر کاردەکاتــە ســەر زمــان و زمــانیش بەهــەمان شــێوە لەســەر بــیر کاریگــەرە، ئەمــەش ئــەوە دەردەخــات کــە (ناونــانی کەرەســتەکان)ی دەوروبــەر لــە زمانــە جیاوازەکــان و بەتایبــەتی زمــانی کــوردی  کاریگــەری ژینگــەو وکۆمــەڵ و بــاری دەرونــی و ڕامیــاری و ئــابووری ناوچــەکەی لــە ســەرە، ســەرەڕای تێکــەڵی خــودی زمانەکــە لــە بنەچــەوە لەگــەڵ زمانــە ئێرانیەکانــدا کــە کاریگــەری هــەبووە لــە گواســتنەوەی بــیری نەتــەوەکان لــەناو یەکتریــدا لــە کــاتی ناونــان وگواســتنەوەی ئــەو نــاوە لــە نێــو کۆمەڵــە جیاوازەکــانی ناوچــەکەدا، هەربۆیــە لێــرەوە دەتــوانێن بڵــێین کــە تــاکی کــورد بــە کاریگــەری بــیری خــودی تاکەکــە نــاوی لــە کەرەستەکانی چواردەوری ناوە وهیچ کام لەم بیرانەش بۆش نیە.

## 6/1 تێڕوانینی فەلسەفیانە بۆ پەیوەندی نێوان وشە وشت (Object) :

بیگومـان وەك هــەر كـاتێكتر فەلســەفە خـاوەنی تیبێـروانینی خـۆی بـووە دەربـارەی گرنگـی وشــە یــان نــاو لــە ژیــانی مرۆڤــدا ، و هەولّیــداوە كــە وەلاّمــی ڕاســتی هــەبێ لەســەر پەیوەنــدی نێــوان وشــە و شــت و دونیــای دەرەوە دا چــونكە ((پەیوەنــدی نێــوان دەربڕینــە زمانیــەكان (نــاو/ وشــە) و شــت وبوونــەوەرەكانی دنیــای ڕاســتەقینەی دەرەوەی زمــان دەگرێتەوە))[1].

هــەر لەبــەر ئــەم هۆكــارە فەیلەســوفەكان ولێكۆلــەرەكان لێكدانــەوەی جیاوازیــان لــەو بارەیــەوە بــۆ هەریەكــە لــە (دنیــا، واقــع، شــت، وێنــە، بــیر) كــردووە، كــە گرنگــە ئاماژەیــان پــێ بدەین:-

### 1-6/1 دنیا (ڕاستی):

بەشــێوەیەكی گشــتی دنیــا خــۆی لــە كۆمــەڵێك ڕاســتیدا دەنــوێنێ ، كــە بوونیــان بــەلۆجیكی بســەلمێنرێ هــەر بۆیــە (فنگنشــتاین) لــە ســەر ئــەم بــوارە دەڵێــت دنیــا كــۆی ڕاســتیەكانە ، نــەك شــتەكان، هــەروەها دەڵێــت دنیــا شــیدەكرێتەوە بــۆ ڕاســتیەكان بــەكۆی ئــەم دوو قســەیەی یــان دەربــڕاوەی ســەرەوە ئــەوە ئاشــكرا دەبێــت كــە دنیــا شــیناكریتەوە بــۆ شــتەكان، بــەڵكو لــە بــەر ئــەوەی توانــای شــیكردنەوەی هەیــە ، كەواتــە ئــەوە دنیــای ئــەتۆمیی (لۆجیكی)یە نەك(ئەتۆیی مادی)، كە وابێ لای فنگنشتاین (دنیا وردەی لۆجیكیە).

لــە ســەر ئــەم لایەنــە (ڕاســل)یش هــەمان ڕای هەیــە ، دەڵێــت : ((ئــەو هۆكــارەی كــە لەبــەر خــاتری ئــەو ڕێبازەكــەم دەكــەم بــە ئــەتۆیی لــۆجیكی، ئەوەیــە كــە ئــەو ئەتۆمانــەی كــە دەمــەوێت پێیــان بگــەم لــە كۆتــایی شــیكردنەوەكاندا ئــەتۆیی لــۆجیكین نــەك ئــەتۆمی فیزیایی))[2].

( لای (فینگنشــتاین) ئــەو ئەتۆمانــەی كــە لــە كۆتــایی شــیكردنەوەكاندا دەســتی دەكــەوێت ئەتۆمی لۆجیكین، بەلاّم ئەو ئەتۆمە لۆجیكیانە ڕاستیەكانن نەك شت)[3].

---

(1) محمدی محوی ( 2009 : ب2 : 149 )

(2) جمال حمود ( 2009 : 123 )

(3) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو: 123.

پەیوەنـدی لـە نێـوان زمـان و دنیـا لـە لای (ڕاسـل) هـەر هـەمان پەیوەندییـە ، کـە لـەلای فنگنشـتاینە ، ( لـە لای فنگنشـتاین پەیوەندییـەکی ئاماژییـە ، بـەڵام لای ڕاسـل ئەتۆمـەکانی دنیـا پێـوەرە هەسـتیەکانن (المعطیـات الحسـیة)، کـە ئاماژەیـان بـۆ دەکـەین ، بـەهۆی ئەتومـەکانی زمانـەوە، کـە نـاوە تایبەتییـە لۆجیکیـەکان یـان جێناوەکـانی نیشـانە ئاماژە دەرکانی (ئەمە ..... ئەوە .....)ن[1].

بـەپێی لێکدانـەوەی وتـەکانی ڕاسـل بێـت ، لەسـەر زمـان و کەرەسـتەکان ئـەوا ( تـەنها ناسـینی کەرەسـتە بـەس نییـە ، چـونکە لای ڕاسـل بـۆ ئـەوەی لـە دەربڕاوێـك تێبگـەین ئەوەنـدە بـەس نییـە کـە ئـەو شـتانە بدۆزینـەوە ، کـە دەربڕاوەکـە باسـیان لێـوە دەکـات بەڵکو پێویستە ڕاستەوخۆ پێکهاتەکانیشیان بناسین )[2].

ئەمـە ئەگـەر ناسـێنیك وپێناسـەیەك بێـت بـۆ دنیـای دەرەوە و واقـع، ئـەوا پێوسـتە لـەدوای ئـەم لایەنـە گرنگـی بدەنیـە خـاڵی دووەم کـە (شـت) یـان کەرسـتە واقعیـەکانی دنیـای دەرەوەن کە ناویان لیٚ نراوە.

## 2-6/1 شت :-

مەبەسـت لـە شـت هـەموو کەرسـتە ڕاسـتیەکانن کـە مرۆڤـ لـە دنیـای دەرەوەدا دەیانناسـێت لـە نـاو مێشـکیدا وێنەیـەکی هۆشـەکی بـۆ دروسـت دەکـات و هەوڵـدەدات بیکاتـە بیرێکـی ڕێکخـراوی سـنوردارکراو ، دواتـریش هـەوڵی گواسـتنەوەی ئـەو بـیرە ، ڕێکخـراوە سـنوردارە دەدات بـۆ نـاو زمـان بەمەبەسـتی ناسـاندن و جیاکردنـەوەی لـە کەرەسـتەکانی دیکـە ئـەویش بە ڕێگای (ناونان).

شـت لـە لای فنگنشـتاین، هـەر وەکـو کـینی (Kenny) دەڵێـت ( لـە سـەر پەیوەنـدی شـت بـە زمان و واتاوە بنیاد نراوە نەك بە زانیارییەکانەوە (المعرفە) )[3].

فنگنشـتاین دەڵێـت (شـت) خـاوەنی کۆمـەڵێك سـیمای دەرەکـی و ناوەکییـە ، کـە سـیما دەرەکییـەکان (مـاددین) و سـیما ناوەکیـەکانی (شـت) وێنـەین، بێـی وایـە کـە سـیما ناوەکییەکان گرنگترن لە سیما دەرەکیەکانی شت.

---

(1) بڕوانە : جمال حمود ( 2009: 138 )

(2) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو: 138.

(3) سەرچاوەی پێشوو ( 136 – 137 )

(مــاك گینــیس) یــش لەســەر ئــەم بــوارە ڕای وایــە کــە(( (ڕاســتیە یەکەمینــەکان) سەپینراوە پێشینەیەکانن لە لایەن واقعەوە.))[1]

بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەو لێکدانەوەیە دەکرێت ئەم نمونەیە وەك شیکاری بە کاربهێنێن:

کــە دەڵیــێن (ئــەوە ئەســپێکی ڕەشــە)، ڕاســتیە یەکەمینــەکان کــە لــە پێشــتردا ســەپێنراون ئەمانەن:

- شیاو بوونی (امکانیە)ی ڕەنگداربوون .
- شیاو بوونی ڕەنگداربوون بەڕەنگی (رەش).

ئــــەم شــــیاو بوونیانــــە ســــیما ناوەکیــــەکانی شــــتن، فنگنشــــتاینیش پێناســــەی راســــتیە یەکەمینــەکان دەکــات بــەوەی کــە ئاوێتەیەکــە لــە شــتەکان و ئەگــەر بپرســین ئاوێتەیــەکی چۆن؟

هــەر خــۆی لەوبارەیــەوە دەڵێــت (( لــە راســتیە یەکەمینەکانــدا شــتەکان پێکــەوە پەیوەســت دەبن وەکو ئەلقەکانی زنجیرێك )).[2]

بــاش ئــەوەی مرۆڤــ لــە دنیــای دەرەوەی ڕاســتیدا شــتەکان دیاریــدەکات و لــە نــاو مێشــکی خۆیــدا (وێنــە) یــان بــۆ دەکێشــێت ، فەلســەفە خوێندنــەوەی خــۆی هەیــە بــۆ ئــەو وێنەکردنــەی مێشکی مرۆڤــ کە بەرانبەر بە کەرەستەکان لە واقعدا دروستی دەکات.

### 3–6/1 وێنە (Image-Picture):

( مەبەســت لــە وێنــە بــە گشــتی ئەوەیــە کــە بەرانبــەری هەیــە لــە جیهــانی دەرەوەدا، هــەر لەبــەر ئــەم هۆکــارە دەشــێ ڕاســتی بــوونی هــەبێت ، یــاخود بــە پێچــەوانەوە لــە بەرئــەوەی وێنــە شــیاوە ڕاســتی پێــك (True) یــان ناڕاســتی پێــك (False)ی هــەبێت کەواتــە دەشــتێت واتا بەدەست بهێنێ )[3].

(1) جمال حمود ( 2009: 134 – 136 )

(2) سەرچاوەی پێشوو : 137 .

(3) بروانە : سەرچاوەی پێشوو ( 179 – 180 )

( بەرانبەر بە وشەی وێنەی کوردی (فینگنشتاین) وشەی (Bild)ی ئەڵمانی بەکارهێناوە، دواتریش لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (Tableau) بۆ (Image) و(Picture)ی ئینگلیزی و(رسم)ی عەرەبی بەکار هاتووە. فنگنشتاین دەڵێت(وێنە گوێزەرەوەی راستەقینەی واقعە، حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی واقع دەنوێنێت )[1].

( بەڵام لە نێوان وێنە و واقیعدا و لەو نێوەندەدا وێنا (صورە) دروست دەبێت ، کە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان واقیع نانوێنێت و خاوەنی (ڕاستی و ناڕاستی پێك)ی نییە ولەزماندا ناوترێت بەڵام پایەیەکی بەرزی تیایدا هەیە )[2].

(د.هۆگر محمود فرج) زاراوەی (نمونەی ئاوەزی) بەرانبەر بە وێنە بەکارهێناوە لە نوسینەکانی خۆیدا ودەڵێت ، ( نمونە ئاوەزییەکان لە کردەی هوشەکیەوە دێن کە ژینگە بۆلین دەکەن) هەروەها زیاتر لەسەر وئەم بوارە دەدوێت (بۆ هەر پۆلێکی بەوشەکراو مێشکی مرۆڤ (نمونەیەکی ئاوەزی) تێدایە ، کە لە وانەیە ئەندامێکی ڕاستی پۆلەکە نەبێت بەڵکو لە شێوەی وێنەیەکی هۆشەکیدا بێت ) لەم وتەیەوە ئەوە تێدەگەین ، کە وێنە لە هۆشدایە و خاڵی پەیوەندی یان بەیەك گەیاندنی دنیا و زمانە و ژینگە پۆلین دەکات، پێی وایە کە نمونەی ئاوەزی (وێنە)پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی شتەکان لە جیهانی دەرەوە ، یان دنیای واقعیدا ودەڵێت (نمونەی ئاوەزی) وەك پێوانەیەك بەکاردێت بۆ دیاریکردنی ئەوشتانەی وەك ئەمن یان لەم دەچن یاسەر بەمن یان بە هۆی ئەمەوە دەناسرێنەوە یان بەهۆی ئەمەوە پێناسە دەکرێن ) سەرەڕای ئەو بۆ جوونانەی سەرەوە، ئاماژە بەوە دەکات ، کە تەنها ناوەکان نین کە خاوەنی وێنەبن ، بەڵکو کەرەستە زمانیەکانی دیکەش خاوەن وێنەن. ((تەنیا ناو خاوەنی نمونەی ئاوەزی نییە ، بەڵکو کەرەستە زمانیەکان چ ناو بن یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار .... بەکارهێنانێکی نمونەیی لە مێشکی قسەکەری زمانێکی دیاریکراودا پەیدا دەکات ))[3].

---

(1)بڕوانە : جمال حمود ( 2009: 186 )

(2) سەرچاوەی پێشوو : 180 .

(3) بڕوانە : هۆگر محمود ( 1999 : 42 – 44 )

هــەروەها بــۆ زیــاتر گرنگیــدان بــەم لایەنــە نمونــەی ئــاوەزی بەڕەنگدانــەوەی ئــەو خووانــە دادەنێــت ، کــە مرۆڤــ لــە ناونانــدا (بــە وشــەکردن) پێشــانی دەدات بۆیــە بــەگرنگی دەزانێت وێنە بە خاڵێکی بەرچاو هەژمار بکرێت ، لە لێکدانەوەی واتای وشەدا[1].

دوای ئــەم قۆناغــە قۆنــاغی بــیر ودەربــڕینی ئەوبیرەیــە بــە کەرەســتەی زمــانی زمانەکــەی خــۆی، ئەمــەش دوای ئــەوەی کــە مرۆڤــ وێنەیــەکی بــۆ کەرەســتەکەی دنیــای واقیــع دروســت کــرد ئــەوجا هــەوڵی دەربــڕینی دەدات، دیــارە قۆنــاغی دروســت بــوونی بــیر ودەربــڕینی بــە کەرەســتەی زمــانی، هــەنگاوێکی گرنگــی قســەکردن و ناونــانی کەرەســتەکانە ، چــونکە لــە کــاتی لێکدانــەوەی واتــای وشــەکاندا بــەڕوونی کاریگــەری بــیر لــە ســەر ئــەوە کەرەســتانە و ناونانیــان لای تــاکی کۆمــەڵ دەردەکــەوێت ، بــەجۆرێك ڕەنگدانــەوەی بیرەکــان لــە تاکێــك بــۆ تاکێکی دیکە و لە کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێك تر گۆرانکاری بەرچاوی بەسەردا دێت.

## 4–6/1 بیــــر:

لێکدانــەوە فەلســەفیەکان بەگرنگییــەوە باســیان لــە ڕۆڵــی بــیر کــردووە و بەوێنــەی لــۆجێکی دەربــری واقــع ناویــان بــردووە و لــە بەرچــاویان گرتــووە ، لــەم لایەنــەدا فنگنشــتاین دەڵێــــت :((بــــیر وێنەیــــەکی لــــۆجیکی واقعــــە، بــــیردۆز (کێشــــە، قضــــیة، دەق)ە واتادارەکانن))[2].

لای( سۆســێر) و بــەدیاریکراوی لــە زانســتی زمانــدا لێکدانــەوەی جیــاوازی بــۆ (بــیر) کــردووە و پێــی وایــە کــە بیرەکــان لــە وشــەکاندا وەکــو نیشــانەکان وان بــۆ چــەمکەکان ، وای دادەنێــت کــە بیرۆکەکان بە سەربەخۆی هەن لە وشەکاندا.

ئــەم ئــەوە دەگەیــەنێت ، کــە بــیر گشــتییە و فراوانــە و لــە ئــەنجامی وێنــەوە لــە مێشــکدا دروســت دەبێــت ، وشــەکان بەشــێك لــەم بــیرە دیاریدەکــەن دەیگوازنــەوە بــۆ نــاو زمــان، بەشــە دەستنیشــــان کراوەکــــەش بــــە ســــەربەخۆیی لەوشــــەکاندا هــــەن وپییــــان دەڵــــێن بیرۆکــــە، یــان((بڵێین ئــەو بــیرەی کەلــە وشــەکاندایە وەکــو نیشــانە وایــە بــۆ چــەمکەکان ئەمــە یەکێکــە لــە

---

(1) هۆگر محمود: 44 – 45 .

(2) جمال حمود ( 2009 : 164 )

ئیلیمێنته(ڕەگــەزە) پێكهینــەرەكانی وشــە، چــونكە لــە وشــەدا تــەنیا (بەشــێكی چــەمك) بــیر دەردەكەوێت كە گشتی بێت وناوەرۆكەكەش بەبێ هیچ گرفتێك لێی تێ بگەین))[1].

لــە ئــەنجامی لێكدانــەوەكانی پێشــوو كــە خســتمانە ڕوو ، دەگەینــە ئــەو ڕاســتیەی كــەپاش دروســت بــوونی وێنــە بــۆ شــتەكانی دەوروبــەر لــە دنیــای دەرەوەدا، بیرێكــی كاریگــەر لای مرۆڤــ دروســت دەبێــت ، كــە تاكــەكان هــەوڵی گواســتنەوەی ئــەو بــیرە دەدەن لــە رێگــای كەرەســـتەكانی زمانـــەوە بـــۆ نـــاو زمـــان بەمەبەســـتی دەستنیشـــان كـــردن وجیاكردنـــەوە و ناســینەوەی لــە نــاو كەرەســتەكانی دیكــەی دەوروبــەری واقعیــدا، ئــەم كــارەش یــان ئــەم پرۆســـەیەش بـــە ڕێگـــای (ناونـــان) دەكرێـــت ، كـــە ئـــەركێكی گرنگـــی مرۆڤەكانـــە بەمەبەســـتی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانەكەی خۆیان.

## 7/1 ناونان لە زمانەوانی فەلسەفیدا:

پرۆســـەی ناونـــان لـــە زمانـــەوانی فەلســـەفیدا جێگـــای خـــۆی بـــۆ دیـــاریكراوە بەگرنگییــەوە تەماشــای كــراوە ، چــونكە ناونــان یەكێكــە لــە ڕێگــا گرنگــەكانی گواســتنەوە بــیر بۆ ناو زمان.

بەشــێوەیەكی گشــتی لــە پرۆســەی ناونانــدا، واهــاتووە كــە وشــە یــاخود (نــاو) بەرانبــەر بەشــتێك دەوەســتێتەوە ، لــە دونیــای دەرەوەدا، دەكرێــت ئێمــە بڵــێین ئەمــە ڕاســتە چــونكە نـــاو لـــە كەرەســـتەكانی دەرەوە دەنرێـــت بـــۆ ناســـینەوەیان ، بـــەڵام ئەمـــە بـــۆ ناوەكـــانی زمــانێكی دیــاریكراوە كــە لــە نــاو خــودی زمانەكــەدا بەرهــەم هــاتوون ، بــەڵام هەرچــی ئــەو ناوانــەن كــە لــە زمــانی تــرەوە دێنــە نــاو زمانەكــەوە ، ئــەوە پێویســتە بــەجۆرێكی تــر تەماشــا بكــرێن وبڵــێین ((بــیری نــاو وشــەكان ڕاســتەوخۆ دەگۆڕێــت بــۆ شــتە فیزیكــی یــەكان لــە دنیــای دەوروبەرماندا))[2].

((لــە زمــانی ئاســاییدا زۆرجــار تێكــەڵاوی ڕوودەدات لــە نێــوان ناونــان و وەســفكردندا، چــونكە (تێكــەڵاوكردن) لــە نیــوان ناونــان وەســف كردنــدا یەكێكــە لــە ســیما لكاوەكــان بــە (زمــانی ئاسایی)یەوە))[3].

---

(1) فاروق عمر سدیق ( 2011 : 23-31 )
(2) Chandler ( 2007: 60)
(3) جمال حمود ( 2009 : 170 )

بۆیە زۆرێك لە لێكۆڵەران بەباشیان زانیوە ، كە بە شێوازی لۆجیكی لەم پرۆسەیە بكۆڵنەوە، بێگومان لێكۆلینەوەكانیش ڕای جیاواز لە خۆدەگرن لەوانە :

(ڕاسل) لە تیۆری دیاریكردندا لە كتێبی (On-Denoting) دا پێی وایە كە پێویستە كەرستە ناونراوەكە ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی هەبێت تا ناوە بەرهەم هاتووەكە بەكارهێنانەكەی لۆجیكی بێت.

(فنگنشتاین) لە سەر ئەم بیرە لەگەڵ (ڕاسل) كۆكە و زیاتر لە سەری دەدوێت ودەڵێت ((كە ناو دەنێیت وەكو ئەوە وایە كە بەدەست ئاماژەی بۆبكەیت))[1].

ڕاسل بۆ پشت ڕاستكردنەوەی بۆچوونەكەی خۆی هەوڵی ئەوە دەدات كە(ناوی تایبەتی)بەبەڵگە بهێنێتەوە ودەڵێت ( ناوە لۆجیكیەكان هۆكاری ئەوەی كە لەواتاكانیان بەبێ كێشە تێدەگەین ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوشتانەی كەڕاستەوخۆ دەیانناسێنن ، چونكە پێی وابووە كە ناوە تایبەتیەكان (لۆجیكییەكان) ئامرازێكی نیشانەكردنن كە ئەركێكی نیشانەكردنی بێ خەوش لە بوونیاندا هەیە)[2].

لە تیۆری وێنەدا (فنگنشتاین) ڕای جیاوازی خۆی دەخاتە ڕوو دەڵێت (ناو ئاماژە بۆشتەیكی دیاریكراو ناكات هەتا نەخرێتە ناو دەقێكەوە)[3].

كەوابێ (فنگنشتاین) ڕای لە سەر ئەوە هەبووە ، كە لەكاتی ناونانـدا وەك ئەوە وایە كە بەدەست ئاماژە بۆ ناولێنراوەكە بكرێت ، بەڵام لە هەمانكاتدا بڕوای وابووە ، كە خاوەنی واتا نابێت هەتا نەخرێتە ناو دەقێكەوە، لێرەشدا بڕوای وایە كە ئەوەش وێنەی ناونەرەكەی نییە بەڵكو دەقەكە بریتییە لە واقیعە ڕاستیەكە.

كە وابێت (فنگنشتاین) و (ڕاسل) كۆكن لە سەر ئەوەی كە پێویستە ناو لێنراو ئامادەیی هەبێت بەلام لای (فنگنشتاین) ناو وێنەی ناونراوەكەی خۆی نییە، و دەڵێت: ((ناوەكان وێنە نین و بەواقیع ناتوانرێت ناو ببرێت بەلام تەنیا دەتوانرێت بنوێنرێت))[4].

---

(1) جمال حمود : 170 – 171 .

(2) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو: 167 – 262 .

(3) بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو: 164–165 .

(4) سەرچاوەی پێشوو: 191 .

دەڵێـت نـاو پاشـكۆی دەقــە وهــیچ واتایــەك ناگەیــەنێت هــەتا بەشــێك نــەبێت لــە دەق یـان بــەكارهێنانی لــە بـواری سینتاكســی ، ئــەم بەكارهێنانــەش تاكــە بنەپێكهاتــە (بنیــە)ی دەقە یەكەمینەكانە.

دەڵێـت: (یــەك نــاو بــۆ یــەك شـت دادەنرێـت و نــاوێكی تــر بــۆ شـتێكی تــر ئینجـا ئــەم ناوانــە پەیوەسـت دەبــن بــە یــەكترەوە و هــەموویان پێكــەوە تابلۆیــەكی زینــدوو دەنــوێنن بــوونی كــارەكی (وجـود فعلـی) بـۆ بـاری شـتەكان مــەرج نییــە ، بـۆ دەسـتكەوتنی واتــا لــە دەقــە یەكەمینەكانــدا، لــە هەمانكاتــدا دەقــە یەكەمینــەكان وێنــەی دونیــای دەرەوەن بــەڵام تــەنیا ئەگــەری لــەتواناداهــەبوونی ئــەو واقیعەیــە، پێویســتە بــۆ بــەجێهێنانی كــردەی نواندنەكــە پاشانیش بە دەستهێنانی واتا)[1].

بەگشـتی (فنگنشـتاین) سـورە لـە سـەر ئـەوەی كـە(ناو) لـە(دەق) جیـا بكرێتـەوە چـونكە پێـی وایــە دەق خــاوەنی واتایــە تەنانــەت ئەگــەر واقیعەكەشــی ئامــادە نــەبێت. كەواتــە لێــرەوە دەگەینــە ئــەوەی كــە(ناونان) بەرهەمەكــەی (نــاو) دەبێــت و بــۆ ئــەو ئامانجــە هەوڵــدەدات، هــەروەها ناونــان بــریتی دەبێــت لــە گەیانــدنی بــیر لــە پەیوەندییــەكی ڕاســتەوخۆی نیشــانەیی لەنێوان ناو و ناونراوەكەدا، ئەمەش بەپێی لێكدانەوەی زمانەوانی فەلسەفەی.

## 8/1 ناو وەك كەرەستەیەكی گرنگی زمان

بایــەخ پێــدان و شــوێنی نــاو وەك بەشــێك لــە بەشــە ســەرەكییەكانی ئاخــاوتن لــە هــــەموو لایەنێكــــەوە جێگــــای بایــــەخی هــــەموان و ســــەرنجی زمانەوانانــــە ، بەســــەدان لێكۆلینەوە و بەدواداچوونی لەسەركراوە لەسەرجەم زمانەكانی دنیادا.

یــەكێك لــە دیــارترین ناوەكــان نــاوی مرۆڤــە كــە خــاوەنی تایبەتمەنــدی وگرنگــی خۆیــەتی لــە ژیــانی مرۆڤــدا، بەرانبــەر بــە نــاوی تایبــەتی مرۆڤــ لــە زانســتی زمانــدا زاراوەی (ئــەنترۆپۆنیم) بــەكاردەهێنرێت، ((ئـــەم زاراوەیـــە لـــە بنەڕەتـــدا لـــە دوو وشـــەی یۆنـــانی (ئـــەنترۆ–مرۆڤـــ) (یۆنۆمـا–نـاو) پێكهـاتووە))[2]. نـاوی تایبـەتی مرۆڤـ ونـاوی بـاوك وبنەماڵـە و لەقـەب و نـاوی ناســك و نــازداری و بچــوككردنەوە لقێــك لــە زانســتی زمــان پێكــدەهێنن ، كــەپێی دەوترێــت (ئەنترۆپۆنیمیك) ئەمەش دەبێت بە بەشێك لە بەشە سەرەكییەكانی (ئەنۆماستیك).

(1) بڕوانە : جمال حمود : 167 – 192.

(2) فاروق عمر سدیق ( 1990: 161 )

زانستی ئەنۆماستیکیش لەم لقانە پێکهاتووە:-

1-تۆپۆنیمیك ناوی (گیۆگراف)

2-ئیتنۆنۆمیك (ناوی خێڵ و میللەت)

3-کۆسمانۆمیك (ناوی گەردوون و بەشەکانی)

4-زوونۆمیك (ناوی حەیوانات)

5-ئەنترۆپۆنۆمیك (ناوی تایبەتی مرۆڤ)[1].

ناو بەگشتی لە بەشەکانی ئاخاوتندا چەند جۆرێك دەگرێتەوە، بەلأم ناوی مرۆڤ جێگای تایبەتی خۆی هەیە، ئەو هێز وچالاکیەی کە تیایدایە ، لە ناوەکانی تردا بەو چەشنە بەدی ناکرێت، ئەم چوست وچالاکیەش بەستراوەتەوە بە پێویستی مرۆڤ بۆ ناو.

ناو هەر لە دروستبوونی کۆمەڵی سەرەتاییەوە ، یەکێك بووە لە پێویستییە زۆر گرنگەکانی مرۆڤ. سەرەتا زمان بە ناو دەستی پێ کردووە، زمان تەنیا ناو بووە، ئێستاش ناو ئەگەر هەموو زمان نەبێت ئەوا بەشێکی گەورەی زمانە لە پاڵ پێکهاتەکانی تری زماندا.

زۆر جار زمان بریتی دەبێت لە ڕستێك ناوی جۆراوجۆر، ناوی کەس وشتەکان وسیفەتەکان کە ئەوانیش هەر ناون، ئەم ناوانە هەندێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودی کوردەوە هەیە یاخود عەقڵیەتی کوردی تێیدا ، ڕەنگی داوەتەوە، ئەمە جگە لەو ناوانەی کە لە زمانی دیکەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، جا هاتنی ئەو ناوانە بە هۆکاری جیاوازە وەك ئایینی یان تەکنەلۆژیا و ئەدەبیات...، ڕاستەوخۆ لەلای کورد کاریگەرییان هەبووە لە سەر ناونان.

زۆرجار لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە لەگەڵ بەرهەمەکانی وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتی ئەوروپا ناوەکان وەك خۆیان یان بە دەستکارییەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، بۆ نمونە لەسەردەمێکی زۆر زوودا وشەیەکی وەکو(عەلە تریك) بەکار هاتووە کە وەرگیراوی (ئیلیکتریك)ی ئینگلیزیە یان(ترۆمبێل)کە لە (ئۆتۆمۆبیل) هاتووە یاخود پارچەکانی ئۆتۆمبیل وەك (فیت پەمپ، هاندبرێك، بۆدی).

---

(1) فاروق عمر سديق ( 1990 :161 )

سەرجەمیان ناوی بیانین و هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە چەندین وشەی دیکەی وەك (مۆبایل و کۆمبیوتەر و لاپتۆپ و ئینتەرنێت ...) سەرجەمیان ناوی وەرگیراوی بیانین ، کە بەهۆی تەکنەلۆژیاو تێکەڵی میللەتانی جیهان لە ڕووی پێشکەوتنەکانەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە ، کە لە ڕاستیدا ئەمە دۆخیکی ئاساییە و لەسەرجەم زمانەکانی دنیادا بوونی هەیەو کار لە سەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی میللەت دەکات، هەندێ لە وشەکان ڕێك وەکو خۆی و هەندێکی دیکە گۆڕانکاری وای تێدا کراوە ، کە تەنانەت ناناسرێنەوە، بەگشتی ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت کاریگەری و ڕوشنبیری میللەتانە لەسەر یەکتری بەشێوەیەکی تایبەتی لە بواری ناوناندا، کە ڕەنگداندانەوەی گەورەی هەیە و لەگشت کاریگەرییەکان دیارترە، ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردییدا وەك هەر یەکێك لە زمانەکانی جیهان ڕەنگی داوەتەوە ودەرکەوتووە.

## 9/1 پێناسەی ناو لای زمانەوانانی کورد

بەهۆی ئەو گرنگیەی کە ناو هەیەتی لە ژیانی مرۆڤدا ، زمانەوانان چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ ناو کردووە ، لە زمانی کوردیشدا چەندین هەوڵ دراوە بۆ ناساندنی ناو، لە ڕاستیشدا گەر تەماشای ناوەرۆکیان بکەین سەرجەم پێناسەکان دەمانگەیەننە یەك ئەنجام لێرەدا دیارترینیان دەخەینە ڕوو :

1- (نوری علی امین) لە پێناسە کردنی ناودا خاوەنی ڕای تایبەتی خۆی بووە ودەڵێت:((ناو ووشەیەکە بۆ ناونانی کەسێ یان شتێ بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی سەیری تاف بکرێ) وەك (شاسوار ، گەلاوێژ، کەلار ، هەولێر، کەرکوك، کوڕ، کچ، بەژدار) هەریەکە لەم ناوانە ناوێکە بۆ کەس وشت بەکار هاتووە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تاف ناوەکان کرابێت))[1] . ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت ، کە لەم پێناسەیەدا گرنگی بەوە دراوە کە لە ناودا (تاف) دیاری ناکرێت یان گرنگی نییە لە ناوناندا.

---

(1) نوری علی امين ( 1960 : 62 )

2- (شـيخ محمـدی خـاڵ) پێناسـەی نـاوی بـەم جـۆرە کردووە:((نـاو ئیسـمێکە لـە بـۆ شـتێ دانرابـێ تـا بـەو ئیسـمە ئـەو شـتە ناسـرابێ))[1].ئـەوەی لـەم پێناسـەیدا گرنگـە ئامـانجی ناونانە کە بەمەبەستی جیاکردنەوە وناسینەوەی کەرەستەکانە لە یەکتری.

3- (احمـد حسـن احمـد) دەربـارەی نـاو دەڵێـت: ((نـاو وتەیەکـە، کەسـێك، گیانلەبـەرێك، بێگیانێك یان هەرشتێکی پێ دەناسین))[2].

ئەم پێناسەیەش گرنگی ناونان دەبەستێتەوە بە ناسینەوەی کەرەستەکانی دەوروبەر.

4- لیژنـەی زمـان وزانسـتەکان خـاوەنی ڕای تایبـەتی خۆیـان بـوون لەسـەر نـاو کـە دووبـارە نـاو لـە کـات جیادەکەنـەوە یـاخود دەڵـێن (کـات) لـە نـاودا بـوونی نییـە((ناو: ئـەو وشـەیەیە سـەربەخۆ واتایـەك دەگەیـەنێت کـە بەکاتـەوە نەبسـتراوە، وەك: کـاوە، سـاڵ، بەرد، پیاوەتی، هەولێر، گوڵ، پەپولە، هەڵپەرکێ.....))[3].

5- (صـادق بهـاء الـدین) پێناسـەی نـاوی بـەم جـۆرە کـردووە ((نـاو وشـەیەکە واتادارەکـانی تێـدا نییـە، گیانلبـەرێك یـان جێگایـەك یـان نەتەوەیـەك یـان شـتێکی پـێ نـاو دەنرێ وەك (سەروەر، پلینگ، کورد، عێراق، ئامەد) ))[4].

6- (ئـەورەحمانی حـاجی مـارف)یش خـاوەنی بـۆ چـوونی تایبـەتی خـۆی بـووە لـە پێناسـەی کردنـی نـاودا و دەڵێـت : (( نـاو ئـەو وشـەیەیە کـە نـاوی گیانـدارێك یـان بـێ گیانێـك یـان بیرێـك یـان کارێـك دیاریـدەکا. وەك (ژن، ئـازاد، ئەسـپ، کـۆتر، ماسـی، بـەرد، چـیا، گـوڵ، زەوی، تـرێ، خـەم، بـڕوا، منـداڵی، جـوانی، تاریکـایی، درومـان، کۆکـە.....)، هەریـەکێ لـەو ناوانـەی سـەرەوە ئاماژەیـە بـۆ ناوێـك، ناوەکـانی (ژن، ئـازاد، کـۆتر) ئاماژەیـە بـۆ نـاوی گیانـدار. هەریـەك لـە ناوەکـانی (بـەرد، چـیا ، گـوڵ....) ئاماژەیـە بـۆ نـاوێکی بـێ گیـان، هەریـەك لـە ناوەکانی (خەم، بڕوا، جوانی....)ئاماژەن بۆ بیرێك ))[5].

7- (نەسـرین فـەخری و کوردسـتان موکریـانی) دەربـارەی نـاو دەڵـێن: ((نـاو ئـەو بەشـە ئاخاوتنەیـە کـە کـەتیگۆری ڕێزمـانی، ناسـیاری، نەناسـیاری، کـۆ، ڕەسـەن ، دۆخ دەگرێتـە خۆی))[6].

---

(1) شیخ محمدی خاڵ ( 1976: 333 )

(2) احمد حسن احمد ( 1976 :87 )

(3) لیژنەی زمان وزانستەکان ( 1976 : 10 )

(4) صادق بهاء الدین ئامێدی ( 1978 :151 )

(5) ئەورەحمانی حاجی مارف ( 1979 : 93 )

(6) نەسرین فەخری وکوردستان موکریانی ( 1982 : 10 )

8- (ابـراهيم عزيـز ابـراهيم) ، دەربـارەی نـاو بۆچـوونی بـەم جۆرەيـە: (( نـاو وشـەيەكە كـە بـۆ ناونـانی كەسـێك يـان شـتێك يـان گيانلەبـەرێك يـان ڕووەكێـك بـەكار دەهێنرێـت كەبەكاتـەوە نەبەسترابێتەوە ))[1].

9- (ك.ك.كـوردۆيڤ) خـاوەنی پێناسـەی تايبەتـە ، بـۆ نـاو كـە تيايـدا دەڵێـت: ((نـاو بەشـێكە لـە بەشـەكانی سـەرەكی ئاخـاوتن بەيارمـەتی كـەتيگۆری ڕێزمـانی ناسـياری، نەناسياری ڕەسەن ، ژمارە، دۆخ واتای شت دەبەخشێت ))[2].

10- (صـالح حسـين پشـدەری) بـەم جـۆرە پێناسـەی نـاو دەكـات: (( نـاو ووشـەيەكە كرابێتـە نـاو بـۆ مرۆڤ، گيانـدار، سـێو، هـەنار، بـێ گيـان، ڕووەك، چـەمك (واتايەك)سادەبێت، دارژاوبێ، داتاشراو يان لێكدراو وەك: سوزان، هيوا، برايەتی ))[3].

11- (كوردسـتان موكريـانی) لـە بۆچـوونێكی تايبـەتی خۆيـدا دەربـارەی نـاو دەڵێـت: (( تايبەتمەندييـەكانی ڕێزمـانی لـە نـاوی كورديـدا كۆدەبنـەوە كـە بـريتين لـە (نەناسـراو، ناسـراو، ڕەگـەز، كـۆ، حاڵـەت) هەريەكـەش لـەو تايبەتمەندييانـە هێمـا ونيشـانەی تايبـەتی خۆی هەيە، لە پيتی كورديدا بەكۆتاييەوە دەلكێ ))[4].

12- (محسـن عبـد الـرحمن) پيناسـەی نـاوی بـەم جـۆرە كـردووە: (( نـاو دياردەيـەكی كۆمەڵايەتيـە ، وشـەيەكی سـاكار يـان وەرگـيراو، يـان تێكـەڵاوە كـە بـە مەبەسـتی جياكردنـەوەی لەكەسـانی تـر لـە مرۆڤ دەنرێـت ولەگـەڵ تێپـەڕبوونی كـات، واتـا وسـيفەتی خـۆی وەرگرتـووە نـاوی كـەس بـەپێی بارودۆخـە ئـابوری وئـاينی وسياسـی وكۆمەڵايەتيـەكان كاری تێ دەكرێت ))[5].

13- ليژنەيـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە بـەم شـێوەيە پێناسـەی ناويـان كـردووە: (( نـاو ئـەو وشـەيەيە كـە بـۆ ناونـانی كەسـێك يـان گيانـدارێك يـان شـوێنێك يـان ڕووداوێـك يـان شـتێك يـان ئـەوەی كـە بـوونی بەرجەسـتەييان نييـە و بـەهۆی بـير وئەندێشـەوە هەسـتيان پـێ دەكرێت، بەكار دەهێنرێت ))[6].

---

(1) ابراهيم عزيز ابراهيم ( 1983 : 10 )

(2) ك.ك.كوردۆيڤ ( 1984 : 61 )

(3) صالح حسين پشدەر ( 1985 :7 )

(4) كوردستان موكريانی ( 1989 : 55 )

(5) محسن عبد الرحمان ( 2002 : 992 )

(6) ليژنەيەك لە وەزارەتی پەروەردە ( 2005 :38 )

14- بەهەمان شێوەی پێشو لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە پێناسەیەكی دیكەیان بۆ ناو كردووە: (( ناو وشە وبێژەیەكە بەكاردێت بۆ ناونان و دیاریكردن وپیشاندانی گیاندارێك، مرۆڤ بێ، ئاژەڵ، یان ڕووەك یان بێ گیانیك شت بێ یان شوێن یان بیر ومەبەستێك ))(1).

15- ((ناو: وشەیەكە بۆ ناولینانی شتێك یان گیانلەبەرێك چ مرۆڤ بێت وچ گیانلەبەرێكی تر بێت بەكاردێت))(2).

ئەوەی لەم پێناسانەوە دەردەكەوێت كە ناو جگەلەوەی واتایەكی تەواو دەدات بەدەستەوە، هیچ پەیوەندییەكی بە كاتەوە نییە و ئەركی سەرەكی ناو جیاكردنەوەی كەسێك یان كەرەستەیەكە لە شتەكانی چواردەوری خۆی.

## 10/1 تایبەتمەندییەكانی ناو لە زمانی كوردیدا

هەریەك لە بەشە سەرەكییەكانی ئاخاوتن خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن وەك هەر شتێكی دیكە، ناویش خاوەنی چەندین تایبەتمەندی خۆیەتی كە دەتوانرێت لە بەشەكانی دیكەی ئاخاوتن بەو تایبەتمەندیانە جیابكرێتەوە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەكەم: دیاریكردن، یەكێكە لە تایبەتمەندییە (فەرهەنگییەكان)ی ناو، ئەمەش لە زمانی كوردیدا بەچەند ڕێگایەك دەكرێت:

1- بە هۆی مۆرفێمی (ەكە) و یەكێك لە ئەلۆمۆرفەكانی(یەكە، كە) بۆ نمونە:

كچەكە هات

وەستاكە هات

چرایەكە كوژایەوە

---

(1) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( 2007 : 65 )

(2) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( 2008 : 8 )

2– ناو بە هۆی ئاوەڵناوەکانەوە دیاری دەکرێت، ئاوەڵناوەکانیش وەك/

أ– ئاوەڵناوی نیشانە:

ئەم خوێندکارە هات.

ئەم کچە هات.

ب ــ ئاوەڵناوی ژمارە:

یەك قوتابی هات .

دوو منداڵ هاتن .

پ ــ ئاوەڵناوی پرس:

کام کچ هات؟

کام منداڵ جوانە؟

ت ــ ئاوەڵناوی نادیار:

فلاّن کوڕ هات .

فلاّن قوتابی هات .

ج ــ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد وبالاّ:

جوانترین کچ هات.

زیرەکترین خۆیندکار ڕۆیشت.

چ ــ ئاوەڵناوی چۆنیەتی :

کچە باشەکە هات .

منداڵە زیرەکەکە هات .

3ــ بە هۆی (ناو)ەوە دەکرێت ناوێك دیاری بکرێت:

کچی هاوڕێ هات.

ناوی مرۆڤ ← کچی پوری ئازاد دەرچوو.

خۆیندکارە جافەکە هات

ناوی هۆز ← پیاوە کەلهوڕەکە مرد

پیاوە دارتاشەکە هات

ناوی پیشە

کچە مامۆستاکە ڕۆیشت

کوڕەکانی سلێمانی هاتن

ناوی شوێن

کچەکانی خانەقین ڕۆیشتن

کوڕی ئەو هات

جێناو

کچی ئەو ڕۆیشت

4 ـ دیاریکردن بەهۆی مۆرفێمی (ەك) ویەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی:

یـەکیکی دیکـە لـە تایبەتمەندییـە دیارەکـانی نـاوە، لـە زمـانی کوردیـدا نـاو بـەهۆی مۆرفێمی(ەك)یـان یـەکێك لـە ئەلۆمۆرفـەکانی (یـەك، ێـك، یّ) دیـاری دەکرێـت کـەلای هەنـدێك لە زمانەوانان بە نیشانەی (نەناسراوی) ناوی هاتووە:

پیاویّ هات

کوڕەك هات

کچێك هات

مامۆستایەك هات.

( ئـەم تایبەتمەندیـەی نـاو (دیـاریکردن) گـرنگ وفراوانـە و بابـەتی لێکۆلینـەوەی گرنگـە لـە بوارەکەی خۆیدا کەبەکورتی ئاماژەمان پیّ کردووە )[1]

دووەم/ کۆکردن: (تایبەتمەندی رێزمانی )

تایبەتمەندییـەکی دیکـەی نـاو، کۆکردنەوەیـە ، کـە بەچـەند ڕێگایـەك دەکرێـت لـە زمـانی کوردیدا ناو کۆبکرێتەوە:

---

(1) بڕوانە: لیمۆ محمود توفیق : 2012 .

کوڕان بخوێنن

کچان وەرن ← مۆرفێمی کۆکردنەوە(ان)

دەکرێت ناو بەهۆی پاشگرەوە بکرێتە کۆ لەوانە:

سەوزەوات بۆ لەش پێویستە

کوڕگەل یەکبگرن

دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدانن ← ئەلۆمۆرفەکانی (ان)

ساڵەهایە لە خەبات بەردەوامین ← (وات، گەل، هات، ەها)

## 1/2 نـاو و واتـا

### 1–1/2 نـاونـان

مێژووی ناو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فێربوونی زمان و ناونانی شتەکان، هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە کەواتە لە سەرەتای پەیدابوونی زماندا ناویش پەیدابووە بەبەڵگەی ئەوەی خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت (وعلم ادم الاسماء كلها) کەوابێ سەرەتا مرۆڤ ناوی لە شتەکان ناوە بۆ ناسینەوەیان، دواتر ناونان لە مرۆڤ وناونیشان وشوێن بە مەبەستی جیاکردنەوەیان لەیەکتری وناسینەوەیان.

سـەرەتا ناونـان لای مرۆڤـ بـە دەربڕینی شـێوە بـووە ، واتـا مرۆڤـ بەشـێوە شـتەکانی دەربڕیـوە پـێش ئـەوەی زمـان نـاو لەشـتەکان بنێـت، (واتـە قۆنـاغی یەکـەم (پیکتۆگرافیـا) بـووە یـان وێنـەکردن.) ، مرۆڤـەکان شـێوەی شـتەکانی دەوروبـەریان دەکێشـا بـۆ نمونـە، دارێـك یـان گیانـدارێك کـە ئێسـتا بـەم جـۆرە نـاو دەهێنرێـت سـەرەتا شـێوەکەی دروسـتکراوە بـۆ ئـەوەی مانـای دار یـان گیانـدار بگەیـەنێت. مرۆڤـ هـەر لـە زووەوە ، نـاوی لـە هـەموو شـتێکی دەوروبـەری خـۆی نـاوە لەبەرئـەوەی ئـەم پرۆسـەیە یـەکێك بـووە ، لـە سـەرەتایترین پێویسـتیەکانی ژیـانی سـادەی مرۆڤـ. مرۆڤـ هەسـتاوە بـە ناونـانی کەسـانی دەوروبـەری خـۆی سـەرەڕای کەرەسـتەکانی دەوروبـەری، بـەم جـۆرە هـەر شـتێك لـە زمانـە جیاوازەکانـدا ناویـان وەرگـرت و هـەموو شـتێك لـە دەوروبـەری مرۆڤـ نـاوێکی وەرگـرت بـۆ جیاکردنـەوەی لەگـەڵ ڕەگـەزەکانی هاوشـانی، هـەر لـە بابەتـەکانی سروشـت تـا دیـاردە و شـتە فیزیکیـەکان. هـــەر لـــە دروســـتبوونی کۆمـــەڵگای ســـەرەتاییەوە دوای ئـــەوەی مرۆڤـــ زمـــانی داهێنـــا، نـــاو پێویســـتیەکی گرنگـــی مرۆڤـــ بـــووە، هـــەر لـــەو کاتـــەوەی توانیویـــەتی قســـەبکات و وشـــە دەربڕێـــت ، هـــەوڵی ناونـــانی شـــتەکانی داوە بـــۆ ناســـینەوەی شـــتەکانی دەوروبـــەری و سروشـت، بـەڵام بـەو جـۆرەی ناونـانی ئێسـتا نـەبووە و بـەجۆر و شـێوازێکی زۆر جیـاواز بـووە ((ئەمـەش دیـارە لەبەرئـەوە بـوو کەوشـەی ئامـادەکراوی نـەبووە ، کـە نـاوی پـێ لێـبنێ و دەبووایـە دروسـتی بکردایـە بـە جۆرێـك کـە منـاڵ دەبـوو ناویـان بـەو چـەمکی ئێسـتا لـێ نـەدەنا ئەوەی کە لێیان دەنا بریتی بوو لە جۆرە لەقەبێك یان جۆرە ناونیشانێك))[1].

---

(1) فاروق عمر سديق ( 1990 : 161 )

لەگــەڵ بــەرەو پــێش چــوونی کۆمــەڵ و پێشــکەوتن و پەرەســەندنی زمــان ، وەك یــەکێك لــە گــرنگترین بەشــەکانی ئاخــاوتن و پێویســتی مرۆڤــ بــەم بەشــە، نــاو لــە زۆر ڕووەوە لێکۆلینەوە و لێکدانەوەی لە سەر دەکراو لێکۆڵینەوەکان پەرەیان سەند.

دیــارە هــەر کۆمــەڵێك بــە گــوێرەی قۆناغــەکانی ژیــانی خــۆی و گۆڕانکــاری ڕۆشــنبیری، گۆڕانیــان لــە ناوەکــان دروســت کــردووە، ناوەکــان هەمیشــە لــە گــۆڕان و نوێبوونــەوەدان بــەپێی کــات، نــەوە دوای نــەوە هەنــدێ لــەو ناوانــە واتایــان فــراوان دەبــێ و هەنــدێکی تــریش بــەرەو تەســکبوونەوەی واتاکانیــان هــەنگاو دەنــێن، چــونکە ((زمــان بریتیــە لــە چــالاکی بــیری مرۆڤــ لــە نــاو کۆمەڵــدا، بــیری مــرۆڤیش لــە یــەکتر جیــاوازە و زمــانیش ڕەنگدانــەوەی بــیری مرۆڤە، بۆیە جیاوازی تێدەکەوێ))[1].

((ئەمــەش ئــەوە دەگەیــەنێ کەپێشــکەوتنی ڕۆشــنبیری وشارســتانی لــە نێــو هــەر نەتەوەیــەك کاریگەرییــەکی زۆری هەیــە لەســەر واتــای شــتەکان (نــاولێنراو) بــەرەو ئاراســتەیەك دەیبــات زۆر یــان کــەم دووری دەخاتــەوە لــە بــاری یەکــەمی بــەگوێرەی رێــژەی پێشــکەوتنی رۆشنبیری))[2].

هــەر قۆنــاغێکی میــژوویی بــەگوێرەی ڕەوشــی سیاســی و کۆمەڵایــەتی و ئــابووری نــاو دروســت دەکــات، عــادات و تەقالیــدی کۆمــەڵ کاریگەرییــەکی زۆری هەیــە ، بــۆ فراوانبــوونی یەکــەی زمــانیی (( نــاولێنراو بــە گــوێرەی بــارودۆخی کۆمەڵایــەتی دەڕوات، بــارودۆخی کۆمەڵایــەتی و ڕۆشــنبیری کۆمــەڵگا کاریگەرییــەکی زۆری هەیــە ، لەســەر یــەکی زمانــەوانی ، یەکــەی زمــانیی لــە هــەر کۆمەڵگایــەك ئاوێنەیــەکی ڕاســت و دروســتی ئــەو دنیایەیــە کــە تاکــەکانی ئــەو کۆمەڵگایە دەریدەخات لە ڕووی ڕۆشنبیری و عادات و تەقالید))[3].

هــەر بــە گــوێرەی توانــای مرۆڤــ و لێکدانــەوەکانی، تــەنها بونــەوەرە ، کــە بــەوە لــە بونــەوەرەکانی تــر جیادەکرێتــەوە کــە توانــای ســازکردنی وشــەی نــوێی هەیــە ، ((مرۆڤــ

---

(1) محمد احمد ابو الفرج: 1966 : 30 .

(2) نوال محمد عطية : 1975 : 23

(3) سەرچاوەی پیشوو: 23 .

توانـای ئـەوەی هەیـە نـاو لـە هـەموو دیـاردەو شـتەکانی دەوروبـەری خـۆی بـنیٚ، ئـەم بـوارەش تەنها بۆ ئادەمیزاد هەیە ، وشەی نویٚ بدۆزێتەوە یان بێنێتە بەرهەم))[1].

هــەر ئــەم توانایەیــە ، کــە مرۆڤــ لــە گیانــدارەکانی تــری ڕووی زەوی جیادەکاتــەوە، بـەهۆی ئـەم توانایـەی مرۆڤەوەیـە کـە نـاو دادەهـێنیٚ ئـەو ناوانـە دەچـنە نـاو فەرهـەنگی زمـان و فەرهـەنگی زمـانی پـیٚ دەوڵەمەنـد دەبێـت، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر زۆربـونی وشـە هەیـە و نــاو و لــە نەوەیەکــەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ نەوەیــەکی تــر ، ((ئــەو شــتانەی کــە بــاوك وباپیرانمـان کۆیـان کردۆتـەوە لـە زانسـت و زانیـاری وپـەیڕەو و پرۆگـرام و یاسـا ئـەخلاقی و ئاینییەکان لەڕێگای زمانەوە بەئێمە دەگات))[2].

مرۆڤــ دەتـوانیٚ کۆمەڵـە دەنگێـك بکاتـە هێمـا بـۆ هـەموو کەرەسـتەو پێداویسـتیەکانی ژیـانی سەرەڕای دیاردەکان لەوانەش ناو دووست بکات.

ناونـان ، بریتیـە لـەو کـارەی کـە تیایـدا مرۆڤــ بـە ئـارەزوو یـان ویسـتی خـۆی دەتوانێـت کۆمەڵـە دەنگێـك بکاتـە هێمـا بـۆ شـتێك بـۆ نمونـە دەنگـەکانی ( د، ا ، ر) بوونەتـە هێمـا بـۆ (دار) ئەمــە تــەنها ڕێککەوتنــە، چــونکە ((زمــان لــە بنەڕەتــدا بریتییــە لــە ڕێککــەوتنی کۆمەڵایەتی))[3].

لــە زمانــدا بــە گــوێرەی جیــاوازی نێــوان زمانــە جیاوازەکــان ، هــەرناوێك لــە زمانــدا واتــای تایبـەتی خـۆی هەیـە کـە بەوشـەیەك یـان زیـاتر ئامـاژەی پـیٚ دەکرێـت ((وشـەی هـەر زمـانیٚ هێمایە بەرانبەر بە(تەن، ڕووداو، شت، کەس) دەوەستێت لە دونیای دەرەوەدا))[4].

تــاك لــەناو کۆمــەڵ فێـری زمـانی دەبێـت، چـونکە زمـان دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، بـەهۆی پێشــکەوتنی بـاری شارســتانیەتەوە ، زمــان بۆتــە ئــامێریکی گــرنگ بــۆ مرۆڤــ بەمەبەســتی پەیوەنـدی و بـەکارهێنانی لـە بـواری جیـاوازدا ، چـونکە هـەموو شـتێك لـە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا پەیوەنــدی بەزمانــەوە هەیــە و هــەر شــتێکیش نــاوێکی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە ((مرۆڤــ

---

(1) جلوريا وغيره: 1998: 362.

(2) فاخر عاقل ( 1978 : 173 )

(3) محەمەد معروف فتاح ( 1990 : 38 )

(4) عەبدولواحد موشیر دزەیی ( 2005 : 23 )

نـــاتوانێ بــەردەوام پەیوەنــدی بەشــتەکانی دەوروبەرییــەوە بکــات ، بــەبێ بــەکارهێنانی هێمــا زمانیەکان))[1].

ناونــان دیاردەیــەکی تــەواو کۆمەڵایەتییــە ، چــونکە تــاکێکی نــوێ دروســت دەکــات ، لــەو ژینگــە کۆمەڵایەتیــەدا کــە تیایــدا بــوونی هەیــە، نــاوێکی تــازە بــۆ شــتێك دەدۆزێتــەوە تابێتــە هێمــای جیاکردنــەوەی لــە شــتەکانی تــری نــاو کۆمــەڵ، ((نــاو لــە نێــو کۆمەڵــدا کاریگــەری کۆمەڵی پێوە دیارە))[2].

ناونـــان کاریگــەری لەســـەرە بـــەجۆرێك لایـــەنی ئـــاینی و هـــزری و فەرهـــەنگی و کلتـــوری ئـــەو کەســانەی کــە بەشــدارن لــە پرۆســەی ناونانەکــەدا ڕەنگدانــەوەی دەبێــت ، لــە ســەر پرۆســەی ناونانەکــە ، ســەرەڕای کــات چــونکە گۆڕانکــاری لــە کاتــدا یــان بەتێپــەڕبوونی کــات گــۆڕان لــە ئاســـتی هۆشـــیاری وفکـــری تاکـــدا دروســـت دەکـــات کـــە ڕاســـتەوخۆ لـــەم پڕوســـەیەدا کاریگەریەکەی دەردەکەوێت.

## 2 / 1 – 2 پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو بەپێی تیۆرەکانی واتا

هـــەر لەگـــەڵ پەیـــدابوونی زانســـتی زمانـــدا چـــەندین تێـــوری پەیـــدابوون بەمەبەســـتی بیرکردنـــەوە لـــە پەیوەنـــدی نێـــوان وشـــە و واتـــا و چـــەمك و بـــیر ئـــەم تیۆریانـــە لای زانایـــانی بـــواری زمـــان خـــاوەنی گرنگـــی خۆیـــان بـــوون و هەریەکـــەیان بـــەجۆرێك پەیوەنـــدی نێـــوان نـــاو ناولێنراو ڕوون دەکەنەوە :

### 1/2–2–1 تیۆری ناونان (تیۆری ئەفلاتون)

ئـــەم تیـــۆرە لـــە لایـــەن زانـــا و فەیلەســـوفی بـــەناوبانگی جیهـــان و یۆنـــان (ئـــەفلاتون) خراوەتــە ڕوو هەرچــەندە لەڕاســتیدا تیۆرەکــە بــەناوی (ناونــان) دانــراوە ، بــەڵام لــەناو زانایــان وکەســانی پســپۆری بــواری زمانــدا بــە (ئــەفلاتون) نــاوی هــاتووە ، بــەپێی ئــەم تیــۆرە ئــەو هێمایــەی کــە لەزمانــدا هەیــە (وشــە) ئامــاژە بــۆ شــتێك هێمــا بۆکراوێــك لــە دەرەوە (واقــع) (real) دەکات .


---

(1) عبد الصبور شاهين ( 1980 : 95 )

(2) موفق الحمدانی ( 1982 : 225 )

ئــەفلاتون لــە تیۆرەکەیــدا دەڵێــت: ((هێمــا (signifier) وشــەی زمانــە، هێمــا بــۆکراویش (signified) ئـەو شـتەیە ، کـە لـە واقیعـدا بـوونی هەیـە، وشـەکە دەینـوێنێ، یـان ئامـاژەی پێدەکات، یان دەستنیشانی دەکات، وشەکانیش ناون، یاخود ئاماژەن بۆ شتەکان))[1].


دەکرێت لەم نمونەیەی خوارەوەدا زیاتر ئەم تیۆرە بخەینە ڕوو :




((منـاڵ بـەزۆری وشـەکان لـە ڕێـی ناونانـەوە فێردەبێـت، لـە ڕێـی لاسـایکردنەوەی دایـك و بــاوك ودەوروبــەرەوە پرۆســەکە بــەرێوە دەبــات هەوڵــە ســەرەتاییەکانیش هــەر بــەهۆی وشــەی (بــاوك) وە دەبێــت لــە رێــی دەربــڕینی نــاوی شــەمەندەفەر، یائۆتۆمبیــل یــا پشیلە))[2].

## 2-2-1/2 تیۆری ئاماژەیی (هێمایی):

((ڕابـەری ئـەم تیۆرییـە هـەردوو زانـا (ئـۆدگن و ریچـاردن)ن ، تیۆریەکـەی ئـەم دوو زانایـە بــە تیــۆری ئامــاژەیی ناســراوە، (Denotational) یــان (Referential theory)، تیۆرییەکەیان لەم سێگۆشەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو))[3]:




(1) ف.بالمر ( 1985 : 23 )
(2) ف . بالمر : 24.
(3) احمد مختار عمر ( 1998 : 54 )

لەم سێگۆشەیەدا:

هێما: بریتییە لە (فۆرم) کە زنجیرە دەنگێکی رێکخراوە وشەپێکدێنێ.

چەمك: ناوەرۆك، وێنە، بۆچوون (واتا) لە خۆ دەگرێت.

شتی دەرەوە: واتە (تەن، کەس، شت، ڕوداو)

((خالێ سەرەکی لەم سێگۆشەیەدا ئەوەیە ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان وشە و شتدا نییە))[1]. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بەلام بەپێی ئەم سێگۆشەیە پەیوەندی ڕاستوخۆ لە نێوان هەریەك لە چەمك و شت، هەروەها چەمك و شەدا هەیە.

## 3-2-1/2 تیۆری بەکارهێنان (Context theory):

ئەم تیۆرییە خاوەنەکەی یان پێشەواکەی (فێرث)ە، دواتر هەریەکە لە (هالیدای و ئینتۆش و سینکلەیر و میشیل) کاریان لەسەرکرد، بەلام (لیۆنز) بەیەکەم کەس دادەنرێت کە گەشەی بەم تیۆرییەدا.

((واتای وشە لای ئەمان شێوازی بەکارهێنانیەتی لە زماندا))[2]. وشەکانیش هەموو لێلن لە بەکارهێناندا ڕوون دەبنەوە.

(ئۆلمان) دەڵێت:(( دانەری فەرهەنگ دەبێت تێبینی واتای وشەکان بکات بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکار دەهێنرێت، لە کاتی قسەکردن یان نوسیندا پاشان ئەتوانێت لە فەرهەنگدا تۆماریان بکات بە گوێرەی ئەو واتایانەی کەلە ژیانی رۆژانەدا بەکار هاتوون))[3]. ((چونکە وشە واتایەکی شاراوەی هەیە و لەکاتی بەکار هێناندا بەدیار دەکەوێت))[4]. واتە وشە واتای تەواوی دەرناکەوێت، تا وەکو نەچێتە بواری بەکارهێنانەوە، ((دەوروبەر واتای یەکە واتاییەکان دەستنیشان دەکات))[5].

---

(1) ستیڤن اولمان ( 1986 : 77 )

(2) احمد مختار ( 1998 : 68 )

(3) سەرچاوەی پێشوو: 68 .

(4) عەبدلواحید موشیر دزەیی ( 2004 : 12 )

(5) شیروان حوسین ( 2011 : 46 )

**4-2-1/2 تیـۆری فیلـّـده واتاییـەکان : فیلـّدی لێکسـیکی (lexical fields) یـا فیلـّدی واتایی (semantic field)**

((فیلـّــدی لێکســـیکی کۆمەڵــە وشـــەیەکن ، ســـیمایەك پێکـــەوە دەیانبەســـتێتەوە))[1]. بۆنمونـە ئـەو وشـانەی ، کـە تایبـەتن بـە ئاوەڵنـاوی ڕەنگدانـەوە هـەموویان لـە ژێـر چـەتری فێڵـدێکی لێکسـیکی، یـان واتـایی دەبینـرێن ( پرتـەقاڵی، شـین، سـوور، زەرد.......)،((ئـەم تیۆرییـە داهێنـانێکی ڕۆنانکارەکـان بـوو، هەوڵیانـدا واتاکـان بەهـەمان پـەیڕەوی دەنگسـازی پۆلێن بکەن))[2].

((کۆکردنـــەوە و دارشـــتنی بیرەکـــان بەشـــێوەیەکی پتـــەو بـــۆ (جوســـت تریـــر)ی ئـــەڵمانی دەگەڕێتـــەوە کەگریمانەکـــەی لەســـەردەمی خـــۆی (نزیکـــەی 1930) ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێنابوو))[3].

((بـــەپێی ئـــەم پەیوەندیـــەی نێـــوان وشـــەکان، وشـــەکانی هـــەموو زمانێـــك لـــە چـــەند بوارێـــك کۆدەبێتـــەوە، بـــەڵام بوارەکـــان داخـــراو نـــین و زیـــاد وکـــەم دەکـــەن وپێوەنـــدییان پێکـــەوە هەیە))[4].

گرنگــی ئــەم تێوریــە لــە وەدایــە، وشــەکان بــەپێی پســپۆری وتایبەتمەنــدی دەبنــە ئەنــدامی فێلــدێکی گشــتگیر، کــە خزمایــەتی وهاوڕێیــەتی نێــوان وشــەکان دیاریــدەکات، بــۆ نمونــە فێلـدی خـواردن تـەنها ئـەو وشـانە دەگرێتـەوە کـەبۆ خـواردن بشـێن وەك : ئـاو ، میـوە، نـان ، سێو، پەتاتە ....... هتد.

---

(1) احمد مختار ( 1998 : 79 )

(2) عبد الواحد موشیر دزەیی ( 2010 : 62 )

(3) کلۆد جیرمان و ریمۆ لۆبلان ( 2006 : 38 )

(4) شیروان حوسین ( 2011 : 47 )

## 5–2–1/2 تیۆری دی سوسێر (De Saussure theory):

دانــەری ئــەم تیۆرییــە زمانــەوان (دی سۆســێر)ە کــە بەدامەزرێنــەری قوتابخانــەی کۆمەڵایــەتیبوونی زمــان دادەنرێــت واتــە زمــانی وەك دیاردەیــەکی کۆمەڵایــەتی لێکدانــەبڕاو خســتوتە ڕوو[1].((لەســەر ئــەم بنەمایــە سۆســێر ســێ ڕوانگــەی گرنگــی نوســیوە))[2]. بنەماکانیش بریتین لە:

أ– ڕوانگــەی یەکــەم Le Langage "زمــان" کــە زمــان لــە ئەوپــەڕی فراوانــی واتــایی دەبینێتەوە ، واتە زمان وەك دیاردەیەکی مرۆیی گشتی سەیر دەکات.

ب– ڕوانگــەی دووەم La Langue (تایبەتــە بــە زمــانێکی دیــاریکراو، وەکــو زمــانی کــوردی، عــەرەبی.......، بــە تایبــەتی یاســای وشــە فەرهەنگییــەکان و رستەســازی لەســەر دەمێکــی دیــاریکراودا دەگرێتــەوە، سۆســێر پێــی وایــە تێکــڕای یاســا و وشــەکان لەگــەڵ واتاکانیــان و هــەروەها پــۆل و دابەشــکردنەکان بــە شــێوەیەکی ســەربەخۆ لــە مێشــکی قسەکردا هەڵگیراون

و((تەنانــەت ناشــتوانرێ گۆڕانیــان بەســەردابێت، واتــە بــە شــێوەیەکی چەســپاو لەمێشــکدا هەڵگیراون))[3].

پ ـ ڕوانگەی سێیەم La Parole (قسەکردن) بەواتای خستنە ڕووی زمانیکی دیاریکراو

La Langue لەلایــەن تــاکی قســەکەرەوە بــۆ بەدەســتهێنانی ئامانجــەکانی لــەرێی دەربڕینەوە (دەنگ) بەمەش دەگوترێت (قسەکردن)(La Parole)[4].

سۆسـێر لـە لێکچـەرەکانیدا پێشـنیازی ئـەوەی کـردووە، کـە ((پێویسـتە زمانـەوان خـۆی بـۆ هێمــا کۆمەڵایەتییــە هاوبەشــەکان و سیســتەمی ئەپســتراکت تــەرخان بکــات، کەبــەزمانی (Langue) ناوی بردووە لەگەڵ چالاکیە دیاریکراوەکانی قسەکەر (Parole) ))[5].

---

(1) بڕوانە : محمود السعران ( 2008 : 301 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 301 .

(3) سەرچاوەی پێشوو: 302 .

(4) سەرچاوەی پێشوو: 302 .

(5) H.G.widdowson ( 2009: 21 )

هــەروەها سۆســێر دەڵێــت: (هێمــای زمــانی نــاو و شــت کــۆ ناکاتــەوە بــەڵکو واتــا وێنــەی دەنگی(فــۆرم) کۆدەکاتــەوە، وشــەش دوو ڕووی هەیــە کەلەیــەکتری جیــا نابنــەوە، ئــەوانیش فۆرم و واتان)(1).

## 6–2–1/2 تیــــۆری هۆشــــــەکی(وێنەیی)،(Ideational-theory) یــــا (Image-theory):

ئــەم تێۆرییــە لــە لایــەن (جــۆن لــۆك)ەوە ســەریهەڵداوە، کــە مێــژووی ســەرهەڵدانی ئــەم تیۆرییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم.

(جــۆن لــۆك) دەڵێــت: ((دەبێــت بــەکارهێنانی وشــەکان ئاماژەیــەکی ڕاســتوخۆی بیرەکــان بن))(2).

هــەروەها (ســتیفن ئۆلمــان)یش پێــی وایــە، ((واتــا بریتیــە لــەو پەیوەندییــە دوو ســەرەی کــە لــە نێــوان وێنــەی هۆشــەکی ووشــەدا هەیــە))(3). ئــەم تیۆرییــە زمــان ((وەك هۆکارێــك بــۆ گەیانــدنی بــیر))(4). دادەنێــت، لێــرەدا فــۆرم وبــیر هــەردووکیان لــە نــاو مێشــکدان، واتــە کاریگــەری ناوەوەن بۆیە بەم بۆچوونە دەگوترێت هۆشەکی.

((ئــەم بۆچــوونە واتــا وەك (چــەمك، وێنــە، بۆچــوون) لێکدەداتــەوە، جــا لەبەرئــەوەی چــەمك نــاپێورێ و بــەپێی کــەس دەگۆڕێــت، پــڕ بەپێســتی وشــە نییــە ، واتــە یــان کــەمترە، یــان زیاترە))(5).

لێــرەدا پێویســتە ئامــاژە بــە لایــەنێکی گــرنگ بــدەین، کــە هــەردوو تیــۆری (هۆشــەکی) و تیــۆری (ناونــان)، وەك هــەموو تیۆرییــەکانی تــر روبــەڕووی ڕەخنــە بونەتــەوە، بــەوەی ئامرازەکــانی (بەســتن، پەیوەنــدی، لێکــدان) کــە بــە وشــەی ئــەرکی دادەنــرێن هــیچ وێنەیــەك، بیرێــك، بۆچوونێك، لەبەرانبەریان نییە.

---

(1) بڕوانە: ماجدە توماس حانە ( 2008 : 72 )

(2) احمد مختار عمر ( 1998 : 57 )

(3) کورش سەفەوی ( 2006 : 1 )

(4) احمد مختار عمر ( 1998 : 57 )

(5) سەرچاوەی پێشوو: 57.

## 7-2-1/2 پرۆسەی ناونان وەهەنگاوێکی نوێ :

بـــەگوێرەی گرنگـــی ناونـــان بەمەبەســـتی ناســـینەوەی کەرەســـتەی دەوروبـــەر، هـــەر لەسـەرتاوە پرۆسـەی دانـانی ناوێـك بـۆ ناولێنراوێـك بۆتـە جیگـای تێڕامـانی زانـا و فەیلەسـوفە یۆناتیـــەکان، واتـــە لەســـەر بنەمایـــەکی فەلســـەفی ئـــەو پەیوەندیانـــەیان لێکداوەتـــەوە، قســـەکردن لەســـەر پرۆســـەی ناونـــان و ئەوپەیوەندییـــەی لـــە نێـــوان وشـــە و شـــتدا هەیـــە، ماوەیـــەکی زۆری خایانـــد لەســـەردەمی یۆنانیەکانـــدا، هەنـــدێك بۆچـــوون بـــۆ پرۆتـــاگۆراس Protagoras (480–410 پ.ز) دەگەڕێتـــەوە، هەنـــدێ بۆچـــوونی تـــریش پێی وایە بۆ پیماگۆراس Pythagoras (572–497 پ.ز) دەگەرێتەوە.

(یۆنانییـەکان پێیـان وابـوو پەیوەندییـەکی لـۆجیکی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان ئـەو واتایـەی بـە وشـــەکان دەردەبڕێـــت و لەگـــەڵ شـــێوە دەنگییـــەکانی، یـــاخود پەیوەندییەکـــە رێکەوتنـــە و بەهۆی رێکەوتنەوە دروست بووە)[1].

(یـەکێك لـەو ڕەخنانـەی ڕووبـەڕووی تیـۆری ناونـان بۆتـەوە ئـەویش ئەوەیـە لەسـەر هـەموو ناوێـك جێبـەجێ نابێـت، بـەڵکو تـەنها لەسـەر هەنـدێك نـاو جێبـەجێ دەبێـت، چـونکە هەنـدێ نـــاو بـــوونێکی سروشـــتیان نییـــە، تـــەنها لـــە خـــەیاڵ و مێشـــکی کەســـەکە دایـــە وشـــتێکی بەرجەستەی لە بەرانبەردا نییە وەك/ خێو، مۆتەکە، جنۆکە،..... هتد)[2].

((هـەروەها هەنـدێ شـت (چـەمك) لەبـەر گرنگـی و دووبـارە بوونـەوەیان لـە ژیـانی کۆمـەلێك چـەند ناوێکیـان هەیـە، بـۆ نمونـە لـە زمـانی (ئەسـکیمۆ)دا چـوار وشـە بـۆ بـەفر هەیـە، وەك بـــەفری ســـەر زەوی و ئـــەو بـــەفرەی دەبارێـــت و ســـەهۆڵ و چـــلورە، بـــە پێچەوانەشـــەوە لـــە زمـــانی هـــۆپی Hopi تـــەنیا وشـــەیەك بـــۆ چـــەندین نـــاولێنراو بـــەکاردەهێنرێت بـــۆ نمونـــە (باڵدار) بۆ هەرسێ وشەی (فرۆکە و میش و باڵندە) بەکاردێت))[3].

بـەپێی لۆجێـك وبیرکردنـەوەی ئـەم سـەردەمە، شـتێکی مەحاڵـە لـە نـاو کۆمەڵێکـدا لەسـەر دانـانی ناوێـك بـۆ ناولێنراوێـك رێککـەوتبن، بگوترێـت بـا هـەموو بـەو شـتە بڵـێین (دار، دیـوار، گوڵ...هتد) لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت.

---

(1) بڕوانە : میلکا افیتش ( 1996 : 10 )

(2) بڕوانە : ف.بالمر ( 1985 : 25 )

(3) سەرچاوەی پێشوو : 28.

کـە ئـەو وشـەیە لـەدەمی کەسـێکەوە داکـەوتبێت و وردە وردە لـە نـاو کۆمەڵـدا بـەکار هێنرابێـت و دواتـر چەسـپابێت (واتـە ئەمەیـە رێککەوتنەکـە)، بـەڵام بـە هـیچ شـێوەیەك نازانرێـت لـە دەمـی کـێ؟ و چـۆن پەیـدابووە؟ چـونکە وشـە کـاتێکی زۆری دەوێـت تـا دەچەسـپێت، واتـە وشـە نـە، کۆبوونـەوەی بـۆ کـراوە، نـە کۆبوونـەوەی بـۆ دەکرێـت بـەڵکو (تـەنیا بـۆ دانـانی زاراوە کۆبوونـەوە دەکرێـت، چـونکە زاراوە بـە پێـی رێکـەوتنی کەسـانی پسـپۆر بەرهـەم دێـت سۆسـێر زمـانی مرۆڤـی بـە پـەیڕەوێکی هێمـایی تاریـك و لـەخۆوە داناوە، کە ئەمەش بەگرنگترین بۆجوونەکانی دادەنرێت)[1].

وشـەی ڕوون ئـەو وشـانەن کەزیادەیـەك چـۆتە سـەریان و وشـەیەکی نوێیـان دروسـتکردووە وەکو:

کوردسـتان، شـەکردان، نێرگزەجـاڕ، بێکـەس ... یـا ئـەو وشـانەی بـەهۆی لێکدانـەوە دروسـتبوون وەکـو: جـاو سـاغ، باڵابـەرز، شەوچـەرە.....هەندێ وشـەش هـەن لـە زمـانێکی دیاریکراودا بەهۆی لاسایکردنەوەی دەنگەکانیەوە ڕوونن وەکو:

گڤـەگڤ ، هاژەهـاژ ، کوکـوختی ...... هـەروەها ئیدیۆمـەکانیش کەلەشـێوەی فرێـز و رستەدا خۆیان دەنوێنن هەر یەك بیر ، واتا، چەمك بەدەستەوە دەدەن وەکو:

- موی لوت (بێنرار کەر)
- سەری خۆی نیە(لاسارە)

وشـە تاریکـەکانیش لـە ڕووی پێکهاتنـەوە لەیـەك مـۆرفیم پێکهـاتوون، هـیچ پەیوەندییـەك لـە نێـوان فـۆرم و واتاکانیانـدا بـەدی ناکرێـت، بەوپێیـەی نازانرێـت چـۆن و بـە چ هۆکارێـك ئـەو پەیوەندییە دروست بووە.

بـەهۆی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی زانسـتی ئیتێمولۆژییـەوە، تـا ڕادەیـەك پـەردە لـە سـەر ئـەو تاریکیـەی وشەشـدا هەڵدراوەتـەوە، زۆرێـك لـەو وشـە تـاك مۆرفێمانـەی ئـەمرۆ، پێشـتر لـە مۆرفێمێـك زیـاتر بـوون واتـە لەئـەنجامی لکانـدنی سۆفێکسـێك بـۆ سـەر ڕەگ، یـا بناغـەی وشـە کەبە هۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بونەتە بەشێك لێی وەکو:

مر+یش+ك=مریشك ، جوچك–جوچکە=جوچ+/–کە/(سۆفێکسی بچووککردنەوە).

---

(1) بڕوانە: محمد معروف فتاح ( 1989 : 41 – 43 )

بەوپێیــەی زانســتی ئەســڵی وشــە (ئیتیمۆلــۆژی) هەنــدێ جــار پەنجــە دەخاتــە ســەر وشــەکە و بەبەڵگــەوە، فۆنێمــە ســەرەکییەکانی دەخاتــە ڕوو، بــەم شــێوەیە بــەپێی ئــەم زانستە بێت، وشەی سادەو یەك مۆرفێمی لە زماندا کەمن، بۆ نمونە:-

(مــەرگ فــۆنێمی ســەرەکی (م)ە، (-ەر)یــش وەك پاشــگرێکی وشــەدارێژە، چــەندین وشــەی تــری لــە زمانەکــەدا پــێ ســازکراوە، (م) فۆنێمــە ســەرەکییەکەیە، مەبەســت لــەو کەســەیە لەتاو ئێش وئازار ونەخۆشی(ئمئمێتی) ولە حاڵەتی سەرەمەرگدایە)[1].

((ژن: (ژ-)+(-ن) سۆفێکســی (-ن) لــە زمانــە ئێرانیــە کۆنەکانــدا دەچــوونە ســەر ڕەگــەزی مێنیە))[2].

خــودی وشــەی (ژن) پەیوەنــدی بــە (زان و ژیــان و ژیــن و گیــان)ەوە هەیــە، ڕەگــی (ژ) دەچـێتەوە سـەر بـیرو چـەمکی (ژیان).بـەپێی ئـەم زانسـتە ئـەو وشـانە و هەڵبـژاردنی فۆنێمـە سـەرەکییەکانی مۆرفێمەکـە هـەر لـە خـۆوە وبـێ بنـەما نییـە، بـەڵکو پەیوەندییـەکی لـۆجێکی لــە دانــانی ئــەو مۆرفێمــە، یــا فۆنێمــە ســەرەکییەکانیدا هەیــە لــەو وشــەیەدا، بــەڵام ئــەو پەیوەندییــەی لــە نێــوان (نــاو ونــاولێنراو)دا هەیــە، پەیوەندییــەکی لــە خۆوەیــە، نــەك بــە ڕێکـەوتنی چـەند کەسـێك بـەڵکو ڕێکـەوتن، تـەنیا لـە زاراوە دانانـدا ڕۆڵـی هەیـە، کـە لـە نێـوان چەند کەسێکی پسپوردا دادەنرێت و لەسەری ڕێکدەکەون.

---

(1) بڕوانە : فاروق عمر سدیق ( 2011: 78-95 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 158 – 171 .

## 2 / 2 جۆرەكانی واتای ناو :

بە شێوەیەكی گشتی واتا بۆ چەند شێوەیەك دابەش دەكرێت، ئەوەش بە گشتی پەیوەندی بەباسەكەی ئێمەوە هەیە بەو پێیەی بیری مرۆڤ رۆڵی هەیە لە جیاكردنەوە و دابەشكردنی ناو بۆ چەند واتایەك ، دابەشكردنەكەی (لیچ) (LEECH) كە بەگشتی سێ جۆر واتا جیا دەكاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :–

1– واتای هۆشەكی

2– واتای باركراو (لاوەكی):

أ– راگەیاندن

ب – شێوازی

پ – دەروونی

ت – ڕەنگدانەوە

ج – هاورێیەتی

3– واتای بابەتی[1].

## 1–2/2 واتای هۆشەكی:

ئەم واتایە بەهۆیەكی سەرەكی لە یەكتر گەیشتن دادەنرێت و بەشێكە لە واتای فەرهەنگی وشە و یەكێكیش لە گرنگترین ئەركەكانی وشە ناونانە ((گرنگی بەدیهینانی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە دەبێت، بەكارهێنەرەكانی لە سەر ئەم واتایە لە ناو خۆیاندا رێك بكەون، بەوەی كە ئەم وشەیە بۆ شتێك دانراوە))[2]. لێرەدا مەبەست لەو ڕێكەوتنە تەنها جیاكردنەوەیەتی لە ناوێكی دیكە وەك پێشتر ڕونمان كردەوە.

ئەم جۆرە واتایە چەند تایبەتمەندییەكی هەیە:–

---

(1) LEECH ( 1974:10 )


(2) عەبدوللا عەزیز محەمەد ( 1990: 51 )


1- له هەموویان گرنگترە بۆ زمان.


2- دەورێکی گرنگ دەبینێ لە پەیوەندی کردندا.


3- کــە پێناســەی زمــان دەکرێــت و بــاس لــە پەیوەنــدی نێــوان (واتــا و دەنــگ) دەکرێــت مەبەست لە واتا ئەم جۆرە واتایەیە .

4- ئەم جۆرە لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەردەخات :




## 2 / 2 – 2 واتای بارکراو (لاوەکی)

### 1-2-2/2 واتای ڕاگەیاندن :

لێــرەدا مەبەســت لــە هــەر واتایــەکی زیــاترە، کــە ســەرەڕای واتــا هۆشــەکیەکە لــە کــاتی یــاخود لەگــەڵ ناونانەکــەدا یــان لــە کــاتی نــاو هێنانەکــەدا زیــاد و کــەم دەکرێــت، ئــەم جــۆرە لــە

واتـا ناکرێـت لـە فەرهەنگـدا لەگـەڵ ناوەکـە جێگـای بکرێتـەوە چـونکە گۆڕانکـاری بەسـەردا دێت بەتایبەتی بە تێپەڕبوونی کات.

ئەم واتایە چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە لەوانە:-

1- لە گۆڕانی بەردەوامدایە وکۆتاییەکی کراوەی هەیە.
2- پلەی پێوانەیی هەیە (کەمتر یان زیاتر).
3- هەندێ جار تێکەڵی واتا هۆشەکیە سەرەکیەکە دەبێت .

بۆ نمونە/

ژن ← + منداڵبوون
ژن ← + لە چك بەستن
ژن ← + خۆ ڕازاندنەوە


## 2 / 2 – 2 – 2 واتای شێوازی:

ئـەم جـۆرە بەگشـتی زانیاریمـان دەربـارەی چـونیەتی بیرکردنـەوەی قسـەکەر و تەنانـەت ئـەو زارەش پـێ دەدات کـە قسـەکەر قسـەی پـێ دەکـات سـەرەڕای پلـەی پێشـکەوتنی زارەکـە، بۆ نمونە:

بەرف ← واتای هۆشەکی (بەفر)
بەرف ← واتای لاوەکی (شێوەزاری بۆتان)

### 3-2-2/2 واتای دەروونی:

ئـەم جـۆرە لـە واتـا هەسـت و سـۆزی قسـەکەرەکەی تێکـەڵ دەکـات یـاخود لەگـەڵ دەربـڕینی واتـا کەیـدا نـاخی قسـەکەریش پیشـان دەدات ((واتـای کاریگـەری ئـەتوانێت بـەهۆی واتـای هۆشـەکی یـان لاوەکییـەوە یـان شـێوازییەوە هەسـتی قسـەکەر دەربیڕێـت بەرانبـەر ئـەو بابەتەی کەلێی دەدوێت))[1].




### 4-2-2/2 واتای ڕەنگدانەوە:

ئـەم واتایـە جگـە لـەوەی وشـەیەك واتایـەکی تایبـەتی یـان ڕووداوێـك یـان شـتێکی دیـاریکراو دەستنیشـان دەکـات، چـەند شـتێکی ترمـان وەبـیر دەخاتـەوە، بۆنمونـە کـە گوێمـان لـە دەنگی (هەلهەلە) دەبێت یەکسەر (شایی) مان وەبیردێت[2].

هـەروەها ئـەم جـۆرە واتایـە ((کـاتێ هەسـتی پـێ دەکرێـت کەیـەکێك لـە واتاکـانی فۆرمەکـە قەدەغە بێت))[3].

ئـەم جـۆرە واتایـە زیـاتر لـە وشـە هاوبێژەکانـدا هەسـتی پـێ دەکرێـت یـەکێك لـە واتاکـانی ئاسایی و ئەوی دیکەی نەشیاو یان ڕێگەپێدراو نەبێت لە کۆمەڵدا.

---

(1) بێخاڵ عبد الله سعید ( 1989 : 18 )

(2) عبدالله عزیز محمد ( 1990 : 54 )

(3) محمد معروف فتاح ( 1990 : 160 )

## 5-2-2/2 واتای هاوڕێیەتی:

مەبەست لـەم جـۆرە واتایـە ئەوەیـە کەلـەکاتی بـەکار هێنـانی لەگـەڵ وشـەی دیکـە هاورێیـەتی ونزیکی لە ڕووی واتاوە دروست دەکات، بۆ نمونە:




یـاخود وشـەکانی (قـۆز ، جـوان ، ڕەنـد) لـە ناوەرۆکـدا هـەمان واتـا دەبەخشـن، بـەڵام جۆرێـك لە هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکاندا دروست دەکەن:

- کوڕی قۆز
- کچی ڕەند
- کچی جوان
- گوڵی جوان

هـــەر لەســـەر هـــەمان بنـــەما وشـــەکانی (نەڕانـــدن ، حیلانـــدن ، وەڕێـــن، .....)، لـــە ڕووی مەبەســـتەوە دەنگـــی گیانـــدار دەگەیـــەنن، بـــەڵام هەریـــەك لـــەو وشـــانە لەگـــەڵ جـــۆرێکی دیاریکراو لە گیاندار بەکار دەهێنرین لە زمانی کوردیدا:

- نەڕەی شێر
- حیلەی ئەسپ
- وەڕینی سەگ
- جریوەی چۆلەکە

### 3-2/2 واتای بابەتی:

ئـەم جـۆرە لـە واتـا گرنگـی دەدات بـە ڕێگـا جیاوازەکـانی قسـەکردن یـان ئـەو ڕێگایانـەی کـە قسـەکەر قسـەی تێـدا ڕێکـدەخات، واتـە بـە ڕێکخسـتنی جۆراوجـۆر مەبەسـتی جۆراوجـۆر دەگەیەنێت کە لە واتای هۆشەکیدا سەرجەمیان یەکن بۆ نمونە:

- کەرەکە کەپرەکەی خست
- کەپرەکە کەرەکە خستی
- کەپرەکە کەوت(1).

یاخود/

- ڕاهێنەر خەڵاتەکەی دابەشکرد
- خەڵاتەکە ڕاهێنەر دابەشیکرد

لـە ڕسـتەی یەکەمـدا جـەخت لەسـەر (ڕاهێنـەر) کراوەتـەوە، بـەڵام لـە ڕسـتەی دووەمـدا جەخت لەسەر (خەڵاتەکە)کراوەتەوە.

## 3/2 شێوازەکانی گۆڕانی واتای ناو لە زمانی کوردیدا

لێـرەدا گـۆڕانی واتـای نـاو لـە زمـانی کوردیـدا دەستنیشـان دەکـەین کـە ڕەنگدانـەوەی لـە پرۆسـەی ناونانـدا هەیـە بـەجۆرێك ناوێـك لـە جێگایـەکی دیکـە بـەکار دەهێنـرێ بەهـەمان مەبەستی سەرەکی یاخود بەگۆڕانکارییەوە، بەڵام لە چوارچێوەی هەمان ئەرکدا.

### 1-3/2 گواستنەوەی واتا:

---

(1) محمد معروف فتاح : 161 .

(فنـــدريس) لـــه بـــارەی گواســـتنەوەی واتـــاوە بـــيرورای بـــەم جـــۆرە دەخاتـــە روو: ((گواسـتنەوەی واتـا لـە كاتێكـدا روو دەدات كـە هـەردوو واتاكـە بەرانبـەر بـە يـەكتر راوەسـتن يـــان هـــيچ پێچـــەوانەيەك لـــە رووی گشـــتی وتايبەتيـــەوە لـــە نێوانيانـــدا نـــەبێت، وەك گواستنەوەی واتای وشە لە هۆكارە وە بۆ هۆ يان بە پێچەوانەوە))[1].

ئەمەش دەبێتە دوو بەش :

أ- ميتافۆر (مەجاز):

ئـەو وشـانەی لەزمانـدا بـە ميتـافۆر نـاو دەبـرێن بوونەتـە هـەوێنی چـەندين لێكۆلينـەوە و ســـەرنجی زۆری زانايانيـــان بـــۆلای خۆيـــان راكێشـــاوە لـــە مـــەجازدا دەبێـــت وشـــە دووتايبەتمەندی هەبێ:

1- له رووی شێوەوە لە يەكتری بچن، بۆ نمونە/

- سەری مەنجەڵ.
- رووی مێز.
- ملی شوشە.

2- لە رووی ئەركەوە لەيەك بچن، بۆ نمونە/

- باڵی فرۆكە
- ددانی مشار
- دەسكی دەرگا

دەشـێ هەنـدێك جـار وشـەكان لـە رووی شـێوە وئەركـەوە بچـنەوە سـەريەك وەك (ددانـی مشار)

ب- ميتانۆمی (استعارە) خواستن:

لێـرەدا دەكرێـت بڵـێين پێچـەوانەی مـەجازە، جونكـە مـەرج نييـە وشـەكان لـە شـێوە و ئەركيانـدا لـە يـەكتری بچـن، بـەڵكو پێويسـتە پەيوەندييـەكی تـەواو لـە نيوانيانـدا هـەبێت، خواسـتن بريتيـە لـەوەی پشـت بـە پەيوەنـدی نێـوان شـت ومـەك ببەسـتين لـە كـاتی ناونـانی كەرەستەكاندا لەيەك بۆشاييدا، بۆ نمونە:

---

(1) ابراهيم انيس ( 1975 : 169 )

قوتابی – پۆل:

– قوتابیانی پۆلی چوارەم ئامادەن

– دەکرێ بوترێت : پۆلی چوارەم ئامادەن

مەڕ –سەر:

– دە مەڕم هەیە ← بریتییە لە ناوبردنی بەش لە کشت

– دە سەرم هەیە ←

– ئۆتۆمبیلەکە پەنچەر بوو. ← بریتییە لە ناوبردنی گشت لە بەش

– تایەی ئۆتۆمبیلەکە پەنچەر بوو. ←

## 2–3/2 تەسکبوونەوەی واتا:

لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنانی وشەیە لە شوێنێکی دیاریکراوی تایبەتیدا ، لە کاتێکدا پێشتر بەفراوانترو لە بۆشایی گەورەتردا بەکار هاتووە ((واتە وشەیەك یان مۆرفیمێك چەند واتای جۆر بەجۆری گەیاندووە، بەڵام پاشان لەبەر چەند هۆکارێك هەندێ لە واتاکانی لەدەست داوە، ئێستا هەڵگری یەك واتایە لەزماندا))[٣].

((تەسکبوونەوەی واتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەند سیمایەکی واتایی زیاتر خراوەتە سەر سیمای شتێك))[٤].لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زانستی زمان.

## 3–3/2 فراوان بوونی واتا

ئەم دیاردەیە بە شێوەی تەسکبوونەوەی واتا نییە، لە زماندا ڕوودانی ئەم دیاردەیە زۆر کەم وسنوردارە، چونکە زمان بەردەوام لە گەشەدایە و وشەی نوێ بۆ ناو زمان

---

(1) فتاح مامە ( 2007 : 1 )

(2) احمد مختار عمر ( 1982 : 237 )

لەبرەودایــە نــەك وشــەیەك زۆر فــراوانتر لــە ســنوری خــۆی بــەكاربهێنرێت، ((ئەمــە وەك ئــەوەی زمانەوانێك لێكی چواندووە بەو وشانەی منداڵێك بەكاریان دێنێ

كاتێــك دەیــەوێت نــاوی شــتێك بــێنێ فراوانــی دەكاتــەوە بــۆ هــەموو ئــەو دیاردانــەی كــە جۆرە لێكچوونێك لە نێوانیاندا هەیە بەپێی بۆ چوونی خۆی))[تر].

بۆنمونە:

(دەكرێــت منــداڵ وشــەی (بابــە) بــۆ هــەموو پیاوێــك بــەكاربهێنێ، كــە شــێوەی لــە بــاوكی بچــێت یــاخود تەمــەنی نزیكــی ئــەوبێت، یــان بەهــەموو گیانــدارێك بڵێــت (بەعــە) یــان نــاوی یــەك گیانــدار بۆچــەندینی هاوشــێوەی بــەكار بهــێنی، بەگشــتی دەكــرێ ئامــاژە بــەوە بكــەین كــە فــراوان بــوونی واتــا ئــەركی ئەنــدامانی ئاخــاوتن كەمدەكاتــەوە بەواتایــەكی دیكــە ئــەركی مرۆڤــ لــە دەربــڕینی بــیر كــەم دەكاتــەوە چــونكە (فراوانكردنــی واتــای ووشــە دیاردەیــەكی بــەربڵاو و سود بەخشە لە هەموو زمانەكاندا)[یر].

بـۆ نمونــە: وشــەیەكی وەكــو (نــان) پێشــتر تــەنها لــەبری (كــولێرە) بــەكار هــاتووە بــەڵام ئێســتا واتاكەی فراوان بووە ولەبری (كولێرە و مووچە و خواردن)یش بەكار دەهێنرێت.

(نان) كولێرە ⟶ (نان) ⟵ خواردن /مووچە/نان پەیداكردن/كولێرە

واتــە ئێســتا لــە بــری بــەكارهێنانی چــەندین وشــە لــە ڕســتە و كــاتی جیــاوازدا تــەنها وشــەیەكی وەكــو (نــان) لــە بــەكار هێنــانی جیــاواز و لــە كــات و شــوێنی جیــادا بــەكاردێت، كەئەمــەش ئەركی مرۆڤ لە ئاخاوتن ئاسان دەكات.

### 4–3/2 بەرز بوونەوەی واتا

(1) عبدوڵلا عەزیز مەحەمەد ( 1990 : 81 )

(2) بڕوانە : ابراهیم انیس ( 1975 : 155 )

ناوەکـان هەنـدێ جـار گۆرانکـاری گـەورە لـە مەبەسـت و ناوەرۆکیانـدا ڕوودەدات بـەجۆرێك لـە واتایەکـەوە دەیگوازێتـەوە بـۆ واتایـەکی دیکـە ئەگـەر ئـەم گواسـتنەوەیە بـەرەو باشـتربردنی واتای ناوکە بێت ئەوا پێی دەوترێت بەرزبوونەوەی واتا، بۆ نمونە:

لـە زمـانی کوردیـدا وشـەی (شـۆخ) سـەردەمانێك واتـای (بـێ حـەیا) یـاخود کەسـێکی بـێ ئـابڕووی گەیانـدووە بـەڵام بـۆ ئـەمرۆ گـۆڕاوە وشـەکە یەکێکـە لـە وشـە جوانـەکان و واتـای (جوان) دەگەیەنێت.

یـاخود وشـەیەکی وەکـو (مـێش) کـە لـە زمـانی کوردیـدا تـەنها بـۆ جۆرێـك لـە مێـرووی زیانبـەخش بـەکاردەهات، ئـەمرۆ بـەهۆی گواسـتنەوەی جۆرەکـانی جوانکـاری ئافرەتـان بـۆ ناو زمانی کوردی گۆڕاوەو بەجۆرێك لە جوانکاری دەوترێت (مێشی قژ).

### 5-3/2 نزمبوونەوەی واتا:

ئەمـەیان پێچـەوانەی جـۆری پێشـووە، بـەو واتایـەی کـە وشـەیەك بـێ لایـەن بێـت یـاخود مەبەسـتێکی جـوان بگەیـەنێ و واز لـە واتاکـەی پێشـووی بهـێنێ و هـەنگاو بـەرە وواتـای خراپ بنێ، بۆ نمونە :

وشـەیەکی وەکـو (بـۆرە پیـاو) لـە بنەڕەتـدا لـە زمـانی کوردیـدا وشـەیەکی بـێ لایەنـە، بـەڵام بەتێپـەڕبوونی کـات واتاکـەی بـە جۆرێـك گـۆڕاوە، کـە مەبەسـت لێـی کەسـێکی بـێ کـەڵك یـان کەسێکی بێ پارە دەگەیەنێت.

ئـەم جـۆرە لـە گۆڕانکـاری لـە زمانـدا بەگشـتی ڕوودانیـان چـاوەڕوان کـراوە بـەهۆی گۆڕانکـاری لـە شـێوازی بیرکردنـەوەی مرۆڤـ وگۆڕانکـاری لـە عەقڵیـەتی تاکـەکانی نـاو کۆمـەڵ کـە هـەر خۆیان تاکە ڕێگای ناونان وبەکار هێنانی وشەکانی زمانەکەن بە گوێرەی ویستی خۆیان.

## 4/2 جۆرەکانی ناو لە زمانی کوردیدا

### 1-4/2 ناوی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە :

لـە زمـانی کوردیـدا بـە گـوێرەی جیاکردنـەوەکان کـە زمانـەوانان و شـارەزایانی زمـانی کـوردی بـۆ نـاو کردوویانـە لـە ڕووی ڕونـان یـان داڕشـتنەوە بـە جـۆرێکی زانسـتی دابەشـی چـەند جـۆر

و بەشێك كراوە، بەگشتی ناو لە زمانی كوردیدا لە ڕووی داڕشتن یان ڕۆنانەوە دەكرێ بە دووبەشی سەرەكییەوە:

1- ناوە سادەكان

2- ناوە ناسادەكان

ناوە ناسادەكانیش دابەشی دووجۆر دەكرێن:

أ- ناوە داڕژاوەكان (دارێژراوەكان)

ب- ناوە لێكدراوەكان

ئەم جیاكردنەوەیەش لای زمانەوانانی كورد جێگای پەسەند كردن بووە وهەوڵیانداوە پێناسەی تایبەتی بۆ هەریەك لە وجۆرانە بكەن بۆ نمونە:

((ناوی سادە: ئەو ناوەیە كەتەنها لە وشەیەك پێكهاتییێ، وەك (ئاو، دار، بەرد) ))[1]

((ناوی ناسادە: ئەو ناوەیە لە ووشەیەك وبەندێك پێكاهاتبێت، بەندەكە لە وانەیە پێشگر وە یا پاشگربێ ))[2].

أ- ناوی داڕژاو: ئەو ناوانەی كە لە ناوێكی سادە و زیادەیەك پێكهاتبێ ئەو زیادەیەش لە شێوەی (پێشگر وپاشگر) دەردەكەون، وەك (هەڵكەوت، گوڵدان، ئاسنگەر، داهات، كارگە .....).

ب- ناوی لێكدراو: ئەو ناوانەن، كە بەلایەنی كەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدایە، وەك ( ڕەشماڵ، دارگوێز ) زۆرجاریش ئەم لێكدانە بە یارمەتی ئامرازی (ە)ەوە دەبێت وەك :

(گوڵەباخ ، شەكرە سێو، مێرگەسور).

## 2-4/2 ناوی كوردی لە ڕووی ناوەرۆكەوە (واتا) :

---

(1) نەسرین فەخری وكوردستان موكریانی ( 1982 : 10 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 11 .

لـە زمـانی کوردیـدا نـاو لـە ڕووی واتـاوە جێگـای بایـەخی تایبـەتی زمانـەوانان بـووە و چـەندین جـار و لــە چــەندین شــوێن پێناســەو دابەشــکاری جۆراوجــۆر بــۆ واتــای نــاو کــراوە و هەوڵیانـداوە ئـەو ڕاسـتیە ئاشـکرا بکـەن، کـە ناوەکـان لـە ڕوانگـەی ناونـانی کەرەسـتەکانەوە بـۆ تایبەتمەنـدی تایبـەت و گشـتی جیایـان بکەنـەوە، ئێمـەش لێـرەدا بـەگرنگی دەزانـین کـە سـەرەڕای خسـتنە ڕووی جۆرەکـانی واتـای نـاوی کـوردی ئامـاژە بەهەنـدێك لـە بـیر و بۆجوونی زمانەوانانی کورد بدەین لەم بارەیەوە:

– مامۆسـتا (سـعید صـدقی) وەك زانـا و زمـانزانێکی کـورد خـاوەنی ڕای تایبـەتی خـۆی بووە و جیاکاری لەم بوارەدا کردووە:

أ– ناوی عام

ب– ناوی خاص(1)

ئـەم لێکدانـەوە و جیاکردنەوەیـەی (م.سـعید صـدقی) هـەوێنی لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوونی گـەورە بـووە کـە دوای مامۆسـتای نـاوبراو لـە زمـانی کوردیـدا کـراون و ئـەمیان وەکـو سەرچاوەی ڕەسەن تەماشا کردووە.

– مامۆسـتا (شـیخ محمـدی خـاڵ)، لـە لێکۆڵینـەوە و نوسـینەکانی خۆیـدا بـەجۆرێکی تـر جیاکاری لە ناوەرۆکی ناودا کردووە و دابەشی چەند جۆرێکی جیاوازی دیکەی کردووە:

أ ــ ناوی تایبەتی . وەك (شاسوار).

ب ــ ناوی گشتی . وەك (شار)

ج ــ ناوی ماددی .وەك (دەرگا)

د ــ ناوی مەعنەوی .وەك (ئازایی)

هـ ــ ناوی تاك. وەك (منداڵ)

وــ ناوی گەل. وەك (مەڕان)(2)

---

(1) سعید صدقی کابان ( 1929 : 84 )

(2) شێخ محمدی خاڵ ( 1976 : 334 )

- (د.ئـــەورەحمانی حـــاجی مـــارف)یش، دابەشـــکردنێکی پەســـەندی بـــۆ ئـــەم لایەنـــەی نـــاو لـــەزمانی کوردیـــدا کـــردووە، کـــە لای زۆرێـــك لـــە زمانـــەوانان ئـــەم دابەشـــکردنەوی نـــاو لـــە ڕووی ناوەرۆکەوە بەکارێکی باش هەژمار دەکرێت، وپشتی پیێ بەستراوە:

1-ناوی تایبەتی

2-ناوی گشتی

3-ناوی کۆمەڵ

- (( نـــاوی تایبـــەتی : بـــەو نـــاوە دەوترێـــت کەبەســـەر گیانـــدارێك یـــان بـــێ گیـــانێکی دیـــاریکراودا دابـــڕا بـــێ، لـــە هـــەموو زمانێکـــدا هـــەروەها لـــە زمـــانی کـــوردیش دا بەشـــێکی زۆری ناوی تایبەتی ناوی مرۆڤە.

وەك (نەسرین، شیرین، پەروین، گولاڵە، شێرکۆ، هیوا، شیرزاد .... ) ))[1].

- ((نـاوی گشـتی: بـەو نـاوە دەوتـرێ کـە بەسـەر هـەموو گیانـدار وبـێ گیـان و بـیر و کارانـە دابـڕاوە کـەخاوەنی یـەك ڕەگـەز و یـەك جنسـن، وەك نـاوی کـەس (دایـك، کـچ، ژن، بـاوك، کـوڕ، مامۆسـتا ....). نـاوی گیانـدار و باڵنـدە (شـێر، ئەسـپ، کـۆتر، کـەو ..... )، نـاوی شـت (دار، بـەرد، خـانوو، ڕووبـار، چـیا .... ) نـاوی بـیر و مـەفهوم و کـار (بـڕوا، هێـز، شـەرم، جوان، منداڵی، درومان...) ))[2].

- ((نـاوی کۆمـەڵ: ئـەو ناوەیـە کـە لـە ڕواڵەتـدا تـاك و لـە ناوەرۆکدا کـۆ نیشـان دەدات، وەك (گەل، میللەت، هۆز، پۆل .... ) ))[3].

### 3-4/2 ناوی کوردی لە ڕووی توخمەوە:

نـــاوی کـــوردی لـــە ڕووی توخمـــەوە، وەك هـــەر زمـــانێکی دیکـــە خـــاوەنی خاســـیەتی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی کـە جیـا لـە زمانـەکانی دیکـە دەڕوانێتـە بـواری تـوخم و دیـاریکردنی تـوخمی ناوەکـان و ئـەو کەرەسـتانەی کـە ناویـان لێنـراوە، بـە واتایـەکی دیکـە عەقڵیـەتی کـوردی لـە ناونـانی کەرەسـتەکان ڕەنگدانـەوەی تایبـەتی خـۆی هەیـە کـە جیـاوازە لـە

(1) ئەورەحمانی حاجی مارف ( 1979 : 94 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 96 .

(3) سەرچاوەی پێشوو: 98 .

ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی میللەتانی دیکە و لە زمانی کوردیدا چەند دابەشکارییەکی بۆکراوە، بەم جۆرە[1].

1- ناوی تایبەت بە توخمی (نێر) ئەمەش دابەشی چەند بەشێك دەکرێن:

أ ـ ناوی تایبەتی نێر، تایبەت بە نێرنیەی مرۆڤـ (کەسانی نێرنیە)وەك:-

(باوك ، برا ، خاڵ ، مام ، ....... )

ب ـ ناوی تایبەتی کوڕ ، وەك :- ئاری ، هیوا ، بەختیار ، کاوە .....

پ ـ ناوی تایبەت بە گیانداری نێر، وەك :- بەران ، کەلەشێر ، گا .....

ت ـ ناوی تایبەت بە پشەی نێر ، وەك :- نانەوا ، گاوان ، ئاسنگەر .......

2- ناوی تایبەت بە توخمی (مێ):

أ ـ ناوی کەسانی مێینە ، وەك:- دایك، خوشك، پور .....

ب ـ ناوی تایبەتی کچ، وەك:- نەسرین، گێلاس، ڤیان ......

پ ـ ناوی تایبەت بەگیانداری مێ، وەك:- ماین، مریشك، مانگا .....

ت ـ ناوی تایبەت بە پیشەی مێ ، وەك:- مامان، دایەن، نانکەر

3- ناوی دوولایەن:

ئەو ناوانەن کە بەپێی لێکدانەوەی زمان کورد و بیری تاکی کوردی بۆ هەردوو توخمی مرۆڤـ دەشێن و بەکاردەهێنرێن ، وەك:-

(قوتابی، پزیشك، مامۆستا، فەرمانبەر ......)

4- ناوی بێ لایەن:

ئەو ناوانەن کە بەپێی بیر وبۆجوونی تاکی کورد لە کاتی ناونانی ئەو کەرەستانە توخمی تێکەڵ نەکراوە وئەمەش هەنگاوێکی گرنگی جیاکردنەوەی زمانی کوردە لە زمانەکانی دیکەی وەك (عەرەبی) کە توخمی بۆ سەرجەم ناوەکان دیاریکردووە، لێرەدا کورد توخمی وەك بارێکی تایبەت بە گیاندار دیاری کردووە، کە لێکدانەوەیەکی ڕاستترە لە زمانەکانی دیکە، کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەیان نییە وەك:- (بەفر، ئاو، دیوار، بەرد ......)

## 4-4/2 ناوی کوردی لە ڕووی هەبوونەوە:

(1) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( 2004 : 37 )

ناو لە زمانی کوردیدا لە ڕووی هەبوونەوە تایبەتمەندیەکی گەورەی بۆ باسەکەمان هەیە بەجۆرێك کە پێویستە زیاتر ڕونکردنەوەی لەسەر بدەین، بەو پێیەی ناوەکان بە جۆرێك لێرەدا دابەش دەبن، کە سەنگی بیری تاك کوردی زیاتر ڕەنگدانەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ناوی کوردی لە ڕووی سەربەخۆیی هەبوونەوە دابەش دەکرێت بۆ ناوی (نامادی / ئەبستراکت) و (ماددی / کۆنکرێت)،

سەبارەت بەناوی ئەبستراکت و کۆنکرێت یاخود وشە ئەبستراکت و کۆنکرێتەکان زمانەوانەی ڕووس (بوداگەڤ)، دەڵێت: (( ئەگەربێت و بەراوردی ئەم وشانە بکەین (خۆشەویست، خەمخواردن، ترسی، بیرکردنەوە، .....) لەگەڵ وشەکانی (مێز، چەقۆ، تەور)، یەکسەر ئەوەت بۆدەردەکەوێت، کەوا کۆمەڵی یەکەم ئەبستراکتن وکۆمەڵی دووەم کۆنکرێتن))[١].

هەر سەبارەت بەم دوو گروپە ناوە پێی وایە کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو میللەتانەی کە بەیەکێك لەزمانە پێشکەوتووەکان قسەدەکەن، لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە بە زمانێکی دیکە یاخود زمانییێك کە جارێك باش گەشەی نەکردورە قسە دەکەن، چونکە گروپ یەکەم جیاوازی لە نێوان ناوە ئەبستراکت و کۆنکریتەکان ناکەن وگروپی دوایی هێشتا ناوە ئەبستراکتەکان سیستەمی خۆی ڕێك نەخستوە، کە لە ڕاستێدا ئەمەش گرفتی گەورە نییە، بەکەموکورتی زمان یان سروشتی مرۆڤەکان دانانرێت، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە گەشەسەندنی مێژووەوە بۆیە دەڵێت:

((گیروگرفتی کێشەی گەشەسەندنی وشە ئەبستراکتییەکان ئەمان بات بەرە کێشەی گەشەسەندنی مێژووی زمان))[٢].

واتە ئەگەر ئەو میللەتانەش دەرفەتی گەورە و باشیان بۆ هەڵکەوێت ئەوانیش دەبنە خاوەنی زمانی گەشەسەندو و تاکی کۆمەڵیش دەبنە خاوەنی تێگەیشتنی قوڵ و گەورە بۆ شتەکان و ئەو ڕێگایەش هەنگاوە بەرەو ئەوەی ببنە خاوەنی چەمکە

---

(1) بوداگۆڤ: 1953 : 30 .

(2) سەرچاوەی پێشوو : 31.

ئەپسـتراكتييەكان هـەروەها سـەبارەت بـەو ميللەتانـەی كـەناوی ئەپسـتراكتييان كەمـە ، دەڵێـت (( ئـەو ميللـەتانی كـە كـەمی مـەفهوم و چـەمكيان هەيـە، واتـە نـاوی ئەبسـتراكتيان نييـە يـان كەمـە، ئەمـە وای كـردووە ، كـەوا نـاوی جيـاوازی كـۆنكرێتی لـە شـتەمەك بنـێن، بـۆ نمونـە لای (سـی ئامـەكان)، بيسـت وشـەيان هەيـە بـۆ جـۆری جيـاوازی سـەهۆڵ، چـل ويـەك وشەيان هەيە بۆ شێوە جياوازەكانی بەفر ))(1).

جـا لێـرەدا بـەگرنگی دەزانـين نـاوی ئەبسـتراكت وكۆنكرێـت بخەينـەڕوو و ڕای زمانـەوانان سەبارەت بەم باسە ئاشكرابكەين.

## 1–4–4/2 ناوی كۆنكرێت (Concrete Noun):

نـاوی كۆنكرێـت مەبەسـت لـەو جـۆرە ناوانەيـە، كـە وەكـو هێمـا بـۆ كەرەسـتەيەكی ديـاريكراوی دونيـای فيزيكـی ديـاريكراوە و مرۆڤـ لـە ڕێگـای يـەكێك لـە هەسـتەكانيەوە يـان هەنـدێ جـار بـە زيـاتر لـە هەسـتێك، هەسـتی پـێ دەكـات، واتـە بـوونی سـەربەخۆيان هەيـە و شـوێنێك داگيردەكـەن لـە دنيـادا، واتـە مرۆڤـەكان دەتـوانن شـتە ماديـيـە هەسـتپێكراوەكان، هەسـت پێبەكـەن و جيايـان بكەنـەوە لـە شـتی زەيـنی وناديـار، چـونكە جيـاوازی بنـەرەتی نـاوی كۆنكرێـت لەگـەڵ نـاوی ئەبسـتراكتدا لـە وەدايـە، كـە نـاوی كۆنكرێـت لـە دەرەوەی زمـان و لـە دونيـادا ئامـاژە دەرێكمـان بـۆی هەيـە و مرۆڤـ دەتوانێـت هەسـتی پـێ بكـات، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە نـاوی ئەبسـتراكت هـيچ ئامـاژەدەرێكی مـاددی نييـە لـە دەرەوەی زمـان و مرۆڤـەكان هەسـت بـەوجودی ناكـەن و پێويسـتيان بـە تێگەيشـتن هەيـە بۆيـان ، ئەمـە جگەلـەوەی كـە لـە ڕووی لايـەنی ستراكچـەرييەوە نـاوە كۆنكرێتـەكان خـاوەنی پێكهاتـەی سـادە ، لێكـدراو و دارێـژراون ئەمـە بـەجياواز لـە ئەبسـتراكتەكان كـە تـەنها پێكهاتـەی سـادە و داڕێژراون كەپاشتر ڕوونيان دەكەينەوە.

سـەرەڕای ئـەوەش نـاوە كۆنكرێـت وئەبسـتراكتييەكان لـە لايـەنی سيمانتيكيشـەوە خـاوەنی جيـاوازی خۆيـانن بـۆ نمونـە، نـاوە كۆنكرێتييـەكان دەربـڕی واتـای هەنـدەكی و بەرهەسـتن وەك (كـوڕ، ئـاو، بـەرد ....) بـەڵام نـاوە ئەبسـتراكتييەكان دەربـڕی واتـای هەمـەكی و زەيـنين وەك (قوڵی، جوانی، برسييەتی .....)

---

(1) سەرچاوەی پێشوو : 30 .

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم لایەنە گرنگە پێناسەی ناوی کۆنکرێت لە دیدی زمانەوانانەوە بکەین:

– (( ناوی کۆنکرێت ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە وتوانای دەستلێدان و بینینی هەیە، بەواتایەکی تر هەرشتێك بوونی ماددی هەبێت ئەوا ناوی کۆنکریتە وەك (پیاو، بەرد ، درەخت، ئەسپ، .......) ))[1].

– (( ناوی کۆنکرێت ئەو ناوەیە، کە هەستی پێ دەکرێ، دەبێنرێ و دەژمێررێت. وەك بەراز ))[2].

## 2-4-4/2 ناوی ئەبستراکت (Abstract Noun)

ئەوەی گرنگە لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە ئەبستراکت بریتییە لە جیهانی نادیار و ئەودیوی شتەکان، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر قسە لە سەر (ناوی ئەبستراکت)یش بکەین، ئەوا گرنگە ئەوە بخەینە ڕوو کە ناوی ئەبستراکت بریتیە لە ناوی هەموو ئەوشتانەی کە ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەست بە بونیان بکەین

چونکە لە جیهانی بەر هەستی ئێمەدا بوونیان نیە پێویست دەکات لە ڕێگای دیدو تێگەیشتن وبیرکردنەوە بگەینە واتاکانیان ولێیان تیبگەین چونکە ناوی ئەبستراکت بەگشتی لەلایەنی سیمانتیکییەوە دەلالەت لە چەند بوارێك دەکات. وەك:–

أـ دەلالەت لە کات وکێشانە وپێوانە دەکات، وەك : چرکە، گرام، مەتر .....

ب ـ دەلالەت لە ڕووداو ، کردەیەك دەکات ، وەك : گۆڕان، شەڕ، تێگەیشتن.....

پ ـ دەلالەت لە ڕەوشتیکی دیاریکراو دەکات ، وەك: هێمنی، ئاشتی، شەڕانگێزی .....

ت – لایەنی زانستی و بیرکاریانە لە خۆدەگرێت یان بەواتای شتی زانستی و بیرکاریانە دێت.

ج ـ دەلالەت لە حاڵەت دەکات. وەك: نەخۆشی، شێتی، جوانی ......

چ ـ دەلالەت لە باوەڕی مرۆڤ دەکات، وەك: جنۆکە، خێو، دێوەزمە، پەری......

---

(1) طلعت بصاري ( 1348 : 14)

(2) Randolph Qurik ( 1985:247 )

کــە وابێــت نــاوی ئەبســتراکت بــە شــێوەیەکی ســەرەکی کاریگــەری لایــەنی عــەقڵی مرۆڤــ ڕەنگدانــەوەی بــیری مرۆڤــ لــە پرۆســەی ناونانەکــەدا دەردەکــەوێت و تــەواو ئاوێنــەی بــیری کۆمــەڵ وتاکــەکانی نــاو کۆمەڵــە، بــە واتایــەکی دیکــە بــۆ هەریــەك لــەو ناوانــەی کــە نــراون لــە زمــــانی کوردیـــدا ســـەنگ وبـــەهای بـــیر لـــە پەیوەنـــدی نێـــوان ناولێنـــەر و ناولێنراوەکـــە دەردەکــەوێت کــە تــا چ ڕاددەیــەك کــاری لەلایــەنی زەیــنی مرۆڤــ کــردووە و چ پێگەیــەکی هەیــە لــە نــاو گەلەکــەدا وا بــەو جــۆر و شــێوەیە ڕەنگدانــەوەی هەســتی تــاکی کــوردی تێــدا دیــارە، کــە ئەمەش یە کێکە لە مەبەست وئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

بــەهۆی گرنگــی ئــەم لایەنــەو بایــەخی لــە بــواری زمانــدا، کــە هەڵســەنگێنەر و ســەنگی مەحــەکی پێشــکەوتنی ئاســتی ڕۆشــنبیری و تێگەیشــتنی قــووڵی مرۆڤــە بەرانبــەر بــە شــتەکان، پێویســتە ئاوڕ لە تێڕوانین و پێناسەی زمانەوانان بدەینەوە لەم لایەنەدا:

– (( نــاوی ئەبســتراکت ناوێکــە کــە بــوونێکی ســەربەخۆی نییــە و وابەســتەی بــوونی تــرە، توانای دەستلێدان وبینینی نییە، وەك: زانین، هۆش، گوێگرتن ))[1].

– (( ناوی ئەبستراکت ئەو ناوەیە کە ناتوانرێ ببێنرێ و ناشژمێردرێت، وەك :

(قورسی/ قورسالی) بەڵام ناوی ئەبستراکت هەندێ جار دەتوانرێ بژمێردرێت :

وەك( تێبـــینی: emark-remarks) هەنـــدێجاریش نـــازمێردرێن وەك: (گــــەرم: warmth ) ))[2].

کەواتــە لــە کــۆی ئــەو پێناســانەوە، دەگەینــە ئــەو خاڵــەی کــەوا نــاوی ئەبســتراکت، ئــەو ناوەیــە کــەوا ناتوانرێــت دەســتی لــێ بــدرێت و ببنرێــت، بەهــەمان ئــەو شــێوازەی کــە مامەڵــە لەگــەڵ نــاوی کۆنکرێتــدا دەکرێــت، بــەڵکو بــۆ گوزارشــت کــردن لــە وشــتانە بــەکاردێت کــە لــە زەینــدا بوونیــان هەیــە، ئەمانــە بــوونیکی فیزیکیــان نییــە و ناتوانرێــت بــۆنبکرێن و تــامبکرێن ببینــرێن ئەمــەش دەیکاتــە پێچــەوانەی نــاوی کۆنکرێــت واتــە لــە ڕێگــای هەســتە فیزیکیەکانــە نــازانرێن وەك: (جــوانی، بــەخت، تــاڵی، دادپــەروەری) ، ئەمــە لــە کاتێکدایــە، کــە نــاوی کۆنکرێــت دەتوانرێــت ڕاســتەوخۆ مامەڵــەی لەگەڵــدا بکرێــت، واتــە ئــەو ناوەیــە کــە وجــودێکی فیزیکییــان هەیــە و لــە ڕێگــای یــەکێ لــە هەســتەکانەوە هەســت بــە بوونیــان دەکرێــت، وەك: (دار، گــوڵ، ئەسپ، نەوزاد ..... ).

---

(1) طلعت بصاري ( 1348 : 14 )

(2) Randolph Quirak ( 1985: 247 )

ئــەوەی کــە گرنگــە لێــرەدا، بەگشــتی ئامــاژەی پــێ بکــەین، لــە ســەرەتاوە وپــێش ئــەوەی جۆرەکــانی بخەینــەڕوو شــێوازی دروســتکردنی ناوەکانــە لــە زمــانی کوردیــدا بــە هــەردوو جۆرەکــەی ئەبســتراکت کۆنکرێــت، کۆمــەڵێك یــان گروپێــك مــۆرفێمی وشــە دارێــژ هــەن، کــە نــاوی ئەپســتراکت وکۆنکرێــت دروســت دەکــەن، دەتوانیــت بڵــێن بــە شــێوەیەکی گشــتی مۆرفێمــە دارێــژەرەکانی نــاوی ئەبســتراکت، بــریتین لــە پۆلێــك لــە مۆرفێمــە بەنــدە لێکســێکییەکان و بەشـداری دەکـەن لـە دارشـتن و سـازکردنی وشـەی نوێـدا، واتـە ئـەم گروپـە وەك پــۆلێکی گرنگــی وشــە دارێــژی نــاو دەچــنە ســەر و نــاو و ئاوەڵنــاو لــە زمــانی کوردیــدا بەگشــتی و لەچــەند حاڵــەتێکی کەمیشــدا دەچــنە ســەر ژمــارە و ڕەگــی کــردار و نــاوی ئەبســتراکت دادەرێــژن، ئــەوەی ئــەم گروپــەی لــە مۆرفێمــە دارێــژەکانی تــری وەك مۆرفێمەکانی بچووککردنەوە و پیشە و شوێن جیاکردووەتەوە.

ئەوەیــە کــەوا ئــەم پۆلــە مورفێمــە جۆرێــك لــە وشــە ســازدەکەن کــەوا لــە ڕووی واتاییــەوە زۆر جیــاوازە لــە بەرهــەمی مۆرفێمــە دارێــژەکانی تــری نــاو لــە زمــانی کوردیــدا، چــونکە بەرهــەمی مۆرفێمــە دارێــژەکانی نــاوی ئەبســتراکت بــریتین لــە و حاڵــەت و جــۆر و ڕووداوانـەی کـە دەلالـەت لـە شـتی بـیری دەکـەن و بەرهـەمیان دەچـێتە چوارچـێوەی جیهـانی ئەبسـتراکتەوە، بـەڵام هەرچـی مۆرفێمـە دارێـژەکانی تـری نـاو هەیـە لـە زمانـدا بـە پێچـەوانەوە ئــەو ناوانــەی کــە دایدەرێــژن، شــت و کەرەســتەی بــەر هەســت و لــە چوارچــێوەی جیهــانی کۆنکرێتــدان و مرۆڤــ هەســت بــە وجودیــان دەکــات، هــەر ســەبارەت بــەم گروپــە لــە مۆرفێمــە دارێــژەکانی نــاوی ئەبســتراکت ئــەورەحمانی حــاجی مــارف دەڵێــت: (( نــاوی مەعنــەوی دروســت دەکــەن، ئــەوجۆرە ناوانــەش مانــای تەجریــد (ئەبســتراکت) دەبەخشــن و واتــای نەوعیەت و خاسیەت و بار و جۆری چالاکی ...... یان تێدایە ))[1].

دەتـوانین بڵـێین بەشـێوەیەکی گشـتی گروپـی مۆرفێمـە دارێـژەکانی نـاوی ئەبسـتراکت بـریتین لـە و گروپـە چـالاکەی کـە لـە زمـانی کوردیـدا ڕۆڵێکـی یـەکجار گرنگیـان هەیـە لـە دەوڵەمەنـد کردنــی فەرهــەنگی زمــانی کــوردی بــە وشــەی ئەبســتراکتی بەرانبــەر بەوشــە کۆنکرێتییــەکان، چــونکە لەوانەیــە وشــە ئەبســتراکتییەکانی، وەك: (تــرس، بــڕوا .... ). کــە لــە بنجــدا وشــەی ئەبســتراکتین نــەتوانن پێویســتی قســەکەری کــورد پڕبکەنــەوە بۆیــە لــە ڕێگــای ئــەم گروپــە مۆرفێمــەوە دەتوانرێــت دەیــان و ســەدان وشــەی نــوێ بــە واتــای ئەبســتراکتی و تەجریــدەوە

(1) ئەورەحمانی حاجی مارف ( 1979: 116 )

بێنــە نــاو فەرهــەنگی زمانەکەمانــەوە لــە نمونــەی وشــەکانی (کوردایــەتی، گــەرما، کــوڕێنی ....) ئـەم پاشـگرانەش بەشـێوەیەکی گشـتی دەچـنە سـەر نـاو و ئاوەڵنـاو و ڕەگـی کـردار و نـاوی ئەبسـتراکتی دارێـژراو دروسـت دەکـەن، هــەر ئـەم گرنگـی و بایەخـەی ئەبسـتراکت و بـە دیـاریکراوی نـاوی ئەبسـتراکت هۆکـارە بـۆ ئـەوەی بەگرنگییـەوە لـەم لایەنـە بـڕوانین و لـە بەشــێکی دیــاری تۆیژینەوەکەمانــدا ئامــاژە بــەگرنگی و بایــەخی نــاوی ئەبســتراکت و جۆرەکــانی بــدەین. نــاوی ئەبســتراکتیش لــە ڕووی ستراکچــەرەوە لــە زمــانی کوردیــدا زمانــەوانان بــە گشــتی دابەشــی دوو جــۆری ســەرەکییان کــردووە، کــە ئــەمانیش پێویســتە هاوشێوەی ناوی کۆنکرێت کە پێشتر ئاماژەمان بە جۆرەکانی کرد،

بخەینــە ڕوو بــە هــۆی گرنگــی و ڕۆڵیــان لــە دەوڵەمەنــدکردنی نــاوی کــوردی وفەرهــەنگی زماندا:

**1- ناوی ئەبستراکتی بنجی (ئامادە):**

ئـەوجۆرە ناوانـە دەگرێتـەوە کـە لـە ڕووی واتـاوە ئامـاژە بـە شـتێکی زەینی/بـیری دەکـەن، کـە تـەنها بەشـێوەی وێنـا (تصـور) لـە مێشـکی ئێمـەدا هـەن و هـیچ زیـادە و پاشـگرێکیان نەچۆتە سـەر کـەوا بـووبێتن بـە نـاوی ئەبسـتراکت، واتـە (( ئـەو ناوانـە دەگرێتـەوە کـە هـەر لـە بنچینەدا بۆ گوزارە دانراون، وەك: باوەڕ، جەنگ، هۆش، زانین، ترس، مەرگ ))[1].

کـەوابێ ئـەم ناوانـە خۆیـان لـە بنەڕەتـدا نـاوی ئەبسـتراکتن و هـیچ سـیفەتێکی مـاددی یـان تێـدا نابێنریـت و تـەنها لـە ڕێگـەی ئـەو کاردانەوانـەی، کـە لـە کـاتی دەربـڕین و نوسـینی ئـەم جـۆرە وشـانەدا لــە بەرانبــەر گــوێگر / خوێنــەر دا دروســتی دەکــەن، لــە زەیــن و مێشــکی ئێمــەدان، ئێمــە هەســت بــە کاریگــەری وکاردانــەوەی ئــەم جــۆرە وشــانە دەکــەین، لــەلای خۆمــان، بێگومـان کاردانـەوەی ئـەم هەسـتانەش لـەلای کەسـێك بـۆ کەسـێکی دیکـە گـۆڕانی بەسـەردا دێت لە نمونەی ئەو هەستانە (ترس، شەڕ، ئازار .... )

2- ناوی ئەبستراکتی دارێژراو:

---

(1) لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ( 2011: 22 )

ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە لە ناوی ماددی یان ئەبستراکت بە هاوکاری سۆفێکسێك/ پاشگرێك دروست بوون و ناوی ئەبستراکتیان دروست کردووە، بەگشتی لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ناوانە لە ناو یان ئاوەڵناو یان رەگی کردار دادەڕێژرێن، بۆ نمونە :

أ- ناو+سۆفێکسەکانی (/-ی/،/-ەتی/،/-ێتی/،/-ێنی/،/-ایەتی/،/-یەتی/):

کوڕ+/-ێنی/= کوڕێنی

ب - ئاوەڵناو+سۆفێکسەکانی (/-ی/،/-ایی/،/ێنی/ ، /-ا/،/-ە/،/-انە/،/-ەتی/ ،/-ێتی/) :  پاك+/-انە/=پاکانە

پ - ڕەگی کردار +سۆفێکسەکانی(/-ار/،/-ە/،/-ست/،/-ش/):

زان +/-ست/=زانست

ت - ژمارە+سۆفێکسەکانی (/-ە/،/-ێتی/):

سەد+/-ە/=سەدە

## 1/3 ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی بیر لە سازکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا

گۆڕانی بەردەوامی کۆمەڵ و هەوڵی مرۆڤ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە و داهێنانی نوێ و دەوروبەری وادەکات، کە بەردەوام مرۆڤ لە هەوڵی بەردەوامی دانەبڕێت بۆ ناونان و ناسینەوەیان، دیارە ئەم کارەش ڕاستەوخۆ بیری تاکی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی تێدا هەیە، زمانیش وەك بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکاری و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵدا لە گۆڕان ونوێبوونەوەدایە، فەرهەنگی زمان، وشە و کەرەستەی نوێ وەردەگرێت، لە ئەنجامی پێشکەوتن و هاتنە ئارای کەرەستە و شتومەکی نوێ و زیادبوونی پێداویستیەکانی مرۆڤ و لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤەکاندا لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ئاینیەوە، بۆ ناونان هەموو ئەم گۆڕان و لایەنە جیاوازانەی ناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵ و ژیان، زمان بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدات وشەی نوێیان بۆ سازبکات، یاخود وشەیان بۆ وەربگرێت، دیارە سازکردن و دانانی هێما بۆ هەموو ئەو گۆڕانانە پێویستی بە یاسا و دەستوری زمانەوانی هەیە و لەم ڕوانگەیەشەوە، زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی بەچەند ڕێگایەك هەوڵی سازکردن و زۆر بوونی وشەی فەرهەنگی زمانەکەی دەدات وەك ڕێگای سەرەکی و تایبەت بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییانەی کە بەهۆی پێشکەوتنەکانی ژیانەوە لە ناو زمانەکەدا دروست دەبن بەمەبەستی ناونانی کەرەستەی نوێ و هەنگاونان هاوشانی پێشکەوتنەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، ئەو ڕێگایانەش بریتین لە:

1- ڕێگای لێکدان:

ئەمەش یان بە خستنە پاڵ یەکی دوو کەرەستەی زمانی واتادار ڕاستەوخۆ یان بەهاوکاری کۆنجێکشنێکەوە.

2- ڕێگای داڕشتن:

ئەم ڕێگایەش بە هاوکاری پاشگر و پێشگرەکانی زمانە بۆ سەر وشە واتادارەکانی زمان سەرەڕای چەند ڕێگایەکی دیکە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەدەین.

### 1-1/3 ڕێگای لێکدان بەمەبەستی سازکردنی وشەی نوێ :

ڕێگای لێکدان یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی و فراوانبونی وشەکانی زمانەکەمان لە سەر بنەمای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بونیان هەیە و بەمەبەستی لە دایکبوونی وشەی نوێ بۆ دیاردە و ڕووداو وشتە نوێیەکان کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، ئامانج لەم پرۆسەیەش ناونان و جیاکردنەوەی کەرەستەکانە بەگوێرەی لێکدانەوە و ڕەنگدانەوەی بیری تاکی کورد بۆ کەرەستەکان، دیارە ئەمەش بەچەند ڕێگایەك یان لە ڕێگای چەند کەرەستەیەکی زمانییەوە دروست دەکرێن لەوانە:

1- دەکرێت بە خستنەباڵ یەکی دوو ناوی سادە لە زمانی کوردیدا بەڕێگای لێکدان بەڕاستەوخۆ ناوێکی تازە دروست بکرێت، نمونە:

شا + هەنگ > شاهەنگ

مار + ماسی > مارماسی

کانی + ماسی > کانی ماسی

- هەروەك گونجاوە لە زمانی کوردیدا لە کاتی سازکردنی ناو بەم ڕێگایە کورتکردنەوە ڕوودەدات، بۆ نمونە:

چڵك + ئاو > چڵکاو

گا + ئاسن > گاسن

گوڵ + ئاو > گوڵاو

ئەم ڕێگایە بەبی هاوکاری (ئینتەرفێکس) لە زمانی کوردیدا دەتوانێت ڕاستەوخۆ ناو دروست بکات و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بکات.

2- لە زمانی کوردیدا دوو ناو بە یارمەتی (ئینتەرفێکس) دەتوانن ناوێکی تازە دروست بکەن بەمەبەستی ناونان، بۆ نمونە:

أ– ناوبەند (ئینتەر فیکس)ی /–و–/ نمونە:

هێلکە + /–و–/ + ڕۆن > هێلکەو ڕۆن

لەرز + /–و–/ + تا > لە رزوتا

دەنگ + /–و–/ + باس > دەنگوباس

ب– ناوبەندی /–بە–/ نمونە:

کولێرە + /–بە–/ + قیمە > کولێرە بە قیمە

لێو + /–بە–/ + بار > لێو بەبار

گوڵ + /–بە–/ +دەم > گوڵبەدەم

ت– ناوبەندی /–ە–/ نمونە:

تەڕ + /–ە–/ + پیاز > تەڕەپیاز

سوور + /–ە– / + ماسی > سوورەماسی

گوڵ + /–ە–/ + گەنم > گوڵەگەنم

3– لە زمانی کوردیدا دەکرێت ناوێك بەهاوکاری ڕەگی کار ناوێکی تازە دروست بکات، نمونە :

ڕۆژ + ژمێر > ڕۆژمێر

بەرگ + دروو > بەرگدروو

دڵ + خواز > دڵخواز

4– ناوێك و ئاوەڵناوێك لە زمانی کوردیدا بە یارمەتی ئینتەر فیکسی/–ە–/ دەتوانێت ناوێکی تازە دروست بکات، نمونە:

گڵ + /–ە–/ + زەرد > گڵەزەرد

کێل + /–ە–/ + سپی > کێلەسپی

مێرگ + /–ە–/ + سوور > مێرگەسوور

5– ئاوەڵناوێك و ناوێك بە یارمەتی ئینتەر فێكسی /–ە–/ یان /–و–/ دەتوانیت ناو دروست بكات، نمونە:

/–و–/ : گەن + /–و–/ + گوو > گەنوگوو

چەفت + /–و–/ + چڵ > چەفتوچڵ

/–ە–/: تەڕ + /–ە–/ + پیاز > تەڕەپیاز

شۆڕ + /–ە–/ + بی > شۆڕەبی

6– ئاوەڵناوێك و ناوێك ڕاستەوخۆ ناوێكی تازە دروست دەكەن، نمونە:

چڵك + ئاو > چڵكاو

ڕەش + ماڵ > ڕەشماڵ

ڕەش + مار > ڕەشمار

7– ڕەگی كار لە توانایدا هەیە كارابێت بۆ دروست كردنی ناوێكی نویێ، لە زمانی كوردیدا ناوێك ورەگی كار بە یارمەتی ئینتەرفێكسی/–و–/ ناو دروست دەكەن نمونە:

دەست + /–و–/+ برد > دەست وبرد

8– دوو ڕەگی كار بە یارمەتی ئینتەرفێكسی /–و–/ دەتوانن ناو دروست بكەن نمونە:

هات + /–و–/ + چۆ > هاتوچۆ

گفت + /–و–/ + گۆ > گفتوگۆ

9– ئاوەڵكارێك و ناوێك ڕاستەوخۆ بەبێ كۆنجێكشن، نمونە:

ژێر + پیاڵە > ژێرپیاڵە

ژێر + كراس > ژێركراس

ژێر + زەمین > ژێرزەمین

بەر + ماڵ > بەرماڵ

10– ئاوەڵكارێك و ناوێكی سادە بەهاوكاری ئینتەرفێكسی /–ە–/، نمونە:

پاش + /–ە–/ + ڕۆژ > پاشە ڕۆژ

سەر + /–ە–/ + خۆر > سەرە خۆر

پاش + /–ە–/ + لەقە > پاشە لەقە

11- له زمانی کوردیدا هەندێك جار به دووباره کردنەوەی ناوێك و بەهاوکاری ئینتەرفیکسی /-ە-/ نـاوێکی تـازه دروسـت دەبێـت، کـەزۆرجار بەمەبەسـتی ناونـانی دەنگـه سروشـتیەکان بەکاردەهێنرێن، نمونه:

لوور + /-ە-/ + لوور > لوورەلوور

هاژ + /-ە-/ + هاژ > هاژەهاژ

چەق + /-ە-/ + چەق > چەقەچەق

ئەمانەی خرانـه ڕوو حاڵەتـەکانی دروسـتکردنی نـاوی تـازەن لـه زمـانی کوردیـدا، کـه بەمەبەسـتی ناونانی کەرەستەی نوێ دروست دەکرێن بەڕێگای لێکدان بـەهاوکاری کەرەسـته واتادارەکـانی نـاو فەرهەنگی کوردی و هەندێ جار بەهاوکاری ئینتـەرفێکس کـه ئـەم ڕێگایـه ڕۆڵـی کاریگـەری خـۆی هەیه له ناونان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و پڕکردنەوەی بۆشـایی نـاو فەرهـەنگ کەبەهۆی داهێنان بەردەوامی زمان دروست دەبێت.

## 2-1/3 ڕێگای داڕشتن له سازکردنی وشەی نوێ :

زمانی کوردی وەك زمانێکی زیندو بەشێوەیەکی زۆر فراوان ئەم ڕێگایه بەکاردەهێنی بۆ دارشتن و سازکردنی وشەی نوێ له بەرانبەر کەرەستەی و دیاردە نوێیەکانـدا بـۆ ئـەم مەبەسـتەش فۆرمـه دارێژەرەکان (لێکسیکییەکان) له شێوەی پێشگر وپاشگردا (پریفێکس وسۆفێکس) وەك زیادەیەك دەچنه سەر وشه واتادارەکان و لەئەنجامدا واتا و پێکهاتەیەکی نوێ دێته ئاراوە، بەجۆرێك هەندێك جار پێشگر و پاشگر به جیا و هەندێ جار پێکەوە دەچـنه سـەر کەرەسـتەی فەرهـەنگی و وشـەی نـوێ دروسـت دەکـەن، بێگومـان تـاکی کـورد بەکاردانـەوەی لایـەنی بـیر و بەمەبەسـتی ناونـانی کەرەستەکانی دەوروبەری ئەم ڕێگایه بەکاردەهێنێ و به هاوکاری (ناو یان ئاوەڵنـاو یـان کـار یـان ئاوەڵکار) که له زمانەکەدا بونیان هەیه، وشەی نوێ دروست دەکەن بەم شێوەیە:

یەکەم/ ناوی ساده بەهاوکاری پاشگر ناوێکی تازه دادەرێژێت.

دووەم/ ئاوەڵناوێکی ساده بەهاوکاری پاشگر ناوێکی تازه دادەرێژێت.

سێیەم/ کارێکی ساده بەهاوکاری پاشگر ناوێکی تازه دادەرێژێت.

چوارەم/ ئاوەڵکارێکی ساده بەهاوکاری پاشگر ناوێکی تازه دادەرێژێت.

پێنجەم/ پێشگر بەهاوکاری ڕەگی کار یان ناو ناوێکی تازه دادەرێژێت.

لە بەر گرنگی ئەم ڕێگایە وکاریگەری بیری تاك بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی زمان بەپێویستی دەزانین ئەو ڕێگایانەی پێشەوە بەوردی بخەینە ڕوو لەگەڵ ئەو پاشگر و پێشگرانەی کە ناوی تازەی کوردی دروست دەکەن:

### 1–2–1/3 ئەو پاشگرانەی کە هاوکاری ناوێکی سادە دەکەن بەمەبەستی داڕشتنی ناوێکی نویێ:

1– ناو + /–گەر/ = ناوێکی تازە:

ئەم پاشگرە بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا کەم بەکاردێت یان ڕۆڵی کەمی هەیە، لە دارشتنی وشەی نوێدا و وەکو ئاشکرایە لە ڕەگی کاری (گەڕان)ەوە وەرگیراوە، نمونە:

کیمیاگەر ، مسگەر (مزگەر) ، ئاسنگەر .....هتد.

2– ناو +/–دار/= ناوێکی تازە:

دووکاندار ، گیاندار ، سەردار، .... هتد

لە هەمان کاتدا ئەم پاشگرە هەندێ جار ناوە سادەکە دەکاتە ئاوەڵناو :

نازدار ، ناودار ...... هتد

3– ناو +/–ساز/= ناوێکی تازە:

ددانساز ، چەخماخساز ، هەواڵساز .... هتد

4– ناو+/–بەند/= ناوێکی تازە:

نالّبەند ، کەمەربەند

5– ناو + /–وان/ یان /–ەوان/ =ناوێکی تازە

دارەوان ، باخەوان ، کەشتیوان ، ..... هتد

6– ناو + /–چی/ = ناوێکی تازە :

خومچی ، خانچی ، پەنچەرچی .......... هتد

7– ناو + /–باز/ = ناوێکی تازە

سەرباز ، گیانباز ، کۆترباز ...... هتد

8– ناو +/–کەر/ = ناوێکی تازە:

نانکەر ، ڕاوکەر

9- ناو +/-مەند/= ناوێکی تازە:

هونەرمەند ، دەوڵەمەند ، عەقڵمەند ...... هتد

10- ناو + /-ی/ = ناوێکی تازە :

منداڵی ، هەلاجی ، حەماڵی ..... هتد

11- ناو + /-ەتی/ = ناوێکی تازە:

پیاوەتی ، برایەتی .

12- ناو + /-ێتی/= ناوێکی تازە:

ئەم پاشگرە لەگەڵ /-ەتی/ جیاواز نییە، بەڵکو بەکارهێنانی لە ڕووی ناوچەییەوە دەگۆڕێت:

کەرێتی ، برائێتی ، دزێتی.... هتد

13- ناو + /-ایەتی/ = ناوێکی تازە:

خزمایەتی ، دوژمنایەتی ، دۆستایەتی ..... هتد

14- ناو + /-ێنی/ = ناوێکی تازە:

کوڕێنی ، کچێنی ، بووکێنی ....... هتد

15- ناو + /-گا/ = ناوێکی تازە:

کۆگا ، دەزگا ، ڕێگا .... هتد

16- ناو + /-گە/ = ناوێکی تازە : ئەم پاشگرە ئەلۆمۆرفی/-گا/یە:

کارگە، ڕێگە ، جێگە .... هتد

17- ناو + /-ستان/ = ناوێکی تازە: ئەم پاشگرە واتای شوێن یان جێگا دەگەیەنێ ،

کوردستان ، هندستان ، دارستان.....هتد

18- ناو + /-خانە/= ناوی تازە: یەکێکە لەپاشگرە چالاکەکان:

کتێبخانە، بانزینخانە، چایخانە...... هتد

19- ناو+ /-دان/= ناوی تازە:

ئاگردان ، قەندان، گوڵدان .... هتد

20- ناو + /-ڵان/ یان /-ەڵان/= ناوێکی تازە:

قامیشەڵان ، بەردەڵان

21- ناو + /-ەن/ = ناوێکی تازە:

پوشەن ، چیمەن........ هتد

22- ناو + /-جاڕ/ = ناوێکی تازە:

نێرگزەجار، توتنەجاڕ ..... هتد

23- ناو + /-زار/ = ناوێکی تازە:

گوڵزار، لالەزار ........هتد

24- ناو + /-ەوار/ = ناوێکی تازە:

شوێنەوار، لەوڕەوار ........ هتد

25- ناو + /-لە/ = ناوێکی تازە:

مێرولە، برالە ..... هتد

26- ناو + /-ڵە/ = ناوێکی تازە:

گۆزەڵە، دیزەڵە ..... هتد

27- ناو + /-وولە/ = ناوێکی تازە:

مێشوولە، دانوولە ....هتد

28- ناو + /-ۆلە/ = ناوێکی تازە:

بەرخۆلە............ هتد

29- ناو + /-ۆڵە/ = ناوێکی تازە:

کیژۆڵە، کچۆڵە ..... هتد

30- ناو + /-ۆل/ = ناوێکی تازە:

مچۆل، ئەحۆل .....هتد

31- ناو + /-ۆڵ/ = ناوێکی تازە:

ناسکۆڵ، ئاسکۆڵ ..... هتد

32- ناو + /-ەڵ/ = ناوێکی تازە:

کۆمەڵ ، گردەڵ .......

33- ناو + /-یله/ = ناوێکی تازە:

ئەنگوستیله ، کاریله ..... هتد

34- ناو + /-ۆکە/ = ناوێکی تازە:

بزنۆکە، دەسڕۆکە .....هتد

35- ناو + /-ۆك/ = ناوێکی تازە:

تیرۆك، گوندۆك ....

36- ناو + /-چە/ = ناوێکی تازە:

باخچە، دەریاچە،.....

37- ناو + /-وو/ = ناوێکی تازە:

پووشوو ، ڕۆژوو ....

38- ناو + /-ۆ/ = ناوێکی تازە:

شێرۆ، هەورۆ ....

39- ناو + /-وولکە/ = ناوێکی تازە:

داسوولکە، جامووڵکە ....

40- ناو + /-ۆڵکە/ = ناوێکی تازە:

تەپۆڵکە ، گردۆڵکە .....

41- ناو + /-یلکە/ = ناوێکی تازە:

جامیلکە، چاویلکە،.....

42- ناو + /-چکە/ = ناوێکی تازە:

ڕێچکە، گوێچکە،..........

43- ناو + /-ۆچکە/ = ناوێکی تازە:

شارۆچکە، منداڵۆچکە، .....

44- ناو + /-ێن/ = ناوێکی تازە:

تۆپێن، هەڵماتێن ، مزراحێن ....

45- ناو + /-ێنە/ = ناوێکی تازە:

نیسکێنە، ماشێنە ، .......

46- ناو + /-ینە/ = ناوێکی تازە:

دۆینە، مەسینە ....

47- ناو + /-وانە/ = ناوێکی تازە:

ملوانە، پاوانە .....

48- ناو + /-ك/ = ناوێکی تازە:

دەسك، پەتك....

49- ناو + /-کە/ = ناوێکی تازە:

لووتکە، لەتکە.....

50- ناو + /-گار/ = ناوێکی تازە:

ڕۆژگار، یادگار.....

51- ناو + /-وەر/ یان /-ەوەر/= ناوێکی تازە:

جانەوەر ، سەروەر، گیانەوەر....

52- ناو + /-ە/ = ناوێکی تازە:

شەوە ، ئاگرە....

53- ناو + /-ین/ = ناوێکی تازە:

سەرین، شەرمین، سیمین .....

54- ناو + /-وور/ = ناوێکی تازە:

دەستوور....

55- ناو + /-انه/ = ناوێکی تازە:

چەژنانە، پووشانە، شاگردانە....

56- ناو + /-ەوا/ = ناوێکی تازە:

نانەوا ، ئاردەوا .....

57- ناو + /-ەمەنی/ = ناوێکی تازە:

شیرەمەنی، چاپەمەنی ......

58- ناو + /-اك/ = ناوێکی تازە:

پیتاك....

59- ناو + /-ندە/ = ناوێکی تازە:

باڵندە، گازندە......

60- ناو + /-ەك/ = ناوێکی تازە:

کەوشەك

بەگشتی ئەوپاشگرانەی لێرەدا خرانە ڕوو تەنها بە شێوەی نیشاندان باسمانی کردوون ونمونەکان بۆ هێناوەتەوە، دەنا هەریەك لە وپاشگرانە دەکرێت لێکۆلینەوەی ورد لە سەرچاوەی هاتن و مەبەستیان بکرێت .

### 2-2-1/3 ئەو پاشگرانەی کەهاوکاری (ئاوەڵناوی سادە) دەکەن بەمەبەستی داڕشتنی ناوێکی نویٚ :

لە زمانی کوردیدا بەئامانجی دروستکردنی ناوی نویٚ بۆ کەرەستەی نویٚ بە ڕێگای داڕشتن پەنا بۆ ئاوەڵناوەکانیش دەبرێت کەلە فەرهەنگی کوردیدا هەن و بەیارمەتی پاشگرەکان ناوی تازەیان لیٚ دروست دەکرێت بەم شێوەیە:

1- ئاوەڵناو + /-ەمەنی/= ناوێکی تازە:

ساردەمەنی ، مزرەمەنی ، شیرینەمەنی .....

2- ئاوەڵناو + /-ندە/= ناوێکی تازە

درندە .....

3- ئاوەڵناو + /-ین/= ناوێکی تازە

نەرمین ، شەرمین .....

4- ئاوەڵناو + /-ەن/= ناوێکی تازە

ڕووتەن، تیژەن ....

5- ئاوەڵناو + /-انە/= ناوێکی تازە

پاکانە ، سورانە ......

6- ئاوەڵناو + /-ەك/= ناوێکی تازە

بەرزەك .....

7- ئاوەڵناو + /-ان/= ناوێکی تازە

ڕەقان ، نەرمان .....

8- ئاوەڵناو + /-ك/= ناوێکی تازە

ئەستورك، گەرمك...

9- ئاوەڵناو + /-كە/= ناوێکی تازە

پیسكە، ڕەشكە.....

10- ئاوەڵناو + /-ێنە/= ناوێکی تازە

زەردێنە، سپێنە....

11- ئاوەڵناو + /-ی/= ناوێکی تازە

كوێری ، جوانی ، ناشرینی .....

12- ئاوەڵناو + /-ەتی/= ناوێکی تازە

سپیەتی، مەردیەتی .....

13- ئاوەڵناو + /-ڵان/ یان/ەڵان/ = ناوێکی تازە

نەرمەڵان ، سەوزەڵان ......

14- ئاوەڵناو + /-ە/= ناوێکی تازە

خراپە ، چاکە ، ڕاستە ....

15- ئاوەڵناو + /-ایی/= ناوێکی تازە

پانایی، تاریکایی، ڕۆشنایی

16- ئاوەڵناو + /-ایەتی/= ناوێکی تازە

بڵندایەتی ، کەمایەتی ، سوکایەتی .....

17- ئاوەڵناو + /-ێتی/= ناوێکی تازە

بەرزێتی ، ڕەشێتی ، برسێتی .....

### 3-2-1/3 ئەو پاشگرانەی کەهاوکاری (کاری سادە) دەکەن بەمەبەستی داڕشتنی ناوی نوێ:

لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت ناوی نوێ لە ڕێگای ڕەگی کار و پاشگرەوە دروستبکرێت کە بە ناوی کرداری (verbal noun) دەناسرێن :

1- ڕەگی کار + /-یار/ = ناوی تازە:

پرسیار ، کڕیار....

2- ڕەگی کار + /-ەر/ = ناوی تازە:

نووسەر ، دانەر .....

3- ڕەگی کار + /-ار/ = ناوی تازە:

وتار ، کوشتار، گوفتار.....

4- ڕەگی کار+/-مان/ ناوی تازە:

دروومان ، نیشتمان .....

5- ڕەگی کار + /-ۆکە/ = ناوی تازە:

فرۆکە ....

6- ڕەگی کار + /-وە/ یان / -ەوە/= ناوی تازە:

کردەوە .....

7- ڕەگی کار + /-اك/ = ناوی تازە:

خۆراك ......

8- ڕەگی کار + /-ەن/ = ناوی تازە:

سووتەن، ڕێژەن .....

9- ڕەگی کار + /-گە/ = ناوی تازە:

بڕگە، لەوەڕگە....

10- ڕەگی کار + /-ەك/ = ناوی تازە:

کوتەك .....

11- ڕەگی کار + /-ە/ = ناوی تازە:

باڕە، کۆکە ...

12- ڕەگی کار + /-کە/ = ناوی تازە:

فڕکە.....

13- ڕەگی کار + /-ەوار/ = ناوی تازە:

خوێندەوار....

14- ڕەگی کار + /-ان/ = ناوی تازە:

باران .....

15- ڕەگی کار + /-ەمەنی/ = ناوی تازە:

سووتەمەنی ....

16- ڕەگی کار + /-ندە/ = ناوی تازە:

باڵندە، کوشندە .....

17- ڕەگی کار + /-یدە/ = ناوی تازە:

گەڕیدە،دیدە ....

18- ڕەگی کار + /-ش/ یان /-شت/ = ناوی تازە:

بڕشت ، کۆشش ....

**4-2-1/3 ئەو پاشگرانەی کە هاوکاری (ئاوەڵکاری سادە)دەکەن بەمەبەستی دارِشتنی ناوێکی نویێ :**

1- ئاوەڵکار +/-ین/ = ناوی تازە:

پێشین ....

2- ئاوەڵکار +/-ار/ = ناوی تازە:

بنار ....

3- ئاوەڵکار +/-ەوا/ = ناوی تازە:

پێشەوا ....

4- ئاوەڵکار +/-ۆك/ = ناوی تازە:

بەرۆك ....

**5-2-1/3 سازکردنی ناوی ڕووداوی ئەبستراکت (چاوگ) لە ڕەگی کاری ڕابردووەوە:**

نیشانەی چاوگ /-ن/ وەك سۆفێکسیکی چالاك دەچێتە سەر کرداری ڕابردووی سادە/ ڕووت و ناوی ڕوداوی ئەبستراکت دروست دەکات، واتە جگە لەوەی کە وشەکە لە کردارەوە بەواتای ئەوەی لە کردەوە دەگۆڕێت بۆ ناوی ڕوداو ئەو ناوەی کە دروستی دەکات لە ڕووی سیمانتیکییەوە، ناوێکی ئەبستراکتی دارێژراوە و دەلالەت لە پرۆسیس دەکات هەر لەم بارەیەوە (ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: ((چاوگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەرچی پێکهاتن و تایبەتێتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆرمە گەردانندەکراوەکانی کردارە واتای ڕوودان ڕادەگرێنێ بێ ئەوەی ئیشارەت بۆ پێوەندێتی بەرێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات))[1].

واتە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەم ناوە ئەبستراکتییەکان بەیارمەتی پاشگرە دارِێژەکانی ناوی ئەبستراکت و هەم کردارەکان بە یارمەتی نیشانەی (چاوگ) هەردوکیان دەلالەت لە واتای ئەبستراکتی و نادیاری دەکەن، بەڵام جیاوازییەکە لە پۆلی ئاخاوتنی وشەکاندایە، چونکە ناوە ئەبستراکتییەکان لەچوارچێوەی پولی ناودا ئاماژەن بۆشت و حاڵەت و دیاردە و وەك پۆلێکی سەربەخۆی ئاخاوتن تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەسەر بنەمای ناو یاخود ئاوەڵناو یان ڕەگی کردار بەیارمەتی پاشگرە دارێژەرەکانی ناوی ئەبستراکت سازدەکرێن.

---

(1) ئەورەحمانی حاجی مارف ( 2000 : 37 )

بەڵام بەپێچەوانەوە چاوگەکان لەسەر چوارچێوەی پۆلی کار ئەژمار دەکرێن و لەسەر بنەمای ڕەگی کاری ڕابردوو بەیارمەتی نیشانەی /–ن/ دروست دەکرێن و لە هەموو حاڵەتێکدا /–ن/ تەنها سۆفێکسە کە دەچیتە سەر کار و ناوی ڕووداو دروست دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین، کەسەرجەم ناوی ڕووداو یان چاوگەکان وەك ناوێکی ئەبستراکتی دروستکراو لە کاردان ئاماژەن بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بەپێی واتای کارەکە واتە دەتوانین بڵێین نیشانەی چاوگ وەك سۆفێکسێکی چالاك ڕۆڵ دەبێنێت لە سازکردن و دارشتنی ناوی ڕوداوی ئەبستراکتی دارێژراو لە کردارەوە.

هەر دەربارەی ئەم بابەتەو ئەم شێوازەی دروستکردنی ناو لە زمانی کوردیدا (فاروق عومەر سدیق) پێی وایە کە ( /–ن/ی نیشانەی ناوی ڕووداو دەچێتە سەر کار و ناوی ڕووداوی ئەبستراکتی دروست دەکات، ڕەگەکەش دروستکەری ناوی چاوگەکەیە و ناتوانین چاوگەکان جارێکی تر لە ڕێگای پاشگرە دارێژەکانی ترەوە، کە دەچنە سەر ناو و بۆدارشتنی ناوی ئەبستراکت بە کاربهێنین بۆ ئەبستراکت کردنی ئەم چاوگانە)[١].

هەروەها بۆ دارشتنی ناوی ڕووداوی ئەبستراکت لە کردارەوە پەیڕەوی لە یەك یاسا دەکرێت بەم شێوەیە:

کاری ڕابردووی سادە + / –ن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت:

خەوت > خەوتن

سوتا > سوتان

بوو > بوون ......هتد

کاری ڕابردووی لێکدراو + /–ن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت.

باران باری > باران بارین

دزی کرد > دزی کردن

مانگ گیرا > مانگ گیران

خۆر گیرا > خۆرگیران

---

(1) فاروق عومەر سدیق : چاوپیکەوتن:2016/4/19 ، زانکۆی سلێمانی : بەشی کوردی.

کاری ڕابردووی دارێژراو +/ـن/ = ناوی ڕووداوی ئەبستراکت:

وەرگەڕا > وەرگەڕان

هەڵگەڕا > هەڵگەڕان

هەڵپژا > هەڵپژان.....هتد

### 6-2-1/3 ئەو پێشگرانەی لە زمانی کوردیدا بەشداری داڕشتنی ناوێکی نوێ دەکەن:

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك پێشگر هەن کە بە یارمەتی کەرەستەی زمانیی دیکە بەشداری لە دارشتنی وشەی نوێدا دەکەن بەمەبەستی دەربڕینی ناوەرۆکێك یان ناونانی کەرەستەیەکی نوێ :

1- /پێ-/:

پێنووس ، پێخەف ، پێویست ، پێناسە ......

2- /هاو-/:

هاورێ ، هاودەرد ، هاوخەم ، هاوسەر ......

3- /بێ-/:

بێ ڕەنگ ، بێ بەش ، بێ تام ، بێ بەر .....

4- /بە-/:

بەکەڵك ، بەپێز ، بەفێڵ ، بە ئەزموون ......

5- /لێ-/ :

لێپرسراو ، لێزان ......

6- /دا-/ :

داهێنان ، داڕمان ، داماو ، دابەزین .....

7- /وەر-/:

وەرگێر ، وەرگر ، وەرگەڕان ....

8- /نە-/:

نەبوونی، نەبەکام، نەهات، نەزان ....

9- /هەڵ-/:

هەڵکەوت ، هەڵفڕین ، هەڵچوون ، هەڵگر .....

10- /تیٚ-/:

تیٚ ڕامان، تێبین ، تیٚ هەڵکێش، تێچوو ....

11- /ڕۆ-/:

ڕۆنان، ڕۆچوون....

12- /ڕیٚ-/ :

ڕێبین، ڕێبەر ، ڕێگر ، ڕێدار ....

13- /ڕا-/:

ڕابوون ، ڕاگر ، ڕامان ...

14- /ڕوو-/:

ڕووگیر ، ڕووبار ، ڕوومالٚ

## 3-1/3 ڕێگای (تێکەڵکردن) بەمەبەستی سازکردنی وشەی نویٚ:

تێکەڵکردن (Blending) زاراوەیەکی زمانەوانییە، لەتێکەڵ کردنی دووپارچەی بچوکی وشەوە دەکرێت وشەی نویٚ سازبکرێت ((کۆکردنەوەی دوو فۆرمی جیاکراوە ، بۆ بەرهەم هێنانی وشەیەکی نویٚ ، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت تێکەڵکردن))[1].

(ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی دیکەدا، لە زمانی میدیاکان و زاراوە زانستییەکاندا بلاٌو و بە بەرهەمە)[2].

لەسەر بنەمای ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی نویٚ دروست کراوە بەلاٌم بەشی یەکەمی وشە نوێیەکە فۆرمێکی سەربەخۆیە نەك بەشێکی، نمونە:

ڕۆژنامە + گۆڤار > ڕۆڤار

ماتۆڕ + پاسکیل > ماتۆرسکیل

زانکۆ + ئینتەرنێت > زانکۆنێت

زانکۆ + لاین > زانکۆ لاین.

(1) George yale ( 2006: 55 )

(2) نەرمین عمر احمد ( 2010 : 31 )

## 4–1/3 ڕێگای (پارچەکردن) بەمەبەستی سازکردنی وشەی نوێ :

پارچەکردن ((بریتیە لەو پرۆسەیەی کە پارچەیەك ، لە پێش یا لە کۆتایی وشەوە وەردەگیرێت و لەجیاتی فۆرمە گشتییەکە بەکار دەهێنرێت، لە ئەنجامدا فۆرمێکی سەربەست، دروست دەبێت و هەندێ جاریش دەبێتە بناغە، بۆ پێکهینانی وشەی نوێ))[١].

ڕێگای پارچەکردن لەو وشانەدا دروست دەبێت، کە لە ڕووی ستراکچەرەوە درێـژن، واتـە لـە تـەنها وشەیەکدا یان فرێزێکدا دروست دەبێت، بەمەش لە (تێکەڵکردن) جیا دەکرێتەوە کە لـە نێـوان دوو وشەدا ڕوودەدات یان بە دوو وشـە، وشـەیەکی نـوێ سـازدەکەن، لـە زمـانی کوردیـدا هەنـدی جـار فرێزەکانیش کورت دەکرێنەوە، بۆنمونە:

شەهیدانی ئازادی/ شەهیدانی زەرگەتە/ شەهیدانی سەرچنار > شەهیدان

دۆشاوی تەماتە/ دۆشاوی خورما > دۆشاو

لە زمانی کوردیدا بەچەند مەبەستێکی جیاواز، هەندێ جار ناوی مرۆڤیش کورت دەکرێتەوە:

سۆزان > سۆزە

لیڤیار > لیڤو

کارزان > کارە

## 5–1/3 ڕێگای (گواستنەوە/پۆلگۆڕین) بەمەبەستی سازکردنی وشەی نوێ :

گواسـتنەوە یـان پۆلگـۆڕین (Conversion)، ((گـۆڕانی وشـەیە لـە ڕووی ئەرکـەوە، وەکـو گـۆڕینی پـۆلی نـاو بـۆ کـردار))[٢]. هـەموو وشـەکان لـە بـەکار هێنانیـدا وەك بەشـە ئاخاوتێـك دەردەکەون وئەمـەش کـارە گرنگەکـەی زمـان و فەرهـەنگی زمانـە، وشـەکان بەشـێوەی (وشـە بـە وشە)، دەنگەکانیش بە بڕگەی جیاجیا دەرنابڕێن ، بـەڵکو هـەمووی بەسـەریەکەوە لـە ڕسـتەیەکدا ئەرك دەبینن، پاشـان واتـا و مەبەسـتی تـەواو بـەگویگر یـان خوێنـەر دەگـات، لـە زمـانی کوردیـدا گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو بە بەرهەمە و زۆربەی کات پەیڕەو دەکرێت[٣].

---

(1) شیرکۆ حەمەئەمین قادر ( 2002 : 14 )

(2) George Yule ( 2006 : 56 )

(3) نەرمین عومەر ئەحمەد ( 2010 : 64 )

بۆ نمونە:

بالآ بەرزەکە هات.(ناو)

دەوڵەمەندەکان خزمەتی شاردەکەن.(ناو)

## 6-1/3 ڕێگای ئەکرۆنیم ( Acronyms )

ئەم ڕێگایە بریتییە لە ((کورتکردنەوەی وشەکان و وەرگرتنی پیتی یەکەمی ئەو وشانە و پێکهێنانی وشەیەکی نوێ، ئەو پیتانەش بە شێوەیەکی سەربەست دەردەبڕێن))(١). واتە بە وەرگرتنی چەند پیتێك لە وشەکانی فرێزێك ناوێکی دیاریکراو دروست دەکرێت، ((لە زمانی کوردیدا زیاتر لە بواری ڕامیاری و سەربازی و پزیشکی و ڕاگەیاندن بە تایبەتی بۆ نووسینی هەواڵی تەلەفیزیون ڕۆڵێکی دیاری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی گێرانەوەی کات و ئاسانتر گەیاندنی ناوەکان، بە تایبەتیش ناوە درێژەکان))(٢).

بۆ نمونە:

ی.ن.ك: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

پ.ك.ك: پارتی کرێکارانی کوردستان

پ.ی.د: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر

پ.ن: پێش نیوەڕۆ

م.ی: مامۆستای یاریدەدەر

پ.ز: پێش زایین

ف.ن: فرێزی ناوی

ف.ك: فرێزی کاری

---

(1) George Yule ( 2006: 57 )

(2) چولی ئەسعەد ( 2013 : 106 )

یوئین: UN: United Nations

یونسکۆ: UNESCO: United Nations Educational Scientific and Cultural Organization.

یونامی: UNAMI: United National Assistance Mission in Iraq

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەلایەنێکی گرنگ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو وشانەی بەم شێوەیە دروست دەبن دەچنە قالبی وشەی سنوردار یان (زاراوە) وە، واتە لە بوارێکی دیاریکراودا بەکار دەهێنرین کە دواتر لە سەری دەدوێین بە وردی.

### 7–1/3 زاراوە ورۆڵی لە ناوناندا:

(زاراوە بریتییە لە و وشەیەی کەسنورێکی واتایی بەدەوریدا کێشراوە وپەرژینێکیش بە دەوری زاراوەکە و تەنانەت نوسەرەکەشیدا کێشراوە)[1] لەبواری نوسیندا بەکار دەهێنرێت. ((مەبەست لە زاراوە (هەر وشەیەك كلمە word)، یادەستەواژەیەك یا دەربڕینێك (تعبیر expression) کە مانایەکی ورد و دەستنیشان کراوی هەبێ، ئەگینا دەبێتە وشەیەکی زمانەوانیی ئاسایی و هەمووکەسێك تێی دەگات، کۆمەڵێك لەکەسان، یانەتەوەیەك، یاجیهان بڕیاری لەسەر دابێت و لەهەندێ مەیدانی زانستی (Scientific)، یا هونەری و کارپێکردن (تقنی–technical)یا پیشەیی (مهنە Profession)یا بابەتی یاساییدا (قانونی، شرعی، legal) بەکار بهێنرێت))[2].

زاراوە بەندە بەرادەی پێشکەوتنی گەلانەوە بەشێوەیەك لە هەر زمانێکدا تا زاراوە لە گەشە کردندا بێت ئەوا ئەو زمانە لە پێشکەوتنی بەردەوامدا دەبێت، چونکە زاراوە ڕۆلێکی دیاری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە.

هەندی جار زاراوە وشەیەکی ئاسایی زمانەکەیە و واتاکەی فراوان کراوە و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بۆ واتایەکی دیاریکراو بەکار هاتووە، بۆیە جیاکردنەوەی وشە و زاراوە گرفتێکی گەورەیە، چونکە زاراوە پسپۆری هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وشە لە چوارچێوەی زاراوە و وشەشدا کاردەکەن.

---

(1) فاروق عمر سدیق: وانەکانی خوێندنی باڵا– زاراوەسازی: 2014/4/7 .

(2) کەمال جلال غریب ( 2012 : 11 )

(کامل بەسیر) دەڵێت: ((هەموو وشەیەك زاراوە نییە، بەڵام هەموو زاراوەیەك وشەیە، ئەم وشەیەش سنورێکی تەنگەبەری هەیە کە لەلایەن تاقمێك لە خەڵکییەوە بەکاردەهێنرێن))[1].

هەر لەم بارەیەوە (ادریس بن الحسن) دەڵێت: (کۆمەلێك وشەی تایبەتە کە لەقسەی ئاساییدا بەکارناهێنرێت)[2].

زاراوە لە زمانی ڕوسیدا تێرمن (termin) و لەزمانی ئینگلیزی تێرم (term) و لە زمانی فەرەنسیدا (terme)، لە زمانی عەرەبیدا (مصطلح)ی بۆ بەکاردێت.

ڕۆزینتاڵ دەربارەی زاراوە دەڵێت: (تێرمن وشەیەکی سادە، یا لێکدراوە، کە بەتەواوەتی دەربڕی چەمکێك بێت، لە زانست، تەکنیك یان هونەردا)[3].

زاراوە هەڵگرێ تاکە چەمکێك، یا واتایەکە، لە سنوری یەك واتاییدا کاردەکات هەرئەمەشە وای کردووە لە وشەی ئاسایی ناو زمان جیا بکرێتەوە، چونکە زۆربەی وشەکانی زمان هەڵگری زیاتر لە واتایەکن.

(گەشەسەندنی زاراوە، بەندە بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و شارستانێتی سەردەم، سەرەڕای ئەو پاڵنەرانەی کە لە ناسنامەی نەتەوەییەوە سەرچاوەیان گرتووە)[4].

((زاراوە لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و ئابوری و زانستیدا گەشە دەکات، بۆیە پێویستی بەوە کرد گرنگی پێ بدرێ و لێی بکۆڵدرێتەوە و وشەی جوان و ڕاست و گونجاو و لەبار و ڕەسەنی کوردی بدۆزرێتەوە و دابنرێ و دابڕێژرێ ودابتاشرێ))[5].

گرنگ نییە زمان چەند دیالێکت یا نیمچە دیالێکتی هەبێت، بەڵکو پێویستە یەك شێوازی نوسینی هەبێت، واتە خاوەنی نوسینێکی یەکگرتوو بێت، چونکە نوسینی یەکگرتوو بەردەوام بە هۆی زاراوە و دیالێکت و سەرجەم ڕێگاکانی تر گەشە دەکات.

---

(1) کامل بەسیر ( 1978 : 10 )

(2) ادریس بن الحسن العلمی ( 2002: 14 )

(3) فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خویندنی باڵا–زاراوەسازی : 2014/4/7.

(4) بڕوانە : احمد بن محمد (2000 : 352 )


(5) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ( 1975 : 500 )

بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی و تەکنەلۆژیاوە چەندین زاراوەی نویٚ پەیدا دەبێت، چەمك و بۆچوونە نوێیە زانستیەکانیش بەهۆی زاراوەوە گەشە دەکات، ((هەر لەبەر ئەمەش بوو بابەتی زاراوە زاناکانی زمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی زمانەکە لە داهێنانی زانستی زاراوەدا بپارێزربێت، پەسەندکردنی زاراوەش یەکێکە لە پرۆسەکانی بەیەك گەیشتنی بیر و شارستانیەت لە ناو شارستانییەتی نەوەی نوێدا))[١].

هەندێ لەم چەمك و داهێنانانە بەهویٚ وەرگێرانەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی باشی لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵدا هەبووە.

(هەر زمانێك وشەی پەرژینکراوی زۆربێت (واتە زاراوەی زۆربێت) ئەوا لای ئەو میللەتە زانست بەرەو پێش چووە، بۆیە بەزمانێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، چونکە زانست بە زاراوە دەنوسرێت و دەچێتە مێشکی گروپێکی دیاریکراوی زمانەکەوە)[٢]. بەوپێیەی زاراوە لە بواری زانستیدا بەکار دەهێنرێت و فەرهەنگی زمان لە بوارێکی دیاریکراودا دەوڵەمەند دەکات گرنگە ئاماژە بە شێوازی دروست کردن و وەرگرتنی بکەین چونکە ڕوڵی بەرچاو لە ناونان لە بواری زانستیدا دەگێرێت، بەواتایەکی دیکە زاراوە ئەرکی ناونانی کەرەستە و بوار و دەربڕین و داهێنانی شت دەبینێ، کە تازە دێنە ناو زمانەوە بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و لای کەسانی پسپۆر بەکاردەهێنرێت هەرچەندە بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە هەندێ لەو زاراوانە دەپەڕنەوە بۆ وشەی ئاسایی و بەسەر زاری خەڵکەوە دەبن و لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایشدا بەکار دەهێنرێت.

زاراوە لە زماندا بەچەند شێوازیك سازدەکرێت ئەویش بەمەبەستی دەربڕینی چەمکێکی نویٚ لە بوارێك دیاریکراودا، کە بەهۆی کەرەستەی زمانەکە خۆیەوە سازدەکرێت، یاخود دەشێت زاراوە وەکو خۆی وەربگیرێت و دەربڕی چەمکێکی ناو زمانی دووەم بێت هەروەکو زمانە یەکەمەکە (لیٚ وەرگیراوەکە):




(1) مها خير بك ناصر ( 2010 : 35 )

(2) فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خویندنی باڵا–ماستەر (تێرمینۆلۆجی)، 2014/4/14 .

- مەبەست لە (ئامادەکراو) ئەوەیەکە زمان خۆی خاوەنی ژمارەیەکی زۆری وشەبێت، وشە گەورە دەکرێت و لەزانستێکی تایبەتیدا واتایەکی تایبەتی پێ دەدرێت، وەك زاراوەیەك لە زمانی نوسیندا بەکاردەهێنرێت و پەرژینێکی بەدەوردا دەکێشرێت و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دەمێنێتەوە، بۆ نمونە:

مس ← وشەیەکە

مس ← $Cu$ (زاراوەیە)

ئاو ← وشەیەکە

ئاو ← $H_2O$ (زاراوەیە)

- مەبەست لە (وەرگرتن) ئەوەیە کە زاراوەیەك ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (کالّکە) لە زمانی یەکەمەوە وەردەگیرێت و لە زمانی دووەمدا لە بوارێکی دیاریکراودا بەکار دەهێنرێت :

سەیارە: سیارە

قەڵەم: قلم

} ڕاستەوخۆ

ڕۆژی دوایی: یوم القیامە

ڕیش سپی: شیخ

} کالّکە (ناڕاستەوخۆ)

- مەبەست لە (ڕێگاکانی زمانەکە) ئەو ڕێگایانەیە کە پێشتر بەمەبەستی سازکردن وشە لەم بەشەدا بۆ زمانی کوردی خستمانە ڕوو.

## 2 / 3 ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی بیر لەو پێکهاتە زمانیانەی کە یەکسانن بە وشە و ڕۆڵیان لە ناوناندا:

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، زمان بە ئامانجی خۆ گونجاندن و ناسینەوەی کەرەستە جیاوازەکانی دەوروبەر بەردەوام هەوڵی جۆربەجۆر دەدات بەمەبەستی ناونان و پێشکەوتنی زمان، یەکێك لەو ئاستانەی زمان کە هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە لێکسیکۆلۆژییە، ئەرکی هەرە گرنگی دانەی سەرەکی ئەم ئاستەش کە وشەیە بەشداریکردنی دیار و بەرچاویەتی لە پرۆسەی (ناونان)دا کە بەبێ وەستان لە نوێبوونەوە دایە.

((ڕێگایەك لەو ڕێگایانەی کە فەرهەنگی زمان لە ناوناندا، دەیگرێتەبەر، بەرهەمهێنانەوەی سەر لە نوێی پێکهاتەی سینتاکسی و وشەو ئەو پێکهاتە زمانیانەی تر کەبە پرۆسەی بەلێکسیکبوون (lexical lization) یەکسان دەبن بەوشە))[1].

کە ئەمەش بریتییە لە گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراو، کە لە زماندا وەك تاکە وشە ئەرك دەبینن.

(لە زمانەوانیدا بەرانبەر بە نوێباویی و نوێسازی و نوێبوونەوە، زاراوەی (نێولۆگیرم)(neologism) بەکار دەهێنرێت کە لە وشەی گریکی { (نوێ) neo + (وشە) logos } سازکراوە)[2].

(بۆداگۆڤ) دەربارەی (نیۆلۆگیزم) دەڵێت: نێولۆگیزم وشەی نوێ یا پێکهاتەی زمانیی تازەن، کە دێنە ئاراوە و پەیوەندییان بە بەرزبوونەوەی ڕادەی کلتور و تەکتیکەوە هەیە و بەگەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هەل ومەرجی ژیانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە، بەڵام گرنگە بزانرێت کە نێولۆگیزمەکان وەك جسمێکی غەریب و نامۆ وشتێکی نەشاز بە سیستەمی لێکسیکی وگراماتیکی خۆیان بەرۆح وناخی زماندا ناکەن، بەپێچەوانەوە، ئەمانە لێکسیکەکان تازە دەکەنەوە و تەواو و کامڵ و دەوڵەمەندیانە دەکەن لە باڵ ئەمەشدا سەرلەنوێ کەرەسە زمانییە کلاسیکییەکانی پێشوو بە فەرهەنگی قایمی بنەڕەتی زمانەوە دەبەستنەوە ئەمەش بە تەواوەتی ئاشکراو دیارە، چونکە ئەگەر بهاتایە نێولۆگیزمەکان، زمانیان بلەرزاندایە لە ڕەگ وریشەوە،

---

(1) فاروق عمر سدیق ( 2013 : 118 )

(2) د. ئێ. رۆزینتاڵ، م، ا . تیلینکۆڤا (1976 : 197 )

سەرجەم فەرهەنگی زمانیان دەگۆڕی و تازە دەکردەوە، ئەوکاتە مرۆڤی پشتە جیاجیاکان نەیان دەتوانی لەیەکتری بگەن، زمانیش نەدەبووە هۆی گشتی تێکەڵاوبوون.

(لە ڕاستیدا، ئەمە ڕوونادات، نویێ لە زماندا لەسەر بناغەیەکی فراوانی کۆن گەشەدەسێنێت ئەو کۆنە بەکاردەهێنێت ولەگەلیدا دەژی وکاری تێ دەکات)[١].

دیارە ئەم ڕایەش خاوەنی بنەمایەکی گرنگی خۆیەتی و لە زمانەوانیدا بەگرنگییەوە لێی دەڕوانرێت سەرەڕای ئەوەش تاکە تێڕوانین نییە، لەسەر نیۆلۆگیزمەکان، بۆ نمونە بەلای (ئەخما نۆڤا) وە (نێولۆگیزم) بریتییە لە: ((وشە، یا پێکهاتەی زمانیی تر، کە بۆ ناونانی شتێك کەپێشتر نەبووێت، یا دەربڕینی چەمکێکی نوێ، هاتوونەتە ئاراوە))[٢].

(ڕۆزینتاڵ و تیلینکۆڤا)ش، وای بۆ چوون کە (نیۆلۆگیزم): (وشە، یاپێکهاتەی زمانییە کەناونانی شتی تازە، یادەربڕینی چەمکێکی نوێ سازکراو دەگرێتەوە)[٣].

ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەو لێکدانەوە و ڕایانەی زانایان دەربارەی نیۆلۆگیزم، بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت، کە زمان هەموو ڕێگایەك بەکاردەهێنێت و پەنا بۆ هەموو کەرەستەیەکی زمان دەبات و گۆڕانکاری وردی تیدا دەکات بەمەبەستی ناونان و ئاشکراکردنی کەرەستەی نوێی زمانی، سەرەڕای خۆگونجاندنی ئەو زمانە لەگەڵ گۆڕانکاریە سەردەمیەکاندا، کە بێگومان عەقڵییەتی تاکەکانی کۆمەڵگا ئەم کارە دەخولقێنی و ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریانە دەهێنێتە ناو زمانەوە، بیگومان ئەمەش نیشانەی زیندویەتی زمانە و گەورەیی یان بەرزی ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ نیشان دەدات.

---

(1) ر.ا .بوداگۆڤ ( 1953 : 56 )

(2) ئو. س. ئەخمانۆڤا ( 1966 : 261– 262 )

(3) بڕوانە : د. ئیێ. ڕۆزێنتاڵ ، م، ا. تیلینکۆڤا ( 1976 : 197 )

## 1–2/3 بەرهەمهێنانەوە و ڕۆڵی (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی) لە سازکردنی وشـەی نـویێ و ناونانداا:

((بەشداریکردنی بەرچاو لە پڕۆسەی (ناونان)دا، یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکان وشـە، بـەڵام لە سنووری دیاریکراودا، فرێز و رستەش لە توانایاندایە ئەرکی (ناونان) ببینین))[1].

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، گرنگە لایەنی سینتاکس و ڕۆڵی لە بـواری ناونانـدا بەگشـتی بخرێتـە ڕوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باسەکەمانەوە هەیە.

هەر بیرێك یان شتومەکێك کە تازە دێتە ئاراوە وا پێویستە دەکات کە ناویان لێ بنرێت زمانیش بەتەنها و بەو گەنجینە وشەیەی کەهەیەتی لە توانایدا نییە و فریای ئەوە ناکەوێت کە بەو کەرەسە سنوردارەی لە بەردەستیدایە، ناو لـە سـەرجەمیان بـنێ وبگـرە هـەر بەشیشـیان ناکـات، بۆیـە بـە پرۆسەی نیوڵۆگیزم بە پێکهاتە زمانییە واتادارە پێشتر سازبووەکانی خویدا دەچێتەوە و بەرەو بە لێکسیکبوون، ئاڕاستەیان دەکات.


زمـان بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـەو بەخۆداچـوونەوەیەیدا، چـەندین ڕێگـا بـۆ گەشـەکردن و دەوڵەمەندکردنی خۆی دەگرێتەبەر تا بەهۆیانەوە بتوانێ دەربڕی گشت بـیر و شـتەومەکێکی تـازە پەیدا بـوو بێـت. دیـارە زمانـەکانی جیهـان بەگشـتی ئـەو ڕێگایانـە دەگرنەبـەر کـە پێویسـتن بـۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و سازکردنی وشـەی نـوێ و دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگەکـەیان، بەواتایـەکی دیکە ئەو ڕێگایانە جیهانین.

((خاتەمی لـە باسـی (ڕێگاکـانی دەوڵەمەنـدبوونی فەرهـەنگی فارسـی)دا چـەند ڕێگایـەکی جیهـانی نیشـان داوە کـە بەهۆیانـەوە فەرهـەنگی زمانـەکانی جیهـان گەشـە دەکـەن و پـەرە دەسـێنن ودەوڵەمەند دەبن))[2] ، کە ئەم ڕێگایانە سەرەکی تـرین ڕێگـا و گـرنگترین ڕێگـای دەوڵەمەنـدبوونی فەرهـەنگی زمـانن و بـەم ڕێگایانـە فەرهـەنگ بۆشـاییەکانی خـۆی پردەکاتـەوە و هـەنگاو بـەرو سەرکەوتن و گەشەکردن دەنێت، دیارە گرنگی خستنەڕووی ئـەو ڕێگایانـە وادەکـات کـە ئێمـە لـە باسـەکەماندا بەنەخشـەیەك ئـەو ڕێگایانـە بخەینـەپێش چـاو کـە پەیوەنـدی گـرنگ و ڕاسـتەوخۆی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە:

---

(1) ن.م.شانسكى ( 1972 : 12 )

(2) فاروق عمر سديق ( 2013: 120 )




ئەوەی لەم نەخشەیەی پێشەوەدا ئاشکرا دەبێت، ئەوەیە کە زمانەکانی جیهان بەشێوەیەکی گشتی پەنا بۆ چەندین ڕێگای جیاواز دەبەن بە ئامانجی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگەکەیان، دیارە زمانەکانی جیهانیش بەهۆی جیاوازییانەوە هەریەکەو بەجۆرو ڕێگایەك سوود لەو ڕێگا جیاوازانەی نەخشەی پێشەوە وەردەگرن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە زمانی کوردیش وەك هەر یەکە لە زمانە زنیندووەکانی جیهان سوودی لەو ڕێگایانەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ وەرگرتووە و بۆگەشەسەندنی خۆی هەر ئەو رێگایانەی بەکار هێناوە سەرەڕای ئەوەی کە لەم ساڵانەی کۆتایشدا چەند ڕێگایەکی دیکەشی گرتۆتە بەر بەئامانجی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی.

خـۆی لەوانـەش ئەبریڤەیرشـن(د.) لـە بـری دکتـۆر (م.)لـە بـری مامۆسـتا......) و چـەندین ڕێگـای دیکەش کە سەرجەمیان بەئامانجی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و لەکۆتایشـدا ناونـانی کەرەسـتە و پێویستیەکانی دەوروبەرە.

پێویستی ژیانی مرۆڤ بە چەندین کەرەستە و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی وای کـردووە کـە لە دێر زەمانەوە هەوڵی ئەوە بدات بۆ چەندین جار سـوود لـەو کەرەسـانە ببینێتـەوە کەپێشـتر لـە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری هێناون، پرەنسیپی ئیشکردن بـەمادەی بـەکارهاتوو لـە هەنـدێ لـە پێشەسـازی وەك (کاغـەز و شوشـە و پلاسـتیك .......) تـا ڕۆژگـاری ئـەمرۆ نـەك هـەر بەردەوامە، بەڵکو بە جۆرێك لە گرنگیدان بەژیان و خزمەتی گشتی هەژمار دەکرێت ، هەر بۆیە ئەم ڕێگایـە دەکرێـت بـەفراوانتر تەماشـای بکرێـت و لـە دونیـای زمانەوانیشـدا هـەمان ڕێگـا، بـەڵام بـۆ کەرەستە زمانیەکان و دووبارە بەکارهێنانەوە وبەرهەمهێنانیان لـە بـواری کـاری دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگ وپرۆسەی (ناونان)دا لای مرۆڤـ ڕێگایـەکی گـرنگ و ڕاسـتە بـەئامانجی سـوودی گشـتی و خزمەتی زمان.

ئەگەر بەوردی تەماشای گشت بیر و چەمکێکی ئەبستراکتی کە بەکەرەسەکانی زمان دەردەبڕێن لە بنجدا لە ئەنجامی تاقیکردنەوە کەڵەکـە بـووە یـەك لەسـەر یەکـەکانی چـەندین سـاڵی کـارکردنی و تێکۆشانی خەباتکردن لە پێناوی زاڵ بوون بەسـەر سـەختی سروشـت و خۆگونجانـد تیایـدا پێیـان گەیشـتووە و وانـەی گرنگـی لێیـان وەرگرتـووە، لـەم چوارچـێوەیدا کـارکردن بەپرەنسـیپی بەرهەمهێنانەوە (reproduction) لە ژیانی ڕۆژانەدا و کارکردنی زمان بەم لایەنـە لـە دیـاردەی (نیۆلۆگیزم) کە پێشتر ڕونمان کردەوە لە پرۆسەی (ناونان) لە هەر دوکیانـدا دەچـنە نـاو چـەمکی گەورە و گرنگ و پڕبەهای ڕەگ داکوتاو لە مێشکی مرۆڤدا کـە ئـەویش(ئابوریکردن)ە لەزمانـدا کـە خاوەنی بەهایەکی گرنگە لە بواری زماندا.

(وشە سازی بەرێگای سینتاکسی) یەکێکە لە ڕێگا ئـەکتیڤ و چـالاکەکانی بەرهـەم هێنانـەوە، کـە لەگەشەکردن و پـەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیـدا شـوێن پـەنجـەی بـە ڕوون و ئاشـکرا دیـارە، بـەم ڕێگایە چەندین پێکهاتەی سینتاکسی سازێزاوی پێشوو بەرهەم هێنراونەتـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی باسـەکەی ئێمـە لایـەنیکی دیـاریکراوی ئـەم بەرهەمهێنانەوەیـە لەبەرچـاو دەگرێـت کـە ئـەویش بەرهەمهێنانی وشەیە بەئامانجی ناونـان لێـرەدا گرنگـی بـەو فرێزانـە دەدەیـن، کـە بـەبێ ئیزافـە و ئیزافە ناویـان دەرکـردووە، کـە لـە ڕاسـتیدا دوای گرێـدان و قایمبوونیـان بـەرەو بەلێکسـیکبوون و یەکسان بەوشە هەنگاویان ناوە.

سەرەڕای جیهانی بوونی ئەو ڕێگایانەی کە فەرهەنگ دەوڵەمەند دەکەن کە پێشتریش ئاماژمان پێکردن، بەڵام هەر زمانێك یان گروپە زمانێك یان هەر خێزانە زمانێك بە جۆرێك بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنین کە جیاواز دەبن لە یەکتری.

سروشتی تایبەتمەندی پێکهاتەی ئەو زمانە خۆی و جۆر و چەشنی و ژمارەی ئەو فاکتەرە بزوێنەرانەی کە لە گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستی باڵایان هەیە، کە لە کۆتایشدا هەر ئەوانن کە ئەنسترومێنتی زمان بەهەموو ئاستەکانیەوە بەو ئاراستانەدا دەبەن کەلە خزمەتی ئەواندا بن وشان بە شانی ئەو دەیجوڵێن، لە بەر ئەوەی بەپێی سەردەم و بارودۆخی مێژووی ژیانی قسەکەرانی زمانەکە خۆی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێڕوانیتیان بۆ سروشت و دەوروبەر و جەوهەری پێکهاتە زمانیەکە و لەباری و نالەباری و خۆگونجاندنی لەگەڵ هەموو گۆڕانێکدا، کەبەسەر کۆمەڵدا دێن، ئەوانە و گەلێك فاکتەر و هۆی دیکە جوڵێنەر و سنوردانەری بەرزی و نزمی و بەپیزی و پێوەری بەرهەمیانن .

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە چەندین زماندا یەکێك لە ڕێگا زۆر ئەکتێڤ و بە بەرهەمەکان (وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسی)یە هەر بۆ نمونە (ئارنۆڵد) لە باسی (دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی لەسەر حسابی فرێزە قایمکراوەکان)دا نوسیویێتی : دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی هەر زمانێك بگریت لە ناونیشیاندا هی زمانی ئینگلیزی، تەنیا بەپشت بەستن بە سازکردنی وشەی نوێ بەڕێوە ناچێت بەڵکو لەسەر حسابی پڕکردنەوەی بەدەربڕاوە جێگیربووەکانیش مەیسەر دەبێت.

(فرێز لە وانەیە کراوە(a free combination) و قایمکراویش ( a set expression)بێت.یەکەم جۆریان لە سینتاکسدا و دووەمیان لە لێکسیکۆلۆژیدا لێیان دەکۆڵرێتەوە)[(1)].

سەرەڕای ئەو نمونانەی پێشەوە، کە بە ڕوونی باسی لە بوارەکە کردووە دواتر بەجیا لە باسی فرێزی قایمکراودا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم جۆرانە لە ناوخۆیاندا بەسەر دوو گروپی گەورەدا دابەش دەبن کە ئەوانیش (فرێزی پێکهاتەی قایمکراوی بنەڕەتی) و(فرێزی دانە ئیدیۆمییەکان)ن و دەربارەی ئەم دوو گروپەش یان دوای وردکردنەوەکەی بۆ ئەو دوو گروپە سەرەکیە دەربارەیان دواوە و گروپی یەکەمی بەم جۆرە ڕونکردوەتەوە:

---

(1) بڕوانە : ئی. ڤ. ئارنۆڵد ( 1959: 187 )

پێکهاتەیەکی میتافۆرە و هەست و نەست ناجولێنیَ، قسەکەر پەیوەندی بە بابەتی قسە لەسەر کراوەوە نییە و زۆربەی کات، تەنیا ناوی ئەو چەمکەیە کە بەهۆی ئەوەوە دەردەبڕێت. ئارنۆڵد لە باسی قەوارە و سنوری بەکارهینانی ئەم جۆرە لە ئینگلیزیدا دەڵێت: (لەگەڵ ئەو سنورە پان و بەرین و فراوانەی کە بەرهەمەکانی ئەم فرێزانە لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا گرتویانە بەڵام ئەوەندە لێیان نەکۆڵراوە تەوە، ئەوەشی کە کراوە زیاتر دەربارەی ناو و کارن کە بەم ڕێگایە سازێنراون)، ئەنجا سەبارت بە ستراکچەری فرێزە ناویەکانی ئەم چەشنە پێکهاتانە نوسیویەتی:

((ئەمانە لە ناو پێك دێن و بە وشەیەك، یا چەند وشەیەك شەرح دەکرێن لە ڕووی ستراکچەری سینتاکسیانەوە دەکرێت بە (ئەتریبووتیڤی) ناو بنرێن وەك پەیدا بوونیش لە (دەرخراو و دەرخەر) تەماشایان بکرێت، بەڵام بە ڕاستی لە قسەکردندا وەك شتێکی کامڵ بوو تەواو بەکاردێن لەبەرئەوە یەك ئەندامی ڕستەش پێك دەهێنن))[١].

لە زمانی فارسیشدا (خاتەمی) دەربارەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئەم زمانە (بە وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی) وتویەتی: (یەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی گشتی زمانی فارسی (وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی)یە، بەریزو بە کۆمەڵ وشەی گران لەم زمانە هەن کە لە بنجدا، سازبووی فرێزی ئیزافەن، لەو جۆرانەیاندا کە لە ئەنجامی تێپەربوونی کات و زۆری بەکارهێنانیان (دەرخراو ودەرخەرەکان)یان واتای لێکسیکی خۆیان لە دەست داوە و لە دوا قۆناغدا لە فرێزەوە بوون بە دانەیەکی لێکسیکی یا فەرهەنگی.

جێگای سەرنجە کە خاتەمی زاراوەی وشەی گرانی بەرانبەر بەفریزی ئیزافەی قایمکراو بەکارهێناوە لە ڕاستیدا، ((کاتێك بەو پێکهاتانە دەوترێت وشەی گران کەتیایاندا هیچ ئاسارێکی نیشانەی ئیزافە بەرگویَ نەکەوێت ئەوسا دەتوانرێت پێیان بووترێت وشەی گران بەڵام بەوجودی نیشانەی ئیزافە تائیستا لەو پێکهاتانەدا لە بەر ئەوەی تایبەتێتییە سینتاکسێکانیان جاریَ هەر پێوە ماوە ناکرێت وشەی گرانیان پیَ بوترێت، بەڵکو فرێزی ئیزافەی قایمکراوی یەکسان بە وشەن))[٢].

---

(1) فاروق عمر سديق ( 2013 : 123 )

(2) سەرچاوەی پێشوو: 124.

بەم شێوەیە ئەوە دەبینین کە فرێزە قایمکراوەکان بە شێوەیەکی ڕوون ڕۆڵیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لە سەرجەم زمانە جیاوازەکانی جیهان وکاریگەری دیاریان هەیە لە پرۆسەی ناوناندا کە دواتر بەوردی فرێزەکانی زمانی کوردی دەخەینە ڕوو.

## 2-2/3 ڕۆڵی فرێزی بێ ئیزافە و ئیزافەی قایمکراو لە ناونان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا:

دیارە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یەکێك لە ڕێگا گرنگەکانی دەوڵەمەندکردنی زمان گۆڕانکاری و دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستە زمانیەکانە، بەواتایەکی دیکە ڕۆڵی گرنگی ڕستەی زمانە لەپاش گۆڕانی بەئاراستەی فرێز ، هەر بۆیە گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵ و پەیوەندی فرێز بە وشە و ڕۆڵی وشەش لە ناوناندا بەم ڕێگایە بدەین، لە زمانەوانیدا بەم شێوەیە، باسی سروشت و پەیوەندی فرێز وەك دانە و کەرەسەیەکی سینتاکسی بە(وشە)ەوە کراوە: ((وشە یان دەبێت بەمادە بۆ بیناکردنی ڕستە و تیایدا ئەرکی هەمەجۆر جێبەجێ دەکات، یا سەر لە نوێ خۆی ڕێك دەخاتەوە و ڕستەی سەربەخۆ دروست دەکات و بەم جۆرە دەچێتە ناو قسەوە، لە بەر ئەوە دەتوانرێت لە پێکهاتەی ڕستەدا وەك ئیلیمێنتی ستراکچەری لە فرێز بکۆڵرێتەوە لەلایەکی ترەوە دەشکرێت لە دەرەوەی ڕستە وەك شێوە جیاوازەکانی ناوی گران لێیان بکۆڵرێتەوە))[1].

دیارە پەیوەندیەکی گرنگی زمانەوانی لە نێوان فرێز و وشەدا هەیە هەربۆیە گرنگە بزانین، کە ((نزیکی فرێز لە وشەوە لەو توانا و ئامادەییەیدا دەردەکەوێت، کە وەك وەسیلە و ڕێگا بۆ ناونانی شت ومەك و دیاردە و ڕوداو و کوالیتی و تایبەتێتی بەکاردەهێنرێت ئەمەش سروشتییە، فرێز خۆی دانەیەکی گراماتیکی یە و لە هەمان کاتیشدا دەربڕی جۆرێکە لە چەمك با گرانیش بێت ئەمە لێهاتوویی ڕەهای دانە فرێزەکانە، هەر ئەم توانا و لێهاتوییە لە خۆیدا یەکسانییە بەوشە))[2].

---

(1) ن. ن. پرەکۆپەڤیچ ( 1966 : 51 )

(2) فاروق عمر سدیق ( 2013 : 127 )

کەوابێت فرێزەکان لە زمانـدا توانـا و لێهـاتووی گرنگیـان هەیـە، لـە زمانـدا و ڕۆڵـی بەرچـاویان هەیە، لە پرۆسەی ناوناندا بە واتایەکی دیکـە ئـەرکی فرێـز دووفاقییـە، لایـەکی لـە سنتیاکسـدا بـە کراوەیی ئەرکە جۆراوجۆرەکانی خۆی جێ بەجێ دەکـات لەلایـەکی دیکـەوە بەشـداری بـێ شـومار دەکات لە پرۆسەی ناونانـدا، کە لە کراوەییەوە بەرەو بەلێکسـبوون دەچـێت، ئەوسـا بـەقایمکراوی یەکسـان دەبێـت بەوشـە، کـە دیـارە ئـەرکی وشـەش پێشـتر ڕونمـان کـردەوە گـەلێك زۆرە، بـەڵام گرنگترینی ناونانە، وەکو ئاشکراشە کە فرێزی قایمکراو جیهانییە لـە سـەرجەم زمانـەکانی جیهانـدا بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی جیـاوازی زمانەکانـەوە هـەر زمانـەو سروشـتی پێکهاتـە زمـانی و ڕێگـای دەربڕین و گەشەکردن و پەرەسەندنی فرێزی خۆی دەپارێزێت و جیایە لە زمانێکی تر.

بەهۆی ئەوەی کە هەر زمانێك پارێزگاری لە شێوازی دروستکردن و دەربڕین و گەشەکردنی فرێزی خۆی دەکات، گرنگە بزانین کە لە مێژووی زمانە ئێرانییە کۆن و ناوەڕاست و نوێکاندا فرێـز بـەپێی پاش و پێش خستنی (دەرخەر) تیایاندا کە خراوەتە پاڵ (دەرخراو) دەکرێن بەدوو جۆرەوە:

1- تیایدا بەپێی: (دەرخەر+دەرخراو) بێ هیچ کۆنجێکشنێك ڕێکخراوە.
2- تیایدا بەپێی: { (دەرخراو)+(نیشانەی ئیزافە)+دەرخەر } ڕێکخراوە.

جۆری یەکەم[1]:

بەپشـت بەسـتن بـە دەکۆمێنتـە مێـژووێکان دەرکـەوتووە، کـە فرێـزی ڕێکخـراو بـەپێی یاسـای (دەرخەر+دەرخراو) لە پێش جۆری دووەمەوە لـە کـاردا، بـووە و تائەمڕۆش.بـە گشـتی لـە زمانـە ئێرانییە نوێکاندا، ئیشی پێ دەکرێت واتە لە فرێزی ئیزافە بە تەمەنترە.

جۆری دووەم:

ڕێکخستنی فرێز بەپێی یاسای: { (دەرخراو)+(نیشانەی ئیزافە)+دەرخەر } لـەوە دەچـێت، کـە لـە ئاخر و ئۆخری دوا قۆناغەکانی زمانە ئێرانییە کۆن و سەرەتای دەستپێکردنی قۆنـاغی ناوەڕاسـت، هاتبێتە ئاراوە تا ئەمڕۆ، ئەکتیڤانە کە بە فرێزی ئیزافـە ناودەبرێـت بـە گشـتی لـە زمانـە ئێرانییـە نوێکاندا لە کاردایە.

(1) فاروق عمر سديق : 128 .

ئەوەی تێبینی دەكرێت بەشێوەیەكی بەرچاو بەرهەمی ئەم دووجۆرەی فرێز لە زمانی كوردیدا بونیان هەیە، و توانیویانە ڕۆڵی بەرچاو بگێرن لە ناونانی كەرەستە و بابەتی جۆربەجۆری زمانی كوردی هەر بۆیە گرنگە لێرەوە هەنگاو بەرە و فرێزەكانی زمانی كوردی بنێین و رۆڵیان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ و ناوناندا بخەینە پێش چاو :

- چۆنیەتی دروست بوونی فرێز لە زمانی كوردیدا:

لە زمانی كوردیدا بەگشتی وەك پێشتر باسمان كرد دووجۆر فرێز لە خۆدەگرێت:

**1- فرێزی بێ ئیزافە:**

ئەم جۆرە لە فرێز وەك پێشتر ئاماژەمان پێ كرد ڕاستەوخۆ (دەرخەر) بەبێ كۆنجێكشن بە (دەرخراو)ەوە دەبەسترێتەوە بە گوێرەی ئەم یاسایە فرێزەكان بەم جۆرەن:

ئەومالە ، ئەم پاسكیلە، دوو مرۆڤ .....

**2- فرێزی ئیزافە:**

لە زمانی كوردیدا و بەدیاریكراوی لەزاری خواروو كە سنوری باسەكەی ئێمەیە، ئەم جۆرە لە فرێز بەپێی یاسای { دەرخراو+(نیشانەی ئیزافە)+دەرخەر } سازدەكرێت، نیشانەی ئیزافەش دووجۆرە:

أ- /-ی/ ئەم جۆرەیان لە دوای دەرخراوێك دێت كە بە كۆنسونانت كۆتایی هاتبێت .

/-یی/ ئەم جۆرەش لە دوای دەرخراوێك دێت كە بە ڤاوڵ كۆتایی هاتبێت.

نمونە:

پیاوی گەورە

ساوایی شیرەخۆرە

وڵاتی ئێمە

ب- / ە/ ئەم نیشانەیە لەگەڵ دەرخراوێك دێت كە بە /-ەكە/ دیاریكراو بێت.

ئەگەر لە دەرخەرێك زیاتر هەبوو لە فرێزەكەدا ئەوا نیشانەی دیاریكردن دەچێتە سەر دوا دەرخەر، نمونە:

گوڵە جوانەكە

ئاوە ڕوونەكە

مندالە لاسارە پیسەكە

گرنگه لێرەدا ئەوەش بخەینە ڕوو کە ئەمڕۆ لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا ڕەگەزی (نێرومێ)ی دەرخراو یان (تاك وكۆ)ی دەرخراو ناكرێت، هەربۆیە دەرخەر دەربڕی هەر چەمك و واتایەك بێت ، بەبێ ئاوڕدانەوە لەو بارانە ڕاستەوخۆ بەگوێرەی ئەو تێبینیانەی لە سەر نیشانەکان خستمانە ڕوو، یەکێك لەو دوو نیشانەیەی ئیزافەی کوردی وەردەگرێت بەبێ کێشە.

لێرەوە هەنگاو دەنێین بەرەو خستنە ڕووی ڕۆڵی ئەم دوو جۆر فرێزە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ناونان و جیاکردنەوەی کەرەستەکان لە یەکتری ئەمەش دوای پرۆسەی بە لێکسیکبوونی فرێزەکان و قایمبونیان و هەنگاونانیان بەرەو وشە و ئەو ڕۆڵە گرنگیان کە پەیوەندی بەباسە کەی ئێمەوە هەیە کە (ناونانە).

**هەنگاونان بەرەو بە لێکسیکبوونی فرێز و ڕۆڵیان لە ناونان‌دا:**

**أ- بە لێکسیکبوونی فرێزی بێ ئیزافە:**

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد، کە ئەم فرێزە ڕاستەوخۆ واتە بەبێ کۆنجێکشن بەپێی یاسای (دەرخەر+دەرخراو) لە زماندا دروست دەبێت، هەروەك ئاماژەمان بە مێژووی ئەم جۆرە لە فرێز کرد کە کۆنترە لە جۆری دووەم (فرێزی ئیزافە) دیارە سەرەتا خاوەنی گرنگی و بەهای خۆی بووە بەڵام وردە وردە پاش دەرکەوتنی جۆری دووەم لە فرێز بەرهەم و پێزی کەم بووەتەوە و ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە، یان ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە دەست داوە و سنوری بەکارهێنانی کەم بووە تەنها لە هەندێ پەیوەندی سینتاکسیدا زیاتر پەنای بۆ براوە دوای ئەوەی بەسیستەم ڕێکخراوە و لە زماندا وەك کەرەستەیەکی ئامادەکراو و قایمکراو سەر لە نوێ بەکارهێنراوەتەوە و بەشداری گرنگی کردووە لە پرۆسەی ناونان‌دا.

بەپێی مێژووی ئەم جۆرە فرێزە دەکرێت بوترێت سەرەتا خۆی بەتەنها لە بوارەکەدا ڕۆڵی گێڕاوە، بەتایبەتی لە بواری سینتاکسدا و دواتر بەرەو قایمکراوی و ئینجا بەرەو بەلێکسیکبوون هەنگاوی ناوە و یەکسان بوون بەوشە، کە ئیمەش لێرەدا لە گرنگترین ڕۆڵی وشە دەدوێین.

### ب- بەلێکسیکبوونی فرێزی ئیزافە:

دوای ئەوەی ئەم جۆرە لە فرێز لە چوارچێوەی سیستەمدا رێکخراوە و بەرەو قـایمکراوی هـەنگاوی ناوە و بەتایبەتی لە ڕووی مێژووەوە کـە تـازەترە لـە جـۆری یەکـەم جێگـای ئـەوی گرتۆتـەوە لـە پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ناوناندا، ئەم جۆرە بە پێی یاساکەی کە شـوێنی دەرخـەر و دەرخراوی پێچەوانەی جـۆری یەکەمـە، زیـاتر بـەکارهاتووە و ڕۆڵـی بینیـوە و نیشـانەی ئیزافـەش هاوکـاری باشـتری بـووە بەمەبەسـتی دروسـت بـوون و ناونـانی کەرەسـتەکانی دەوروبـەر و گۆرانکارییەکانی زمان (فرێزی قایمکراوی ئیزافە، کە یەکسان بووە بـە وشـە و هەنـدێ جـاریش تـا وشەی گـران نەوەسـتاوە بـە چـەند قۆناغێکدا تێپـەڕیوە، لـە سـەرەتا و قۆنـاغی یەکەمـدا فرێـزی ئیزافەی کراوە بە یارمەتی نیشانەی (-ی) دروست کراوە کە کورتکراوەی نیشانەی (هیا)ی کۆنـە، ئەنجا بەیارمەتی نیشانەی (-ە) کە لە جێناوی نسبی (یا، Ya)وە هاتووە وتاکو ئێستا لـە سـەروو بۆ ڕیزی مێینەی تاك کاری پێـدەکرێت، سـازێنراوە، دەتـوانین ئـەم پرۆسـەیە بـەم شـێوە نیشـانی بدەین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| داری سێو > | داری سێو > | دارە سێو > | دار سێو |
| فرێزی کراوە | قایمکراو | قایمکراو | وشەی گران |
| قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم[1]. |

وەکو لێرەدا دەردەکـەوێت، سـەرەتا بـە کـراوەی هـەنگاوەکانی دەسـت پـێ دەکـات و دواقۆنـاغی وشەی گرانە کە لە ڕاستیدا دوای بەسیستەم بوونی فرێزی ئیزافە لە سینتاکسـدا ئـەنجا بـەگوێرەی پێویستی کۆمەڵ بۆ پرۆسەی ناونانی نوێ، قـایم دەکـرێن و سـەر لـە نـوێ بەرهـەم دەهێنرێنـەوە، بـەڵام مـەرج نییـە بـۆ هـەموو حاڵـەتێك بـەو قۆناغـەدا تێپـەڕێن، بـەڵكو بـەپێی ئـەو سیسـتەمە سینتاکسییەی خەڵکی لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیاندا گوێیان پێی ڕاهاتووە پەیرەوی دەکـەن، وەك فرێزێکی قایمکراویی یەکێك لەو قۆناغانە ڕاستەوخۆ نەك قۆناغ بـە قۆنـاغ، دروسـت دەکـرێن و بەشدارییان لە ناوناندا پێ دەکرێت.

(1) فاروق عمر سدیق : 134 .

فرێزی قایمکراو دەکرێت بەهۆی زۆری بەکارهێنانی لە ناو خەڵکدا بەجۆرێك گۆڕان بەسەردابێت، کە شێوەی زانراوی خۆی لەدەست بدات یان بەواتایەکی دیکە، بەمەبەستی ئاسان دەربڕین بەر ئیکۆنۆمی بکەون بەتایبەتی ئەو فرێزە قایمکراوانەی کە بە (–ەکە) دیاریکراون و لەناو خەڵکدا زۆر ناسراون بەتایبەتی ناوی شوێن و جێگای دیاریان پێ نراوە یاخود باس لە کات و مێژوویەکی زۆر کاریگەر دەکەن، گرنگە لێرەدا هەندێك لەو نمونانە بخەینە پێش چاو:

بینای بەرید > بینای بەریدەکە > بەریدەکە

ساڵی ڕووس > ساڵی ڕووسەکە > ڕووسەکە

بازاڕی کۆنە > بازاڕی کۆنەکە > کۆنەکە

ساڵی گرانی > ساڵی گرانییەکە > گرانییەکە


ساڵی ڕاپەڕین > ساڵی ڕاپەڕینەکە > ڕاپەڕینەکە

**فرێزی بێ ئیزافەو ئیزافەی قایمکراو و بەرهەمیان لە فەرهەنگ و ڕۆڵیان لە ناوناندا:**

دیارە پرۆسەی ناونان لە ژیانی مرۆڤدا خاوەنی بەهاو گرنگی تایبەتی خۆیەتی بەجۆرێك بەمەبەستی بەردەوامی ژیان و تێپەڕاندنی گرفتی فەرهەنگی مرۆڤ بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە، ڕێگا چارەی گونجاو بۆ کیشەی ناونان بدۆزێتەوە و بتوانێ ناو لە کەرەستەکانی دەوروبەری بنێ، کە تازە سەر هەڵدەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش یەکێك لەو گەنجینە بڕ بەهاو چالاك و لە بن نەهاتووەی کە لە ناو کەرەسە سینتاکسییە پێشتر ئامادەکراوەکاندا، مرۆڤ بە بەردەوامی بەرهەمیان دەهێنێتەوە و تا ئەمرۆش لە پرۆسەی ناوناندا پەنای بۆ دەبات و هەمیشە بەسەر زاری خەڵکەوەن و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن و گرفتی ناونانی کەرەسە و کەموکورتی فەرهەنگ چارەسەر دەکەن (فرێزی قایمکراو)ە گرنگە ئەوەش بەبیر بهێنینەوە کە ئەم فرێزانە بەپێی کۆنی و تازەییان ڕۆڵ لەو بوارەدا دەگێڕن و بەرهەمیان بەگوێرەی ئەو سەردەم و شێوازی دروست بونیان دەگۆڕێت و زمانیش وەکو پیۆیست سودیان لێ وەردەگرێت.

زمانی کوردیش بەو پێیەی یەکێکە لە زمانە زیندووەکان و لە ژیان بەردەوامە، هەرئەم ڕێگایەی گرتۆتەبەر هاوشانی زمانە ئێرانیەکان و گەنجینەی فرێزی قایمکراو بۆ ئەو مەبەستە گرنگە بەکاردەهێنێ.

ئێمەش لێرەدا بەگوێرەی نیشانەی ئیزافە و بـواری بـەکارهێنان و واتایـان، فرێزەکـان بـەپێی ئـەم نەخشەیە دابەش دەکەین(1).




(1) فاروق عمر سدیق : 135 .

**فرێزی قایمکراوی بێ ئیزافەی کوردی:**

لە زمانی کوردیدا نمونـەی فرێـزی قـایمکراوی بـێ ئیزافـە زۆرن، ئێمـە لێـرەدا وەك نمونـە بـە پێـی ئیدیۆمیی و نائیدیۆمیی و زاراوە ..... وەك لە خشەکەدا خستمانە ڕوو دەیانخەینە پـێش چـاو کـە ڕۆڵیان هەبووە لە ناونانی دەربڕاو و کەرەسەی زمانی دا:

ئیدیۆمیی:

دەرخەر + دەرخراو = فرێزی بێ ئیزافە:

بەد + بەخت = بەد بەخت

بەد + خو = بەد خو

تەڕ + پیر = تەڕ پیر

کەر + پیاو = کەر پیاو

فەقیر + حاڵ = فەقیر حاڵ

نا ئیدیۆمیی:

دەرخەر + دەرخراو = فرێزی بێ ئیزافە:

بەفر + ئاو = بەفراو

ماست + ئاو = ماستاو

دوو + فاق = دووفاق

چڵك + ئاو = چڵکاو

چوار + باخ = چوارباخ

زاراوە:

زیندەوەرزانی : رەش + مار = ڕەشمار

سەربازی : یەك + ئەستێرە (نەجمە) = یەك ئەستێرە (یەك نەجمە)

وەرزشی : یەك + باز = یەك باز

بیركاری: سێ + گۆشە = سێگۆشە.

**فرێزی قایمكراوی ئیزافەی كوردی:**

بە گوێرەی مێژووی ئەم فرێزە و شێوازی دروستبوونی لە زمانی كوردیدا كە پێشتر باسمان كرد، نمونەی ئەم جۆرە لە فرێز لە زمانی كوردیدا زۆرە، ئێمە لێرەدا بەگوێرەی ئیدیۆمیی و نا ئیدیۆمیی و زاراوە، هەروەها بەپێی كۆنجێكشنەكان، كە هاوكاری دروستكردنی دەكەن، دابەشی دەكەین ، و نمونەی بۆ دەخەینە ڕوو :

1- فرێزی قایمكراوی ئیزافەی ئیدیۆمی:

دەرخراو + نیشانەی ئیزافە + دەرخەر :

ڕۆژ + ی + ڕەش = ڕۆژی ڕەش

برا + ی + تەنگانە = برای تەنگانە

چاو + ی + حكومەت = چاوی حكومەت

باڵ + ی + تەیارە = باڵی تەیارە

درۆ + ی + شاخدار = درۆی شاخدار

2– فرێزی قایمکراوی ئیزافەی نا ئیدیۆمی :

– بە یارمەتی نیشانەی ئیزافەی /–ە/:

گۆڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم

بێچوو + ە + کەو = بێچووەکەو

شەڕ + ە + کەڵەشێر = شەڕەکەڵەشێر

– بەیارمەتی نیشانەی ئیزافەی /–ی/:

نان + ی + تیری = نانی تیری

جل + ی + کار (ئیش) = جلی کار (ئیش)

کەوچك + ی + چێشت = کەوچکی چێشت

مزگەوت + ی + عبد الله بەگ = مزگەوتی عەبدوڵڵا بەگ

مەلا + ی + مزگەوت = مەلای مزگەوت

3– فرێزی قایمکراوی ئیزافە کە بووەتە (زاراوە):

– لە بواری زمانناسی :

دەنگ + ی + کۆنسۆنانت = دەنگی کۆنسۆنانت

ڕەگ + ی + کار = ڕەگی کار

کار + ی + ڕابردوو = کاری ڕابردوو

ڕستە + ی + ئاڵۆز = ڕستەی ئاڵۆز

– لە بواری سەربازی:

ئەفسەر + ی + سوپا = ئەفسەری سوپا

میل + ی + دەمانچە = میلی دەمانچە

دەرزی + ی + کلاشینکۆف = دەرزی کلاشینکۆف

کەتیبە + ی + پیادە = کەتیبەی پیادە

– لە بواری ئابوری :

باج + ی + دەرامەت = باجی دەرامەت

بازاڕ + ی + ئازاد = بازاڕی ئازاد

قەیران + ی + دارایی = قەیرانی دارایی

پارە + ی + نوستو = پارەی نوستو

- له بواری ئەدەبی:

شیعر + ی + دڵداری = شیعری دڵداری

قافیە + ی + شیعر = قافیەی شیعر

کێش + ی + عەروز = کیشی عەروز

پەخشان + ی + ئەدەبی = پەخشانی ئەدەبی

- له بواری زانستی کیمیا :

گاز + ی + ئۆکسجین = گازی ئۆکسجین

نیترات + ی + پۆتاسیۆم = نیتراتی پۆتاسیۆم

گۆگرد + ی + کارا = گۆگردی کارا

- له بواری تەندروستی :

بەرد + ی + گورچیلە = بەردی گورچیلە

ئاو + ی + سپی = ئاوی سپی

خڕۆکە + ی + سوور = خڕۆکەی سوور

دەمار + ی + دڵ = دەماری دڵ

- له زانستی بیرکاریدا :

گۆشە + ی + وەستاو = گۆشەی وەستاو

ڕەگ + ی + دوجا = ڕەگی دوجا

خانە + ی + یەکان = خانەی یەکان

ژمارە + ی + دەیی = ژمارەی دەیی

- له بواری هونەردا :

بەرهەم + ی + هونەری = بەرهەمی هونەری

کار + ی + هونەری = کاری هونەری

ئاواز + ی + فۆلکلۆر = ئاوازی فۆلکلۆر

دەنگ + ی + ڕەسەن = دەنگی ڕەسەن

– له بواری فیزیادا :

چڕی + ی + پێوانەیی = چڕی پێوانەیی

دۆخ + ی + گازی = دۆخی گازی

دۆخەکان + ی + مادده = دۆخەکانی مادده

تەزوو + ی + کارەبا = تەزووی کارەبا

پێویسته لێرەدا ئاماژه بەوه بدەین که ژمارەی زاراوەکان هێنده زۆرن که توانای جێکردنەوەی لێرەدا ئەستەمە، هەر بۆیه تەنها چەند نمونەیەکمان خستۆته پێش چاو، هەروەها گرنگه ئەوەش بخەینه ڕوو که زۆربەی زاراوەکانی زمانی کوردی بەیارمەتی نیشانەی ئیزافەی (ی) دروست کراون هەر بۆیه زۆربەی نمونەکانمان بەو جۆرەن.

### 3–2/3 ئیدیۆم له زمانی کوردی و ڕۆڵی له ناوناندا :

ئیدێوم (Idioms) : ((بریتیه لەو دەربڕینانەی که له ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام له ژێرەوه زڕدانەی واتا سازین له سەری ڕێکەوتوون و خۆیان له زماندا چەسپاندووه))[(1)].

ئەم دیاردەیه له گشت زمانەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت، که دەتوانرێت واتایەکی زۆر و فراوان له ڕێگەی کۆمەڵێك کەرەستەی کەمەوه بگەیەنرێت، ((زۆرجار بۆ دەوڵەمەندکردن و دەرخستنی لێهاتووی زمانی له کاتی گفتوگۆکردن و تەنانەت نوسینیشدا، بەمەبەستی گەیاندنی چڕترین و قوڵترین مەبەست به کەمترین یەکەی زمانی پەنا دەبرێته بەر دەربڕاوی ئامادەکراو له زماندا که به ئیدیۆم ناسراون، ئەم دەربڕاوانه بۆ کورتبڕی و ئاسانکاری و .... تاد، لەو توێژکردندا، بەکاردەهێنرێن))[(2)].

---

(1) فەتاح مامه عەلی ( 1998 : 38 )

(2) شیلان عومەر حسەین ( 2009 : 11 )

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیۆم ئەوەیە، کە لە واتـای سـەربەخۆی وشـە و مۆرفێمەکانـەوە دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو هەمووی بەسەر یەکەوە واتایەك دەبەخشێت ((کـە واتاکانیـان لـە واتـای پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدی نـاکرێن، چـونکە واتـای پارچـەکانی ئیـدیۆمێك زۆرجـار هێنـدەی پێوست زانیاری دەرناخەن))[1].

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بکەین کە ئیدیۆم وەك کەرەستەیەکی فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەچـێتە نـاو فەرهەنگـەوە سـەرەڕای ئـەوەش بەمەبەسـتی گەیانـدنی واتایـەکی دیـاریکراو، وەك دەربڕاوێك بەرانبەر بەکەسێك یان بارێکی دیاریکراو دەردەبڕێـت، بـەواتای ئـەوەی توانـای ناونـانی کـەس یـان حاڵـەتی هەیـە، لـە زمانـدا و دەکرێـت بـە هـۆی ئـەم دەربـڕاوەوە کەسـێکی دیـاریکراو بناسرێتەوە یاخود لە ناو کۆمەڵێك جیا بکرێتەوە.

((ئیدیۆم لە ڕووی زمانەوانییەوە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر: وشـەی لێکـدراوی ئیـدیۆمی ، فرێـزی ئیدیۆمی، ڕستەی ئیدیۆمی))[2].

لێرەدا گرنگە نمونە بۆ سەرچەم ئەو بەشاندی پێشەوە بخەینە پێش چاو:

أ- جۆری یەکەم (ئیدیۆم) لە شێوەی وشەی لێکدراودا دەردەکەوێت، نمونە:

1- زمان لووس
2- دەمەوەر
3- قسەزل
4- قسەزان
5- چەقاوەسوو
6- چاوقایم
7- دڵپیسی
8- ماستاوچی

---

(1) شیلان عومەر حسەین : 21.

(2) فەتاح مامە عەلی ( 1998 : 80-81 )

ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم ئیدیۆمانە بکەین، دەردەکەوێت کە لە توانایدا هەیە سەرەڕای ئـەوەی دەرخەری حاڵەتێکی دیاری کەسێکە لە هەمانکاتدا توانیویەتی ناوی کەسەکە یان حاڵەتەکـە بنێـت و پێی بناسرێتەوە کە ئەمەش مەبەستەکەیە.

ب- جـۆری دووەم (فرێـزی لێکـدراوی ئیـدیۆمی) لێـرەدا ئیدیۆمەکـە لەشـێوەی فرێـزی لێکـدراودا دەردەکەوێت، نمونە:

1- ئـاگری قـورەت/ تـیری قـوورەت: بـەواتای شـەڕانی یـان هاروهاج یان کەسێکی وریا وزیرەك یان زۆرزان دێت.

2- سووری بـەر لەشـکر: بـەواتای کەسـەکە خـۆی لـە هـەموو شتێك هەڵدەقورتێنێ .

3- ئاگری بن کا: واتا کەسەکە لە ژێرەوە ئاگری شـەڕ خـۆش دەکات و کەسیش ئاگای لەو نییە.

4- سەگی پێ سوتاو: بەکەسێك دەوترێ، کە ئـارامی بڕابـێ و شوێن بەخۆی ئەگرێ و بجوڵێت.

5- کەڵەشێری سەرباره دار: بەکەسێك دەوترێت کە خۆی زۆر دەربخات.

پ ـ جۆری سێیەم (ڕستەی ئیدیۆمی):

لێرەدا ئیدیۆمەکە لە شێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت، نمونە:

1- نمەك سوێرە: بـەواتای ئـەوەی بـەختی نییـە لای خـەڵك و هەرکارێك بکات بەخراپە بۆ خۆی دەشکێتەوە.

2- گلۆڵـەی کەوتـە لێـژی : بـەواتای ئـەوەی کـە بـارودۆخی کەسەکە گۆڕاوە وەکو جاران بۆی ناچێتەسەر .

3- نەشیش بسوتێ و نەکەباب : بەواتای ئەوەی لـە دۆخێکـی دیاریکراودا کە ڕووی داوە یان ڕوودەدات هیچ لایەك زەرەرمەندنەبن.

4- ئاسنی سارد ئەکوتێ: واتـا کەسـەکە کـارێکی بـێ ئـەنجام دەکات.

5- لـە گـوێی گـا یـا نوسـتووە: واتـا کەسـەکە ئاگـاداری گۆڕانکاری یاخود دۆخێکی دیاریکراو نییە.

# ئـەنجـام

1- له پرۆسەی ناونانی کەرەستەکاندا پەیوەندی نێوان ناولێنەر و ناولێنراو پەیوەندییەکی گرنگ و پڕ بایەخە و خاوەنی ناوەرۆکە.

2- نزیکی له بیرکردنەوە و هاوبەشی نێـوان دوو زمـان، هەنـدێك جـار هێنـدە زۆرە، کـە تەنانـەت دەربـڕینی کەرەسـتە زمانییـەکان لـە نێوانیانـدا وەك یەکـە یـان زۆر نزیکـە، هەنـدێك جـاریش بـە پێچەوانەوە هێندە لە یەکتری دوورن کە تەنانەت لە زمانی دووەمدا دەربڕینێك نییـە، هـەڵگری ئـەو ناوەرۆکە بێت یاخود زۆر لێوەی دوورە.

3- زمان زۆر ڕێگا بەکاردەهێنێت بە مەبەستی ناونانی کەرەستەی نوێ، یەکێك لە ڕێگـا باوەکـان کە زمانی کوردی زۆر بایەخی پـێ دەدات لـە دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگەکـەی و بـەدیاریکراوی بـۆ ناونان (وشـە سـازی بـەڕێگای سینتاکسـی)یە سـەرەڕای دووبـارە بەکارهێنانـەوەی کەرەسـتەکانی زمان بۆ ناونانی کەرەستەی نوێ.

4- مرۆڤـ چەندە پێویستی بە ناوی کۆنکرێتـە بـۆ ناسـینەوەی کەرەسـتە دیـار و بەرهەسـتەکان، هێنـدەش پێویسـتی بـە نـاوی ئەبسـتراکتە بـۆ ناونـان و ناسـیەوە و جیاکردنـەوەی واتـا نادیـار و شتەزەینی وچەمکەکانی ناو مێشك.

5- له ناو ئـەو کەرەسـتانەی کـە لـە زمانـدا دووبـارە بـەکار دەهێنرێنـەوە و دروسـت دەکرێنـەوە بەمەبەستی ناونانی کەرەستەکانی دەوروبەر و مێشکی مرۆڤـ لە زمانی کوردیدا ، ئەو گروپە فرێزە ئیزافانە زۆرترین بەرهـەمیان هەیـە کـە بـە یارمـەتی نیشـانەی ( - ی )، دەرخـراو و دەرخـەریان پێکەوە گرێ دراون.

1- به زمانی كوردی

أ- كتێب:

1- ئـارام قـادر خەلـەكانی (2010) شـرۆڤەی لـۆژیكی بـۆ زمـان (ڤنگنشـتاین)، چـاپی یەكـەم، چاپخانەی خانی ، دهۆك.

2- ئەحمەد حەسەن ئەحمەد (1976) رێزمانی كـوردی بـە كـوردی و عـەرەبی، چـاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

3- ئەورەحمانی حاجی مارف، ( 1975 ) وشەی زمانی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كـورد ، بەغدا.

4- ئەورەحمانی حاجی مارف، ( 1976 ) زمانی كوردی لەبەر رۆشـنایی فۆنەتیكـدا، چـاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد ، بەغدا.

5- ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف (1977)، وشـە ڕۆنـان لـە زمـانی كوردیـدا ، چـاپخانەی كـۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

6- ئەورەحمانی حاجی مارف،( 1979 ) ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم ( مۆرفۆلۆجی )، بەشی یەكەم ( ناو )، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ، بەغدا.

7- ئەوڕەحمانی حاجی مـارف (1991) ڕێزمـانی كـوردی، بـەرگی یەكـەم ، (وشەسـازی) بەشـی سێیەم (ئاوەڵناو) ، لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی كورد، بەغدا.

8- ئەوڕەحمانی حاجی مـارف (2000) ڕێزمـانی كـوردی، بـەرگی یەكـەم (وشـە سـازی) بەشـی پێنجەم(كردار).

9- ئەورەحمانی حـاجی مـارف ، (2002) بەرهەمـە زمانەوانییـەكانم، كتێـب و نامیلكـە، بـەرگی یەكەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی .

10- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم (1983) رێزمانی كوردی، هەولێر.

11- بەكر عومەر عەلی و شـێركۆ حەمـە ئـەمین، ( 2006 ) زار و شـێوە زار ، چـاپی یەكـەم ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی.

12- بێستون حەسەن ئەحمـەد ، (2012) كۆمەڵـە وشـە و پێكـەوەهاتن لـە زمـانی كوردیـدا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی لەریا ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی .

13– پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (2009) ، واتا و وەرگێڕان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

14– تالیب حوسێن عەلی، ( 2011 )، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

15– تۆفیق وەهبی، ( 2002 ) کورد و زمانی کوردی ، و: عەزیز گەردی ، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم (19)، سلیمانی.

16– جۆن سیرل،(2009) زمان و عەقڵ و کۆمەڵگەی فەلسەفە لە جیهانی هاوچەرخدا، و: عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون.

17– حەمید عەزیز (2005) سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

18– حەمید عەزیز (2006) فەلسەفە و لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

19– حەمید عەزیز (2009)، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، چاپی دووەم ، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب.

20– حوسێن محەمەد عەزیز ، (2005) سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.

21– دەروون عبدالرحمن سالّح (2012) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

22– ڕۆژان نوری عبداللە (2007) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .

23– سەعید سدقی کابان (1928) مختصر صرف ونحوی کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی نەجاح – بەغدا.

24– سەلام ناوخۆش (2008) زماننناسی (مێژوویی – بونیادگەری – چۆمسکی) چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان ، هەولێر.

25– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، (2010) زمانەوانی ، بەرگەکانی (1، 2، 3) چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

26– شێخ محەمەدی خاڵ (2005) فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

27– شێخ محەمەدی خاڵ (2007) پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

28– شێروان حوسێن خۆشناو (2011) تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دیلان ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی .

29– شیلان عومەر حسەین (2009) ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی .

30– صادق بهاء الدین ئامێدی ، (1987) رێزمانا کوردی – کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ ، زانکۆی صلاح الدین ، چاپخانەی دار الشؤون الثقافیة العامة، بەغدا.

31– صالح حوسێن حەسەن پشدەر (1985) کورتەیەك لە رێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا .

32– عەباس جەلیلیان (ئاکو)، (2012) فەرهەنگی باشوور تایبەت بە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی .

33– عەبدولواحید موشیر دزەیی (2005) ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، هەولێر.

34– عەبدولواحید موشیر دزەیی (2009) واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکی) چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

35– عەبدولواحید موشیر دزەیی (2010) واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر.

36– عەبدولواحید موشیر دزەیی ، (2013) وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ، ژمارە (109)، هەولێر.

37- عێزەدین مستەفا رەسول ، (1971) سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی (سلمان العظمي)، بەغدا.
38- غازی عەلی خورشید (2011)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخش سەردەم، سلێمانی.
39- غازی فاتح وەیس ، فاضل مجید (1987) زمان وئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
40- غازی فاتیح وەیس (1984) فۆنەتیك ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری ولاوانی (ناوچەی کوردستان)، ژ-1 .
41- فاروق عمر سدیق (2011) لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.
42- فەرشید شەریفی (2007) فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (ئینگلیزی-فارسی-کوردی) چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
43- فتاح مامە (2007) لە بارەی زمانەوانییەوە، کۆلێجی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەدین.
44- فوئاد حەمە خورشید،( 1985 ) زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ، و:حەمە کەریمی هەورامی ، چاپخانەی افاق عربیه، بەغدا.
45- قەیس کامل تۆفیق (2007) ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
46- ك ك کوردۆیڤ، رێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی وسۆرانی، و: کوردستان موکریانی (1984) ، هەولێر.
47- کامیل حەسەن بەسیر (1978) زاراوەی کوردی، کۆلێجی ئاداب بەشی زمانی کوردی.
48- کەریم مستەفا (2006) 7 وانەی فەلسەفی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
49- کەمال جەلال غەریب (2012) پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

50- کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان ،(2006) واتا سازی، و: د.یوسف شەریف سەعید ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

51- کوردستان موکریانی (2004) سینتاکسی ڕستەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر.

52- کوروش سەفەوی ،(2006) چەند لایەنێکی واتاسازی، و. دلێر سادق کانەبی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

53- کۆمەڵێك نووسەر ،(2009) مۆدێل ومۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەمەدی مەحوی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

54- لیژنەی زمان و زانستەکان (1976) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

55- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (2011) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

56- لیژنەی وەزارەتی پەروەردە (2008) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

57- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2004) زمان وئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، چاپی پێنجەم.

58- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2005) زمان وئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، چاپی دووەم.

59- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2007) زمان وئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپی یەکەم.

60- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2008) زمان وئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دەهەمی ئامادەیی، چاپی دووەم.

61- محەمەد مەعروف فەتاح (1990)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر.

62- محەمەد مەعروف فتاح (2010) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن و شێروان میرزا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

63- محەمەد مەعروف و سەباح رەشید (2006) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

64- محەمەدی مەحوی (2001) زمان و زانستی زمان (سەرەتایەك بۆ زمانناسی) بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

65- محەمەدی مەحوی (2009) زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

66- محەمەدی مەحوی (2009) زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە ، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

67- محمد معروف فتاح (2011) زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

68- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (2013) زمانی ستانداردی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر .

69- نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (1982)، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

70- نوری عەلی ئەمین (1956) قەواعیدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا.

71- نیعمەت عەلی سایە(2004) ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

72- یدالله موقن (2006) زبان ،فکرو اندیشە، و.رەحیم سورخی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

73- وریا عمر ئەمین (2004) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

**ب- گۆڤار:**

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1975) لیکسیکۆلوژی زمانی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم ، بەشی دووەم، چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد.

2- تۆفیق وەهبی (1940) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (6،5) چاپی دووەم، (2007) سلێمانی.

3- رەفیق شوانی (1998) کاریگەری بزوتنەوەی کورد وفراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە (127)، هەولێر.

4- ڕێبین رەسول ئیبراهیم (2005) سیمۆلۆژیا و زمان، گۆڤاری سپی تر، ژمارە (6)، سلێمانی.

5- غازی فاتیح وەیس (1985) جیاوازی نێوان فۆنیم و مۆرفیم، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (107).

6- فاروق عمر سدیق (2013أ) پێز و بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (42) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

7- فاروق عمر سدیق (2013ب) جێپەنجەی فرێزی بە لێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (43) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

8- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید (2013) بڵاوبوونەوەی زارو زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(26)، هەولێر.

9- فتاح مامە (2004) تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (13)، سلێمانی.

10- کامیل حەسەن بەسیر (1974) زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

11- کامیل حەسەن بەسیر (1986) پێناسینی زاراوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(111)، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.

12- کەمال فوئاد (1971) زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە (4)، چاپخانەی دار السلام، بەغدا.

13- لیژنەی زاراوەی کۆڕ (1975)، لیستەی چوارەم – زاراوەی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (سێ)، بەشی (یەك)، بەغدا.

14- مەسعوود محەمەد (1973) بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

15- مەسعود محەمەد (1986) زاراوەسازی پێوانە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (111)، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.

16- محەمەد فاروق عومەر (1975) وشەسازی لە زمانی کوردیدا (سۆفێکسی ناوی ئەبستراکتی (ی) ، سۆفێکسی سیفەتی نیسبی (ی)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

17- محەمەد وەسمان (2012) ڕۆڵی ڕەگی کار لە زاراوە داناندا، کتێبی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

18- محسن عەبدالرحمان (2002)، گۆڤاری مەتین، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی، (ژ:122).

19- محمد فاروق عمر (1990) ناوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، (ژ:125).

20- محمد معروف فتاح (1982) ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، بەرگی نۆیەم، بەغدا.

21- محمد معروف فتاح (1989) وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (124)، بەغدا.

22- محمد معروف فتاح (1990) هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125).

23- مستەفا زەنگەنە (2003) پێناسەکانی وشە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (169)، هەولێر.

24- هیوا ئەحمەد و عومەر ئەحمەد (2013) شیکردنەوەی هەندێك وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (24)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

25- نەریمان خۆشناو (2009) زمان و بیر ، گۆڤاری زماننناسی ، ژمارە (3)، هەولێر.

26- یوسف شەریف سەعید (2012) ئاشنابوون بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ لێکگەیشتن وچارەسەرکردنی کێشەکان، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانسیتیی زمان کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**پ- نامەی زانکۆی:**

1- ئازاد ئەحمەد حسێن (2001) ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

2- ئەبو بەکر عومەر قادر (2003) بەراوردێکی مۆرفوسنیتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە) کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3- بازیان یونس محی الدین (2009) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بەئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

4- بەکر عومەر عەلی (1992) بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

5- بێخاڵ عەبدوڵا سعید (1989) واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین.

6- تابان محەمەد سەعید حەسەن (2008) گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

7- چۆلی ئەسعەد جراد (2013) زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

8- حاتەم ولیا محەمەد (2000) فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

9- سازان زاهیر سەعید (2009) پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووکردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

10- شێرکۆ حەمە ئەمین قادر (2002) مۆفیمە بەندە لێکسکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

11- عەبدوڵا عەزیز محەمەد (1990) گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردی، نامەی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین.

12- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2004) واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندا، نامەی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە) کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

13- عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم (2014) وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە) فاکەڵتی زمان وزانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

14- فەتاح مامە عەلی (1998) ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا (بلاّو نەکراوە) کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

15- کەوسەر عەزیز ئەحمەد (1990) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە) کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

16- لیمۆ محمود توفیق (2012) دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرا نەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆیی و دوور لێوەی، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە) فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

17- مستەفا ڕەزا مستەفا (2013) ناوی ئەبستراکت وپێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

18- نەرمین عومەر ئەحمەد (2010) بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە) کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

19- هۆگر محمود فرج (1999) بوارە واتایی یەکان، نامەی ماجستێر (بلاّو نەکراوە) زانکۆی سلێمانی.

**ت- وانەی خوێندنی بالاّ وچاوپێکەوتن:**

1- پ. د. فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خوێندنی بالاّ - ماجستێر ( لێکسیکۆگرافیا ).

2- پ. د. فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خوێندنی بالاّ - ماجستێر ( لێکسیکۆلۆجی ).

3- پ. د. فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خوێندنی بالاّ - ماجستێر ( زاراوە سازی ).

4- پ. د. فاروق عومەر سدیق: وانەکانی خوێندنی بالاّ - ماجستێر ( مۆرفۆلۆجی ).

5- پ. د. فاروق عومەر سدیق: چاوپێکەوتن ( 19 / 4 / 2016 ) - زانکۆی سلێمانی.

## 2- به زمانی عەرەبی:


1- إبراهيم انيس (1975) دلالة الالفاظ، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة.

2- إبراهيم أنيس (1995) في اللهجات العربية، مكتبة الانجلو، الطبعة التاسعة، مصر.

3- احمد بن محمد المعتوق (2000) المصطلحات العلمية العربية: مكانتها من الرصيد اللغوي وطرق تنمية، محصول الناشئة منها، مجلد جامعة الملك سعود، المجلد 12، الاداب2، الرياض، المملكة العربية السعودية.

4- احمد محمد المعتوق (1996) الحصيلة اللغوية (أهميتها-مصادرها-وسائل تنميتها) عالم المعرفة، الكويت.

5- احمد مختار عمر (1982) علم الدلالة، مكتبة دار العروبة، جامعة الكويت.

6- احمد مختار عمر (1998) علم الدلالة ، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، القاهرة، مصر.

7- ادريس بن الحسن العلمي (2002) في الاصطلاح، الطبعة الأولى، مطبعة دار النجاح الجديدة، الدار البيضاء.

8- أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية (2005) علم المصطلح لطلبة العلوم الصحية والطبية، مع معهد الدراسات المصطلحية، فاس، المملكة المغربية.

9- جلوريا ج-بوردن، كاثرين س. هارس، لورانس ج. رافائيل، ترجمة: محي الدين حميدي (1998) اساسيات علم الكلام، الطبعة الأولى.

10- جمال حمود (2009) فلسفة اللغة عند لودفيغ فيغنشتاين، الطبعة الأولى، بيروت.

11- جوديث غرين (1992) التفكير واللغة، مطبعة الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

12- جون أي جوزيف ونايجل لف وتولبت جي تيلر، الترجمة: أحمد شاكر الكلابي، (2006) اعلام الفكر اللغوي (في القرن العشرين)، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديدة المتحدة.

13- خليل احمد عمايرة (2004) المسافة بين التنظير النحوي والتطبيق اللغوي، مطبعة دار الكتب.

14- د.ماجدة توماس حانة، ترجمة: د.ماري شهرستان (2008) اللغة والآتصال في الخطاب متعدد المعاني، الطبعة الأولى، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا.

15- روي هاريس وتولبت جي تيلر، الترجمة: أحمد شاكر الكلابي، (2004) اعلام الفكر اللغوي (من سقراط الى سوسير)، الجزء الاول، الطبعة الأولى، مطبعة دار الكتاب الجديدة المتحدة.

16- ستيفن أولمان ترجمة: دكتور كمال بشر (1986) دور الكلمة في اللغة، الطبعة الثانية عشر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

17- عبد الصبور شاهين (1980) في العلم اللغة العام، الطبعة الثالثة.

18- ف.بالمر، ترجمة: مجيد عبد الحليم الماشطة (1985) علم الدلالة، كلية الاداب، الجامعة المستنصرية، بغداد ، العراق.

19- ف.ف. بوغوسلوفسكي وأغ كوفساليوف وأ أ سياتوف، الترجمة: جوهر سعد (1997) علم النفس العام، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، سوريا.

20- فاخر عاقل (1987) أصول علم النفس وتطبيقاته، دار العلم للملايين، بيروت.

21- كوردستان موكرياني (1989) قواعد اللغة الكردية، بغداد.

22- محمد احمد ابو الفرج(1966) فقه اللغة، الطبعة الأولى، بيروت.

23- محمد داود محمد (2009) جدلية اللغة والفكر، دار الغريب، القاهرة.

24- محمود السعران(2008) علم اللغة مقدمة للقارئ العربي، منشورات دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

25- مها خير بك ناصر (2010) حركية المصطلحات النحوية بين شرعية التداول وعملية الابتكار، مجلة الممارسات اللغوية، العدد(صفر)، الجزائر.

26- موفق الحمداني (1982) اللغة وعلم النفس، مطبعة مديرية دار الكتب، بغداد.

27- ميلكا أفيتش، الترجمة: د.سعد عبد العزيز مصلوح و د.وفاء كامل فايد (1996) اتجاهات البحث اللساني، طبع بالهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية.

28- نوال محمد عطية (1975) علم النفس اللغوي، الطبعة الأولى، كلية التربية، جامعة عين الشمس.

29- نوري جعفر(1971) اللغة والفكر، النشر والتوزيع، مكتبة التومي.

30- يوسف القطامي وعبد الرحمن العدس (2002) علم النفس العام، الطبعة الأولى، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان.

**3- به زمانی فارسی:**

1- طلعت بصاری (1348) دستور زمان فارسی، چاپ دوم، ناشر: کتابخانة طوري، تهران.

**4- به زمانی ڕوسی:**

1- ئی. ڤی. ئارنۆلد (1959) لیکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ.

2- ئۆ. س. ئەخمانۆڤا (1966) فەرهەنگی زاراوە زمانێکان، مۆسکۆ.

3- د. ئی. رۆزینتاڵ، م. أ. تیلینکۆڤا (1976) فەرهەنگی رابەری زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ.

4- ر. أ. بوداگۆڤ (1953) لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیدا، مۆسکۆ.

5- ن. م. شانسکی (1972) لێکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی رووسی، مۆسکۆ.

6- ن. ن. پرەکۆپەفیچ (1966) فرێز لە ئەمڕۆی زمانی ئەدەبی رووسیدا، مۆسکۆ.

**5- به زمانی ئینگلیزی:**

1- Chandler, D, (2007) Semiotics, the basics, 2nd edition Taylor and Francis Group.

2- George Yule, (2006) The study of Language, Third Edition, Cambridge University Press, New York, USA.

3- H. G. Widdowson (2009) Linguistics, Oxford University Press, New York, USA.

4- LEECH, CTEOFFREY (1974), Semantics, pelian.

5- Randolph Quirk (1985) A comprehensive Grammar of the English, First Published, USA, by Longman. New York.

## خلاصة البحث

تمت تهيئة هذه الرسالة بعنوان ( قيمة الفكر في توحيد المسمَى مع المسـمَي في اللغـة الكُردية ) وهي تظهر دور الفكر في عملية التسـمية واختيـار الكلمـات المناسـبة للتعـابير في اللغة الكُردية. تتكون هذه الرسالة من ثلاثة فصول فضـلا عـن المقدمـة والنتيجـة وقائمـة المصادر:—

الفصل الأول: هذا القسم بعنوان ( علاقة الفكر واللغـة وانعكاسـاتهما في عمليـة التسـمية في اللغـة الكورديـة ) يحمـل في طياتـه مجموعـة مـن المواضـيع والجوانـب ذات العلاقـة، منهـا تعريف اللغة والتفكير وتأثيراتهما على التسمية وملاحظات اللغويون حول العلاقة بين اللغة والفكر، فضلا عن توضيح النظرات الفلسفية للعلاقة بين الكلمة والشئ وأبرز خصوصـيات الاسم في اللغة الكُردية.

الفصل الثاني: تحت عنوان (عملية التسمية وعلاقة المسـمَى بالمسـمَي في اللغـة الكُرديـة)، عملية التسمية وعلاقة الاسم بالمسمَى وفق نظريـات المعنـى تم توضـيحها في هـذا القسـم، فضلا عن وجود نظرية جديدة في عملية التسمية وأنواع معانيها وتغيير معـاني الأسمـاء في

اللغة الكُردية وحاجة الانسان للتسمية لفرز الأشياء الراسخة المادية (الملموسـة) والتعـابير غير الملموسة في ذهن الانسان.

الفصل الثالث: هذا القسم تحت عنوان ( انعكاس تأثير الفكر في عمليـة التسـمية بالكلمـات والمكونات اللغوية المرادفة للكلمة وكذلك بناء الكلمة وأسماء جديـدة بصـورة تطبيقيـة في اللغة الكُردية بمساعدة اللاحق والسابق على مواد اللغة وإعـادة اسـتعمالها في اللغـة وأهميـة النص والتعبير وتوفَر الحِكم والآمثال عند التسمية).

# Abstract


This research has been prepared under the title (the value of thought in the unification of labeled and naming in Kurdish language) and it is showing the role of mind in naming and selecting the suitable words and expression in the in the language. This research contains three chapters in addition to the preface and the index besides the list of the resources.

**Chapter one:-**

The title of this chapter is (The relationship between the language and the mind and its reaction in the process of naming in Kurdish language). It contains a group of subjects and the related objects such as: the definition of language and mind and their effects on naming besides some notices of the linguists concerning the relation between the word and the object in addition to clarifying the philosophical theories that concerned the relation between the word and the object and the major characteristics.

**Chapter two:-**

This chapter is under the title (The processor of naming and the relationship between the object and its name in Kurdish language). The process of naming and the relationship between the object and its name. According to theories of meaning which is clarified here. In addition to the new theory that deals with naming and variety of meanings with the changing in nouns in Kurdish language besides the need of human beings for naming to distinguish the concrete nouns and the abstract nouns.

**Chapter three:-**

This chapter is under the title (The reflection of mind in the process of naming in words and expressions that give the same meaning and creating new practical words in Kurdish language relating the past and showing the importance of the expressions, proverbs and wisdoms in naming).